

# هەولێر وێستگەی یەکەم بۆ

سەردانی سەماحەتی موقتەدا سەدر لەسەر بانگهێشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەولێر، قۆناخێکی دیکەی هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ رزگارکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەو قەیرانەی ئێستا تێی کەوتووە، هەربۆیە بەهاتنی سەماحەتی سەدر بۆ هەولێرو گرێدانی کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بەسەرپەرشتی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی و سەماحەتی سەدرو د.ئەیاد عەلاوی و ئوسامە نجێفی، سەرەتایەکی باشە بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێراق، هەروەها رۆژانی پێشتریش کە د.عادل عەبدولمەهدی سەرکردەی دیاری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق سەردانی هەولێری کردو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو قەیرانەی ئێستا ڕووی لەعێراق کردووە نە کێشە و تەنگژەیە لەنێوان عەرەبی سونە و شیعە، نە کێشەو تەنگژەشە لەنێوان کوردو شیعە، بەپێچەوانەوە هەروەك چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین جاری دیکەش پێشتر دووپاتی کردۆتەوە، کێشەو ناکۆکیەکانی کورد لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق کێشەی تاکڕەوی دیکتاتۆریە، نەك هەر کێشە نییە لەگەڵ شیعە بەڵکو کێشەش نییە لەگەڵ شەخسی سەرۆك وەزیران، کێشەیە لەسەر مەسەلەی بونیادنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووری و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، لەمەش زیاتر سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە هاوپەیمانی نێوان کوردو شیعە هاوپەیمانیەکی ستراتیژییەو هەرگیز تێکناچێت و لەهەمانکاتدا لەگەڵ عەرەبی سونەی عێراقیش هاوپەیمانیەکی بەردەوامە.

ئەم کۆبوونەوە راوێژکارییە جارێکی دیکە ئەوەی خستەڕوو کە پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن:

١- لەعێراقی نوێدا بێجگە لەوتووێژ و دیالۆگ و ڕێگەچارەی ئاشتیانە بۆ چارەسەری کێشەو قەیرانە سیاسیەکان رێگە چارەیەکی دیکە بوونی نییەو ئەوەی ئەم پرەنسیپە ڕەتبکاتەوە، ئەوا یان ئەوەتا دەبێت بەتەنیا بمێنێتەوەو رووبەڕووی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بێتەوە بە کورد و شیعەو سونەوە، یان ئەوەتا دەبێت بگەڕێتەوە سەرمێزی دانوستاندن و پابەندبێت بەو بنەما دەستووریانەی عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە.

٢- سەلماندی پرسی هاوبەشی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق لەپرۆسەی حکومڕانی عێراقدا، پرسێکی هاوبەشە لەنێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکەو هیچ پێکهاتەیەك ڕازی نابێت، پێکهاتەیەکی دیکە پەراوێز بخرێت، هەروەها دەبێت هاوبەشی کردن لە حکومڕانیدا، هاوبەشێتی ڕاستەقینە بێت لەپرۆسەی بڕیار دروستکردن و پرۆسەی بڕیار جێبەجێکردندا.

٣- وتووێژەکانی هەولێر لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندەوە، ڕاستە حکومەتی عێراق بەپێی ئیستحقاقی کوتلەی زۆرینە لە پەرلەمان پێکهاتووە، بەڵام لەهەمانکاتدا حکومەتێکی تەوافوقیەو حکومەت لەسەر بنەمای تەوافوقی تێکڕای لایەنە سیاسییەکان پێکهاتووەو دەبێت کێشەکانیش بە تەوافوق چارەسەر بکرێت، هەربۆیە پەنابردن بۆ تاکڕەویی و پەراوێزخستنی ئەم پێکهاتەو ئەویدی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق ناکات.

٤- ئەم کۆبوونەوانەی هەولێر سەرلەنوێ جۆرێك لێکتێگەیشتنی لەنێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق دروستکردەوە، بەوەی دواخستنی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکان و



# چارەسەری قەیرانەکانی عێراق

خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستوور و تەفسیری جۆراو جۆر بۆ بڕگەو مادده دەستوورییەکان، خزمەتی پڕۆسەی سیاسیی عێراق ناکات و باشترە لەمەودوا ئەو ڕێککەوتنانەی ئیمزایان لەسەر دەکرێت دەبێت جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ڕێککەوتنی هەولێر بنەما بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق.

٥- ئەم کۆبوونەوانە ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکی بۆ کێشەی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاووڵاتیان، نەبوونی میکانیزمی دیموکراتیانەیە بۆ چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانی حکومەت، بۆیە هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پێویستە ئەم لایەنە وەك ئەولەویەت بە ڕێگەی پەنابردن بۆ میکانیزمە دیموکراتیەکان چارەسەر بکرێن.

ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێکردن تەنیا چەند خاڵێکی سەرەکی و گشتین، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هەموو لایەنە سەرەکیەکانی عێراق هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە بۆچوونەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە مەترسی تاکڕەویی و دوورکەوتنەوە لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکان بەگشتی و ڕێککەوتنی هەولێر بەتایبەتی چ مەترسییەکی لە ناخی خۆیدا بۆ ئاییندەی عێراق هەڵگرتووە، هەروەها لێکتێگەیشتنی هاوبەش لەسەر ئەو خاڵە گەوهەریەی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە دروست بووە، بەوەی عێراق بە تاکڕەوی و دیکتاتۆری حکومڕانی بکرێت شایستەی ئەوە نییە عێراقییەکان پێی ڕازی بن و قبوڵی بکەن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوەو وەك د.ئیبراهیم جەعفەریش ڕایگەیاندووە هەموو سەرۆك فراکسیۆنەکان بێجگە لە لیستی ئەلعیراقیە ڕێککەوتن کە لەسەرەتای ئەم مانگە کۆببنەوە، ئومێد دەکرێت لیستی ئەلعیراقیەش بەشداری بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێستا جۆرێك لە ئامادەباشی دروست بووە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەو ماوە گرنگەی حکومڕانی عێراقدا بکرێتەوە، کە هەر نەك نەتوانراوە حکومڕانی بکرێت، بەڵکو بۆتە هۆکارێك کە شیرازەی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنی پێکهاتەکانی عێراق بکەوێتە قۆناخێکەوە ئەگەر هەموو لایەك بە گیانی نیشتمانپەروەری و بە بڕوابوون بە عێراقی نوێ، عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووریی و فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، هەنگاو هەڵنەگرن، ئەوا پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەوێتە قەیرانێکی مەترسیدار کە نەتوانرێت دواتر بخرێتەوە سەر سکەی خۆی، لەمەش گرنگتر قۆناخی ئاییندەیە، کە جۆرێك لە گڕوتینی سیاسیی و ئامادەباشی هەمەلایەنەی دەوێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەماوەیەکی دیاریکراودا کێشەکان چارەسەر بکرێن و پرۆسەی سیاسی بخرێتەوە سەر ڕێڕەو و سکەی خۆی، ئەم گڕوتین و ئامادەباشیەش وەك پیشاندانی نیەتێکە بۆ ئەوەی بناخەی متمانە لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان و لایەنە سیاسیەکان دروست بێتەوە، کە بێگومان بناخەی هەموو متمانە دروست بوونەوەیەك پێش هەموو شتێك پابەندبوونی دەوێت بەو ڕێککەوتنەی لەهەولێر هەموو لایەنەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، هەروەها ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەوێت کە ٪٨٠ ی زیاتری عێراقییەکان دەنگیان پێداوە، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر خوانەخواستە ئەم ئامادەباشی و گڕوتینە کەموکورتی و بیانوو دۆزینەوەی تێبکەوێت، ئەوا ئەمجارەیان متمانەی نێوان پێکهاتەکان و لایەنە سیاسیەکان بەجۆرێکی ساغڵەم نامێنێتەوەو لە ئاکامدا مەزندەی هەموو ئەنجامێکی لێ دەکرێت.

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی




# ڕێز لەدەوڵەتی فاشیل ناگیرێت

## لەدەوڵەتی فاشیلدا..
## دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکان سڕدەبن
## نەدەتوانێت
## ڕێز لەپێکهاتەکانی بگرێت
## نە لە یەکپارچەیی خاکەکەی



گراهام فۆلەر سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٣ توێژینەوەیەکی لەگۆڤاری فۆرێن ئەفیرز بڵاوکردەوە، لەو توێژینەوەیەدا ئاماژە بەداهاتووی عێراق دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر هەوڵبدرێت بەڕێگەی دیکتاتۆری و هێز یەکپارچەیی ئەو وڵاتە بپارێزرێت، ئەوا وڵاتێك بەهێز یەکپارچەییەکەی بپارێزرێت ئەو وڵاتە شایەنی ئەوە نییە بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، ئەگەر لەم قسەیەی فۆلەر وردبینەوە کە دەساڵ پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو نووسیویەتی، ئەوە بووە ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ئەولەویەت بدرێتە یەکپارچەیی عێراق، بەبێ ئەوەی پێ لەسەر ئەوە دابگیرێتەوە کە عێراقی نوێ لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی مەدەنی دەستووریی و ئارەزوومەندان بونیاد بنرێتەوە، ئەوا تەنیا هێزێك بتوانێت ئەم دەوڵەتە بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، دیکتاتۆر و زەبری هێز دەبێت. بۆیە ئەگەر بەرنامەی بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووری سەرکەتوو نەبوو، ئەوا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل و دەوڵەتی فاشیلیش شایستەی ئەوە نییە بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، هەربۆیە کاتێك بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت ئیتر بەسە و ناتوانین لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی بژین و دەبێت گەلی کوردستان خۆی بڕیاری خۆی بدات، ئەمە تەنیا مەسەلەیەك نییە تایبەت بێت بەهەرێمی کوردستان یان پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لەعێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە، ئەوا بانگێشە بۆ گەلی خۆی دەکات بۆئەوەی جارێکی دیکە لەژێر ستەمی دیکتاتۆری نەژی، بۆ ئەمەش بەڕێز مسعود بارزانی بواری بەسەرکردە عێراقیەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیدارەی ئەمریکاش داوە بۆئەوەی عێراق لەتاکڕەویی و دیکتاتۆریەت ڕزگار بکرێت و عێراق ئەو دەوڵەتە مەدەنییە بێت کە دامەزراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی توانای وەڵامدانەوەی خواستی عێراقیەکانیان هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە و دروستبوونی دەوڵەتی فاشیل دوای ڕووخانی ڕژێمێکی تۆتالیتاری سەربازی یان دوای شەڕی ناوخۆ، هەر چوار پرۆفیسۆر (ئەرمین ڤۆن بۆگدانی و ستیفان هاوبلر و فلیکس هانسمان و ڕافایل ئۆتز لەدیراسەتێکی هاوبەشیاندا بەناونیشانی (بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە و پرۆسەی دەستووری لەوڵاتی دوای



تەنگـــژەکان State-Building، Nation-Building، and Constitutional Politics (in Post-Conflict Situations ئاماژەیان بەوەکردووە دوای شکستی سەربازی ڕژێمێکی سیاســـی تۆتالیتار یان شەڕی ناوخۆ، یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکان لەپرۆسەی بونیادنانەوە و پرۆسەی دەستووری وڵات ئەوەیە: ئایا وڵات پێویستی بەبونیادنانەوەی دەوڵەتە یان هاوکات پێویستی بەبونیادنانەوەی نەتەوەشە؟ بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرفتەکە تەنیا لەزاراوەکاندا نییە، بەڵکو گرفتەکان بابەتین.

ئەو پرسیارەی ئەو چوار پرۆفیسۆرە سەبارەت بەپرۆســـەی دەســـتووری و بونیادنانـــەوەی بارودۆخی دوای تەنگـــژەکان وروژاندویانە، وەك خۆیـــان ئاماژەیان پێکردووە تەنیا گرفت لـــەزاراوەکان نییـــە بـــەوەی ئایا پرۆســـەی بونیادنانی دەوڵەت و پرۆسەی بونیادنی نەتەوە پێکەوە دەست پێبکەین یان نە، بەڵکو گرفتەکان بابەتین و پێوەندیان بە بەرجەستەکردنی مانای پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و بونیادنانەوەی نەتەوەوە هەیە، ڕاشـــکاوانەتر ئەوان پێیانوایە پێویستە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە (لێرەدا پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە زیاتر بەمانای بەرجەستەکردنی مافی هاووڵاتیبوون هاتووە نەك نەتەوەیەکی دیاری کـــراو)، تەواوکاری پرۆســـەی بونیادنانـــەوەی دەوڵـــەت بێـــت،

**کاتی ئەوە هاتووە ئیدارەی ئۆباما باشتر لەبۆچوون و تێڕوانینی کورد بەرامبەر عێراق تێبگات و هەوڵبدات لەنزیکەوە زیاتر لەگەڵ کورد کار بکات**

دەوڵەتی نوێ ئـــەو دەوڵەتە مەدەنییە بێت کە لەمیانەی هەڵســـوڕاندنی دامەزراوە سیاسی و دەســـتوورییەکانییەوە توانای ئەوەی هەبێت وەڵامی خواستی خەڵکەکەی بداتەوە، خواستی خەڵکیـــش هەر لەســـەلماندی ناســـنامەی نەتەوەیـــی، ڕێزگرتـــن لەمافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیـــان و پێکـــەوە کارکردنی پێکهاتە جیاوازیـــە نەتەوەیی و ئایینەکان و لەســـەروو هەمووشـــیانەوە بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری ســـەربەخۆ بۆئەوەی وەك حەکەم ئەو کێشە و تەنگژانەی لەنێوان پێکهاتەکان دروســـت دەبن لەچوارچێوەی دەستووری مەدەنی ئەو وڵاتە چارەسەری بکەن، بەڵام زۆر جار کە دامەزراوە سیاســـی و دەســـتوورییەکان ئـــەم توانایەیان نابێـــت، دەوڵەتی تـــازە وەك دەوڵەتێکی لاواز دەردەکەوێـــت و بۆ پڕکردنـــەوەی ئەم لاوازییە پەنـــا بۆ تاکـــڕەوی و دیکتاتۆریەت دەبرێت، ئەمانـــەش پێکـــەوە هەنگاو بـــەرەو دەوڵەتی فاشیل و بەرپابوونی توندوتیژی و کاردانەوەی توندوتیـــژی هەڵدەگرێت، هەربۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیراسەتەی ئاماژەمـــان پێکـــرد، ئـــەوا دەوڵەتەکە بەرەو فاشیلبوون هەنگاو هەڵدەگرێت، لەم بارەوە لەو دیراســـەتەدا بەمجۆرە باسی دەوڵەتی فاشیل کراوە:

((دەوڵەتی فاشیل بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە دامەزراوە گشتیەکانی نەیانتوانیووە بەرهەمی سیاسی گونجاو پێشکەشی هاووڵاتیانی بکات، هەربۆیە ئەم حاڵەتـــە دەبێتە هۆکاری ئەوەی شـــەرعیەتی دەوڵەت بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەربۆیە دەوڵەت بە فاشـــیل لەقەڵەم دەدرێت ئەگەر نەتوانێ ((ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات، سیســـتەمێکی دادوەری سەربەخۆی نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەتوانێت ژێرخانی وڵات ڕێکبخاتەوە، نەتوانێت جۆرێك لەچاودێری کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، لەمەش گرنگتر نەتوانێت لەپرۆسەی حکومڕانیـــدا گیانی هاوبەشـــی سیاســـی بچەسپێنێت)).

ئەم دیراســـەتە کە نە لەدوور نە لەنزیك لەسەر عێراق نەنووسراوە، بەڵام لەپێناسەی بۆ دەوڵەتی فاشیل وەك ئەوەیە باسێك بێت تایبەت بەعێراق نووسرا بێت، بۆیە لەدرێژەی ئەم توێژینەوەیەدا و سەبارەت بەو ئاکامە نگێتیڤانەی لەدەوڵەتی فشـــیل دەکەوێتەوە، بۆیـــە ئاکامەکانیان بەم چەند خاڵـــە ئاماژە پێکردووە کـــە دەوڵەتی فاشیل ڕووبەڕووی دەبێتەوە:

١- لەدەوڵەتی فاشیلدا پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەبری ئەوەی پێکەوە ئارەزوومەندانە بژین و پێکەوە کاربکەن، لێك دوور دەکەونەوە.

٢- دەوڵەتی فاشـــیل توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی خۆیی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی نییە.

٣- لەدەوڵەتی فاشیلدا بەردەوام توندوتیژی و ئەنجامدانی تاوان بەشێوازی توندوتیژی ڕوو لەهەڵکشانە.

٤- لەدەوڵەتی فاشیلدا دامەرزاوەکان گەندەڵ دەبـــن و ناتوانن خزمەتگوزاری پێشکەشـــی هاووڵاتیـــان بکەن، دروســـت وەك ئێســـتای دەوڵەتـــی عێراق لـــەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە زیاتر لەیەك ترلیۆن دۆلاری

**لەدەوڵەتی فاشیلدا پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەبری ئەوەی پێکەوە ئارەزوومەندانە بژین و پێکەوە کاربکەن، لێك دوور دەکەونەوە**



لەبەردەست بووە، بەڵام هێشتا خزمەتگوزاری و ئاو کارەبا بوونی نییە.

٥- لەدەوڵەتی فاشیلدا ژێرخانی وڵات هەرەس دێنی و هەژاری و بێکاری بڵاو دەبنەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، بەرهەمی توێژینەوەو دیراسەتێکی ئەکادیمی مەیدانییە کە پۆلێك تایبەتمەند پێی هەستاون، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەوڵەتی لاواز یان فاشیل مەرج نییە هەموو ئەو خاڵانەی تێدابێت کە ئاماژەیان پێکراوە، بەڵکو دەوڵەتان هەیە وەك کۆریای باکوور، بیلاروس، عێراقی پێش ٢٠٠٣، کۆلۆمبیای سەردەمی پۆل پۆت، لەم دەوڵەتانە توانراوە بەزەبری هێز و دیکتاتۆری هەیکەلی دەوڵەت ڕابگیرێت، بەڵام دەوڵەت نەیتوانیووە خزمەتگوزاری پێویست بۆ خەڵکەکەی دابین بکات یان نەیتوانیوە هەماهەنگی و هاوکاری و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندان بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی دروست بکات، بۆیە وێڕای ئەوەی ئەو دەوڵەتە بەهێز دەردەکەوێ، بەڵام لەگەڵ بچووکترین گۆڕانکاریدا هەمووی لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە.

کەواتە ئاماژەکردنمان بۆ ئەم باکگراوندە بۆئەوەیە دوو خاڵی سەرەکی بوروژێنین:

یەکەم- بونیادنەوەی عێراقی نوێ لای کورد بریتییە لەوەی عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی دەستووری فرەیی ئارەزوومەندانە بێت، ئەگەر عێراق ئەم دەوڵەتە بێت ئەوە کورد لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا نەك هەر توخمی سەرەکی بووە بۆ بونیادنانەوەی ئەم دەوڵەتە، بەڵکو زۆرجار ئەم دەوڵەتەشی لەکارەسات و هەڵدێر پاراستووە، بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، دیسان ڕێککەوتننامەی هەولێر کە بەرهەمی دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی-یە، بنەمایە و ئێستاش ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت عێراق لەهەڵدێری دیکتاتۆری و بوونی بەدەوڵەتێکی فاشیل ڕزگار دەکرێت.

دووەم: ئێستا هەموو ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیع ئاماژە بەوە دەکەن، کە عێراق بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەچێ و دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی ڕێگرن لەوەی عێراق بگەڕێنرێتەوە بۆ دەوڵەتی دامەزراوەیی دەستووری و بکرێتەوە بەدەوڵەتێکی مەدەنی دەستووری فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بۆیە کاتێك ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت دەبینەوە، ئەوا هیچ گەرەنتیەك نامێنێت بۆئەوەی یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت، وەك دیراسەتەکانیش ئاماژەیان پێکردووە، دیکتاتۆرەکان چەند بەهێز بن و چەند دەوڵەت بە بەهێزی پیشان بدەن، لەگەڵ هەرتەسهێنانی دیکتاتۆر هەموو دەوڵەت پێکەوە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت، لەم حاڵەتەشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانییەتی لەم بارودۆخەدا، بۆ بڕیاردان لەچارەنووسی ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە بۆ گەلەکەی خۆی هەتا بڕیاری خۆی بدات و نەبێتە بەشێك لەو پاشا گەردانییەی کە لەئاکامی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی لەعێراقدا دێتە ئاراوە.

### وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی بارزانی
### ئایا کاتی ئەوەیە کورد بڕیاری چارەنووس بدات؟

ڕالف پیتەرز گەورە تۆژەری ستراتیژی و ئەفسەری خانەنشینی سوپای ئەمریکا کە ئێستا یەکێکە لەنووسەرانی ڕۆژنامەی نیویۆرك پۆست، لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا کە لەم مانگەدا سەبارەت بەگرنگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما لێمان کردبوو، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، هێشتا ئەمریکا وەك پێویست لەوە تێنەگەیشتووە کوردی عێراق چیان دەوێت و ئامانجیان چیە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئیدارەی ئۆباما باشتر لەبۆچوون و تێڕوانینی کورد بەرامبەر عێراق تێبگات و هەوڵبدات لەنزیکەوە زیاتر لەگەڵ کورد کار بکات، ئەم بۆچوونەی پیتەرز بۆچوونێکی دیکەی لیسلی گلپ سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەمان بیردێنێتەوە، کە ئەویش لەسەردەمی ئیدارەی بوش لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا پێی ڕاگەیاندین، هێشتا کۆنگریسمان و سیناتۆرەکانی ئەمریکا لەژێر گوشاری دەوڵەتانی عەرەبیدا لەبیرۆکەی فیدرالیزم بۆ عێراق و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەدەوڵەتی عێراق دەترسن و پێیانوایە فیدرالیزم عێراق پارچە پارچە دەکات، لەمەش گرنگتر پێی گوتین من سێ ساڵە لەسەر ئەم پرسە کاردەکەم تەنیا توانیوومە جۆزیف بایدن(کە ئەوکات بایدن سەرۆکی ئەنجوومەنی پێوەندیەکانی دەرەوە بوو لەسەنات) و چەند سیناتۆرێکی کەم بگەیەنمە قەناعەت بەوەی فیدرالیزم هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی عێراق دروست ناکات، بۆیە لیسلی گلپ ڕێنوینی

**ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەوا عێراق لەهەڵدێری دیکتاتۆری و بوونی بەدەوڵەتێکی فاشیل ڕزگاری دەبێت**

کردین بەوەی پێویستە ئێوە وەك کورد هەوڵبدەن عەرەبەکان بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی بەبیرۆکەی فیدرالیزم ڕازی بکەن، ئەم قسە ڕاشکاوانەی گلپ و پیتەرز کە هەردووکیان بەزمانی ئینگلیزی وەك خۆی لەبەشی ئینگلیزی ویبسایتی گوڵان هەیە، ئاماژەن بۆئەوەی لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جۆرە لێك تێنەگەیشتنێك سەبارەت بەبۆچوون و بیرکردنەوەی کورد سەبارەت بەئاییندەی عێراق و ناوچەکە هەیە، کە وەك هەندێك چاودێر ئاماژەی پێدەکەن لەوانەیە بۆچوونی کورد سەبارەت بەئاییندەی عێراق و ناوچەکە، لەگەڵ بۆچوونی فەلەستینییەکان و عەرەب بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵکرابێت، ڕاشکاوانەتر لەوانەیە بەوجۆرە تەفسیر و شرۆڤە بۆ هەڵوێستەکانی سەرۆکی کوردستان کرابێت، بەوەی کورد نایەوێت لەگەڵ عەرەب و تورك و فارس بژی، هەروەك چۆن عەرەبی فەلەستین نایەنەوێت لەگەڵ جولەکە بژین، ئەوجا دەوڵەتی ئیسرائیل دیموکراتی بێت یان دیکتاتۆری، بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە و پێویستە ڕاستبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کورد نە هەستیاری بەرامبەر پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەب هەیە، نە بەرامبەر تورك و فارس هەیەتی، ئەوەی هەستیاری زیاد لەپێویستی ناسیۆنالیستانەی هەیە ئەو دەوڵەتانەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و نایەنەوێت ئەو مافە بەکورد ڕەوا ببینن کە لەناو خاکی خۆی کە بەزۆر لکێنراوە بەدەوڵەتانی دیکەوە بەئازادی و لەچوارچێوەی مافی هاوولاتیبووندا بژی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و وەك هەوڵێك بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی بەڕێز مسعود بارزانی لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی نیسان ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی کردەوە بەوەی ئایا ئێستا بارودۆخەکە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەبارە یان نە؟ ئەوا لەو وەلامدا دەڵێین، ئەم پرسیارە پێویستی بەپرسیارێکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە، کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی خاوەنی ئەو دەستپێشخەرییە بێت کە ڕێککەوتنی هەولێری

**گەلی کورد نە توندڕۆیی ناسیۆلیستی بەرامبەر هیچ گەلێك لەو گەلانە هەیە کە پێکەوە لەسەر خاکێك دەژین. نە ڕەتیشیان دەکاتەوە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانییەتی لەم بارودۆخەدا بۆ بڕیاردان لەچارەنووسی ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە بۆ گەلەکەی خۆی هەتا بڕیاری خۆی بدات و نەبێتە بەشێك لەو پاشا گەردانییەی کە لەئاکامی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی لەعێراقدا دێتە ئاراوە**

لێ بەرهەم هات و بووە بنەما بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق و دامەزراندنی حکومەتی ئێستای عێراق، ئایا چی وای لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد لەپەیامەکەی نەورۆز لەهەولێر و ئەنکەرا و واشنتۆن، ڕاشکاوانە بڵێت ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا هەموو کێشەکان چارەسەرنەکرێن، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات؟ هەوڵدان بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئێمە لەئاکامی پرسیارەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەیوروژێنین، دەبێتە وەلام بۆ ئەو پرسیارەی ئایا ئێستا کاتی گونجاوە بۆ ئەو بڕیارە یان نە؟

### قبوڵکردنی دیکتاتۆریەت خۆ دیلکردنە

بارزانی نەمر کە لەساڵی ١٩٤٣ شۆڕشی دووەمی بارزانی وەك شۆڕشێکی نەتەوەیی ڕاگەیاند و لیژنەی ئازادی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شۆڕشە دامەزراندن و پاشانیش هەر پێشمەرگە و سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە بوونە سەربازی پارێزەری کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد، لەیەکەم نامەی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشا، بارزانی نەمر ئاماژەی بەوەکردووە کە شۆڕشی کوردستان دژی گەلی عەرەب لەعێراق و گەلی عەرەب لەنیشتمانی عەرەبی نییە، بەڵکو شۆڕشێکە دژی ئەو زوڵم و زۆرەی کە ڕژیمی دەوڵەتەکان دژی کورد پیادەیان کردووە، ئەم پەیامەی بارزانی نەمر لەکاتێکدا بووە کە هێشتا شەڕی دووەمی جیهانی تەواو نەبووە و، وەك مێژووش پێمان دەڵێت شەڕی دووەمی جیهانیش بەهاوشێوەی شەڕی یەکەمی جیهانی شەڕی نێوان گەلان بووە نەك شەڕی نێوان دەوڵەتەکان، هەربۆیە کاتێك سۆڤیەت بەرلینی بەفڕۆکە بۆمباباران دەکرد هەموو هاوولاتیەکی ئەڵمانی بەدوژمن حساب دەکرا، کاتێك هیتلەر پاریس و لەندەنی بەفڕۆکە بۆمباران دەکرد هەموو فەرەنسیەك و ئینگلیزێکی بەدوژمنی گەلی ئەڵمانیا دەزانی، ئەمریکاش کە بۆمبی نیوکلیاری لەسەر هێرۆشیما و ناگازاکی تاقی کردەوە، گەلی ژاپۆنی بەدوژمنی گەلی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەقەڵەمدەدا، هەربۆیە کاتێك بارزانی نەمر لەگەرمەی شەڕی دووەمی جیهان ئەو پەیامە بەرزەی ڕاگەیاندووە، هیچ کەسێك لەم جیهانە نەیتوایوە وەك بارزانی نەمر بیر بکاتەوە، ئاماژەکردنیشمان بۆ ئەم پەیامە بەرزەی بارزانی نەمر بۆئەوەیە کە بیسەلمێنین کە گەلی کورد نە توندڕۆیی ناسیۆلیستی بەرامبەر هیچ گەلێك لەو گەلانە هەیە کە پێکەوە لەسەر خاکێك دەژین، نە ڕەتیشیان دەکاتەوە، بەڵکو بەرجەستەکردنی بوونی نەتەوەیی کورد لەدانپێدانان و ڕێزگرتنی گەل و نەتەوەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، هەروەها بەدرێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستانیش هەوڵی بۆ ئەوەبووە، گەل و نەتەوەکانی لەگەڵیان دەژی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هێزی نەتەوەیی ئێوە لەوەدایە دان بەنەتەوەکانی غەیرە خۆتان بنێن، نەك هەوڵبدەن بیانتوێننەوە، ئەم بیرکردنەوە و بۆچوونە ڕەسەنەی بارزانی نەمریش کە بۆتە بەرنامە بۆ هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەم لەگەڵ پەیامە ئاسمانییەکان بەتایبەتی پەیامی پیرۆزی ئیسلام یەکدەگرێتەوە، بەوەی بەزۆر گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کارێکە دژی ئیرادەی خوا، لەبەر ئەوەی ئەگەر خوا بیویستایە کورد عەرەب بێت یان فارس بێت یان تورك یان هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئەوا خوا خۆی ئەو کارەی دەکرد و بەجێی نەدەهێشت بۆ بەندەکانی وەك دەفەرمووێت: (ولو شاء ربك لجعل الناس أمة واحدة)، کەواتە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کارێکە دژ بەئیرادەی پەروەردگار، بەهەمان شێوە دژی یاسا دانراوەکانی دەستی مرۆڤ و پرانسیپە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤیشە، بۆیە بۆ کورد جێگەی شانازییە کە ئەم هەستیارییە ناسیۆنالیستیەی بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە نییە و، بەو ئاستە توندڕۆیی نەتەوەیی

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕازیبوو لەسەر سەربەخۆیی کۆسۆفۆ لەبەرئەوەی ئاستێکی بەرز لەپێشێلکاری لەمافەکانی مرۆڤی تێدا ڕوویدا**



نییە کە نەتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بژی، بۆیە داواکردنی کورد بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس و دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ ئەوەی مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی مەدەنی و دەستووری و فرەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوە، ئەوا لەم قۆناخە کورد هاوکار دەبێت بۆ بونیادنانەوەی ئەو دەوڵەتە، بەڵام ئەگەر بونیادنەوەی عێراق بەلاڕێدا ببرێت و زەمینە بەو ئاراستەیە خۆش بکرێت کە سەرلەنوێ دیکتاتۆرێکی دیکە لەعێراقدا زیندوو بێتەوە، ئەوا دەبێت گەلی کوردستان بەجیاوازی ئایین و نەتەوەو بیروبۆچوونی سیاسییەوە دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بڵێین (ئیتر بەسە تاکڕەویی و دیکتاتۆری) دەبێت گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، بۆیە لەم حاڵەتەدا و وەك وەڵامدانەوەیەکی ڕۆژنامەوانیانە بۆ پرسیارەکەی سەرۆکی کوردستان، وەڵامەکە دەکەینە دوو ئاست بەمجۆرە:

١- ئەگەر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق هەموو بێنە پێشەوە و تەواوی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکەن و پابەند بن بەجێبەجێکردنی دەستووری عێراق و بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بۆ حکومڕانی لەعێراقدا، ئەوە مانای ئەوەیە هەموو پێکەوە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەگێڕنەوە سەر سکەی خۆیی و عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووری و فرەلایەنی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە دووبارە بونیاد دەنرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە گەلی کوردستان دەتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات و مافەکانی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوا پاراستنی دەسکەوتەکان وا دەخوازێت وەك هەرێمێکی فیدرالی لەچوارچێوەی عێراقی نوێدا بمێنینەوە.

٢- بەڵام ئەگەر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، ئەوجا لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی پرۆسەی سیاسی عێراق ڕاستبکەنەوە و سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق هەر بەردەوام بێت لەسەر تاکڕەوی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیکتاتۆریەت و نەشتوانرێت متمانەی لێ بسەنرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتە نابێت کات بەفیرۆ بدرێت، لەبەر ئەوەی بەفیرۆدانی کات لەبەرژەوەندی خۆ چەسپاندی زیاتری دیکتاتۆریەت دەبێت و عێراقی نوێ بوونی نامێنت، لەم حاڵەتەشدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێجگە لەگەڕانەوە بۆ گەل و بڕیاردانی گەلی کوردستان ڕێگەچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێت، ئەوجا ئاکامی ئەو بڕیارەش هەر شتێك بێت، دەبێت گەلی کوردستان شانی بداتە بەر و خۆی لەبەردەمدا ڕابگرێت.

## دەوڵەتی مەدەنی و بونیادنانەوەی دەوڵەت

هەرێمی کوردستان ماوەی نزیکەی دوانزە ساڵ دەوڵەتێکی دیفاکتۆبووە و هیچ پێوەندیەکی بەناوەندەوە نەبووە، لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا کە لەژێر باری دوو گەمارۆی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی عێراقیشدا بووە، نەك نەبووە هەرێمێك بۆ هەڕەشە بۆسەر دەرو دراوسێکانی، بەڵکو بووە هیوایەك بۆ بونیادنەوەی عێراق لەسەر شێوازی هەرێمی کوردستان، ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بەهەموو کەموکورتیەکانییەوە نموونەی دەوڵەتێکی مەدەنی بوو، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی بارێکی سەقامگیر و ئاسایشی دابین کردبوو، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەك لەشێوەکان و بەپێی ئەو ئیمکانییەتە کەم سنووردارەی لەبەردەستی بوو توانیبووی ژێرخانی وڵات بونیادبنێتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی بەئایین و نەتەوەوە پێکەوە دەژیان و پێکەوە حکومڕانی کوردستانیان دەکرد، هەر ئەمەش وایکرد کە ئەم هەرێمە سەرنجی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆخۆی ڕابکێشێت، سەبارەت بەم لایەنە و گرنگی دەوڵەتی مەدەنی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لەکۆمەڵگەیەکی فرەیی وەك کوردستان پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ستیفن کۆرنیك سەرۆکی سەنتەر ئۆدال و ئوستادی سیسۆلۆژی لەزانکۆی ئەریزۆنا کرد، ئەو لەوەڵامی گوڵاندا ئاماژەی بەوەکرد، بۆچوونی نەتەوەکان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دوو جۆرە، یەکەمیان نەتەوە هەیە بێجگە لە سەربەخۆیی بەهیچ شتێکی دیکە ڕازی نابێت، نەتەوەش هەیە ئەگەر مافەکانی دابینکرا، پێی باشە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا بێت کە بەرژەوەندییەکانی مسۆگەر دەکات، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بەڕای من ئەمە پرسیارێکە تاڕاددەیەکی زۆر پەیوەستە بە بارودۆخەکانی هاووڵاتیان، لەمبارەیەوە بیرم دەڕوا بۆ ئەو کەسانەی کە تەنیا دەیانەوێ سەربەخۆیی لەسەر خاکی خۆیان وەدەستبێنن و بەرگری دەکەن لەدژی هەر دەستوورێك کە ئەو خواستەیان سەرکوت بکات، هاوکات بیرم بۆ خەڵکانێك دەڕوات کە ئەگەر هەست بکەن دانپێنان هەیە لەبەرامبەر ماف و خواستەکانیان ئەوە پێیان خۆشتر دەبێت کە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی گەورەتر بمێننەوە، لەدەوڵەتێکدا کە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینبکات و بەرپرسیارەتیی هەبێت لەڕووی ئەو کاروبارانەی کە گرووپەکان نایانەوێ لەئەستۆی بگرن، هەربۆیە بەڕای من گرووپە ئیتنی و لایەنە جیاوازەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەم پرسیارە هەیە، هەڵبەتە

دەکرێ دەستوورێك هەبێت کە دانپێنانی هەبێت لەبەرامبەر جیاوازییەکان و ماف و ئامانجە جیاوازەکان بۆ نەتەوەکانی ناو ئەو دەوڵەتە گەورەیە، لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێك گرووپ زیاتر خوازیاربن بۆ ئۆتۆنۆمیی زیاتر لەوەی کە پێیان بەخشراوە، هەربۆیە ئەم پرسیارە وەڵامێکی گشتی و ئاسانی نییە و دەتوانین چەندین نموونە لەسەر هەردووك لەحاڵەتەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بدۆزینەوە، هاوکات بێگومان هەڵبژاردنێکی سێیەمیش هەیە و کە ئەویش بریتییە لەو حاڵەتەی کە تێیدا دەوڵەت ڕەتیدەکاتەوە دانبنێت بەجیاوازییەکان و بەماف و ئامانجەکانی پێکهاتە جیاوازەکان و بەزەبرەملێ هەوڵدەدات تەنیا بەهاووڵاتیبوونی و هیچی تر لەسەر گرووپەکان بسەپێنێت لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، لەم حاڵەتە پێموایە ڕێگە چارە نامێنێت و مانای ئەوەی ڕووبەڕووی کارەسات دەبنەوە، هەربۆیە من پشتگیری لەمافی چارەنووس دەکەم و پێموایە ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە پاشماوەی سیستەمی کۆلۆنیالیزمە، سیستەمی کۆلۆنیالیزم سنووری دەستکردی لەدوای خۆی بەجێهێشت و هەربۆیە بەلامەوە سەیر نییە کە ئەمڕۆ دەبینم ئەو سنوورە دەستکردانە کێشە و گرفتیان لەسەر هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە خەڵکی بەخۆیان بڕیاردەربن لەسەر چۆنییەتی خۆ ڕێکخستنەوە و وەدیهێنانی مەبەستەکانیان، بەڵام پاشماوەکانی کۆلۆنیالیزم تا ئاستێکی زۆر ئاڵۆزییان لەمبارەیەوە خوڵقاندووە، هەربۆیە بەڵێ من باوەڕم هەیە بەمافی چارەنووس، بەڵام پێموایە کە هێنانەدیی زەحمەتە)).

بەڵام پرۆفیسۆر ئۆلی پرۆستیك ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی فلینسبێرگ لەئەڵمانیا، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بەدەوڵەتی مەدەنی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (کاتێك کە دەڕۆینە سەر باسکردنی دەوڵەتی مەدەنی، ئەوە پێویستە بۆچوونەکانمان ڕوون بکەینەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك باسی دەوڵەتی مەدەنی دەکەین، ئەوا دامەزراوەکانی دەوڵەتی مەدەنی هەمووان لەخۆدەگرێت و بەیەکسانی مامەڵە دەکات لەگەڵ هەموو گرووپە جیاوازەکانی وڵات و ناکرێ جیاوازی لەبەرامبەر هیچ کەسێك بکات، بەڵام مەسەلەی سیستەمی دەستووری مەدەنی و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان، ئەوە ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. لەبەرئەوە دەکرێ سیستەمێکی فیدراڵ دروستبکرێت یاخود جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بۆ گرووپە ئیتنییەکان



## ئۆلی پرۆستیك بۆ گوڵان:

# ئەگەر سیستەمی فیدراڵی سەرکەتوو بوو نەتەوەکان کەمتر خواستی جیابوونەوە دەکەن

ڕێکبخرێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەکۆنتێکستی هەر یەك لەوڵاتەکان، ئەگەر مەبەست لەپرسیارەکەتان بۆ زانینی باشترین سیستەمی دەستوورییە بۆ عێراق، ئەوە بەڕای من ئەم مەسەلەیە وردەکاریی زۆرە و ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ شیکردنەوەی، بەڵام بەگشتی پێموایە بۆ وڵاتانی فرەئیتنی و فرەپێکهاتە لەوانەیە سیستەمی فیدراڵی یاریدەدەر بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکان، بۆیە ئەگەر سیستەمی فیدراڵی سەرکەتوو بوو نەتەوەکان کەمتر خواستی جیابوونەوە دەکەن، باسەیری ئەزموونی کۆێبێك بکەین لەکەنەدا کە دانیشتوانەکەی بەزمانی فەرەنسی قسەدەکەن، چەندین جار ڕیفراندۆم ئەنجامدرا بۆئەوەی بزانرێت کە ئایا دانیشتوانی کۆێبێك سەربەخۆییان دەوێ یاخود مانەوە لەچوارچێوەی کەنەدا، بەڵام هەموو جارێك زۆرینەی دانیشتوانی کوبێك دەنگ دەدەن بۆ مانەوە لەچوارچێوەی کەنەدا، ئێستا هەر هەمان شت لەبەریتانیا ڕوودەدات کە بزاوێکی نیشتمانی سکۆتلەندی لەهەوڵدانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان، بەڵام هێشتا دیارنییە کە هاووڵاتیان پشتگیری لەو بزاوە دەکەن یان نا، بۆیە مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە مەسەلەکە پەیوەستە بەخواستی نەتەوەکان، بەڵام ئەگەر هات نەتەوەیەك خوازیاربوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و هەروەك ئاماژەتان پێکرد ڕێگەچارەی ئاشتییانە هەرە پەسەندترین شێوازە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دابەشبوونی وڵاتەکان نییە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێیوایە کە ئەگەر بێت و هەموو نەتەوەیەك ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوە ژمارەی وڵاتەکان دەگاتە هەزارەها وڵات، بۆیە هەلومەرج هەیە لەسیستەمی نێودەوڵەتی لەڕووی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە٢ حاڵەتدا ڕەزامەند دەبێت لەسەر دروستبوونی وڵاتان: یەکەمیان، پێویستە ڕێککەوتنێك لەنێوان دەوڵەتی فیدراڵ و دەوڵەتە تازەکە هەبێت، بۆنموونە لەبارەی سربیا و مۆنتینیگرۆ کە هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی جیا، بۆیە ئەگەر هات و ئەم جۆرە ڕێککەوتنە ئەنجامدرا لەنێوان دەوڵەتی فیدراڵ و دەوڵەتی نوێ، ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەری ڕەزامەند دەبێت، دووەم هەلومەرج: ئەو کاتەیە بەشێوەیەکی زۆر زیاد مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکرێت و شەڕ و کوشتارێکی زۆر ڕوودەدات، ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەزامەند دەبێت لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و توندوتیژی بۆنموونە کۆسۆڤۆ لەسربیا، ڕاستە هەموو وڵاتان پەسەندیان نەکرد، بەڵام زۆربەی وڵاتە ئەندامەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕازیبوون لەسەر سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەبەرئەوەی ئاستێکی بەرز لەپێشێلکاری لەمافەکانی مرۆڤی تێدا ڕوویدا، بۆیە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمە هەلومەرجی سەرەکی بوون بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نوێ بۆنموونە سودان کە ڕێککەوتن لەنێوان سودان و باشووری سودان ئەنجامدرا و ڕیفراندۆم بەڕێوەچوو لەسەر بنەمای ئەو مەرجەی کە ئەگەر هات و زۆرینەی دانیشتوانی باشووری سودان لەگەڵ سەربەخۆیی بوو، ئەوکات باکووری سودان پەسەندی دەکات، بۆیە هەروەك ئاماژەمپێکرد ڕێککەوتن لەنێوان هەردووك لەلایەنەکاندا ئەنجامدرا.. سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەم ناوچەیەدا ئەوە ئاشکرایە ئاراستەیەکی بەهێز پشتگیری لەدروست بوونی دەوڵەتی فەلەستین دەکات، سەبارەت بەوڵاتانی دیکە ئەوە هەروەك پێشتریش ئاماژەمپێکرد مەسەلەکە پەیوەستە بەئەنجامدانی ڕێککەوتن لەنێوان دەستەبژێرە سیاسییەکانی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ دەستەبژێرەکانی گرووپ و کەمینە ئیتنییەکان، سەبارەت بەعێراق، بەڕای من پێویستە گفتوگۆ و دانوستان ئەنجامبدرێت لەنێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و دەسەڵاتی



ستیفن کۆرنیک بۆ گوڵان:

**پشتگیری لەمافی چارەنووس دەکەم و پێموایە ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە پاشماوەی سیستەمی کۆلۆنیالیزمە**

کوردی لەبارەی چوارچێوەی دەستووری و ئەگەرەکانی لەورووەوەی کە ئایا بەپێی خواستی کوردە یان نا، یاخود لەورووەوە کە ئایا کورد ئۆتۆنۆمیی زیاتری دەوێ یاخود داوای سەربەخۆیی دەکات و هەروەك پێشتریش ئاماژەمپێکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆتوبەند و هەلومەرجی زۆری داناوە و ڕێگەنادات وڵاتان دابەش بن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لەگەڵ مانەوەی کوردستانە وەکو بەشێك لەعێراق، جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق مەترسی و هەڕەشەی زۆر ترسناکی لێدەکەوێتەوە لەبەرئەوەی ئەگەرێت و کورد بەیەك لایەنە بڕیاری سەربەخۆیی بدات و هاوکات حکومەتی ناوەندی ڕەزامەند نەبێت لەسەر ئەو جیابوونەوەیە، ئەوە ئەوکات پێموایە بارەکە زۆر ترسناك دەبێت و شەڕ و پێکدادان و توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە و ئەمەیش کێشەیەکی زۆر گەورەیە و چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە، لەلایەکی دیکەوە من بەئاگام کە گرژی و کێشەی سنووری لەئارادا هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا)).

ئەوەی پرۆفیسۆر کرۆنیل و پرۆتستیك ئاماژەیان پێکرد ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە کە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی قورسکردووە، بەڵام هەردووکیشیان ئەو ڕاستییەیان نەشاردەوە حاڵەتی جیاش لەسیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە و ئەگەر دەوڵەتێك ببێتە دیکتاتۆرێك هاوشێوەی میلۆسۆڤیچ بیەوێت بەتانك و فڕۆکە گەلەکەی خۆی سەرکوت بکات، هەروەك سەرۆك وەزیرانی عێراق بەنیازە دوای کڕینی فڕۆکەکانی f16 هێرش بکاتە سەرکوردستان، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە دەدات دەوڵەتی نوێ دابمەزرێت، جیا لەدەوڵەتی سەربەخۆ، نموونەی دەوڵەتی ئەمری واقیع یان دیفاکتۆش هەیە، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێك دانی پێدانانێت، بەڵام ئەو دەوڵەتە وەك تایوان لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، سەبارەت بەم حاڵەتە خاتوو میگا گرین پسپۆڕ و شرۆڤەوان و ڕۆژنامەنووسی ئابووری لەگۆڤاری بەناوبانگی ئیکۆنۆمیست، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر پرسی تایوان هەڵوەستەی کرد و گووتی: (وەڵامەکەم پەیوەستە بەمەبەستەکەتان لەسەر وشەی «دەوڵەت»، ئەگەر مەبەستتان لەدەوڵەتێك بێت کە لەسەرتاسەری جیهاندا دانی پێنراوە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی، ئەوکات پێموایە کە دانپێنانی ڕەها بەنەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەنیا لەو جۆرە حاڵەتانەدا ڕوودەدات کاتێك هیچ کیانێکی بەهێزتر لەو نەتەوەیە بوونی نەبێت و هەوڵێك نەبێت بۆ ڕێگەگرتن لەدروستبوونی ئەو دەوڵەتە بۆ ئەو نەتەوەیە، لێرەیشدا وڵاتی تایوان وەکو نموونەیەك دێنمەوە، وڵاتی تایوان خاوەن حکومەتە و وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ حوکمڕانی دەکات، بەڵام هاوکات لەلایەن زۆربەی نەتەوەکانی جیهان و هەروەها لەلایەن زۆربەی دەستە حوکمڕانییەکانی نێودەوڵەتییەوە دانی پێ نەنراوە، ئەمەیش دوو هۆکاری لەپشتەوە هەیە، یەکەمیان: تایوان هیچ هەڵوێستێکی سیاسیی پتەوی نەبووە بۆئەوەی پێگە سیاسییەکەی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بسەلمێنێت، دووەمیان: کۆماری چینی میللی لەو بڕوایەدان کە تایوان بەشێکە لەوڵاتی چین و بەراشکاویی ڕایگەیاند کە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نابێت تایوان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، بەڵام بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی تایوان خوازیارن وڵاتانی جیهان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دان بەتایوان بنێن، بەڵام بەشێك لەهاووڵاتیانی تایوانیش لەوە دەترسن ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی تایوان بخاتە ژێر هەڕەشەوە.. تایوان کەیسێکی نائاساییە لەبەرئەوەی لەساڵی ١٩٤٩ەوە سەربەخۆیی دیفاکتۆی ڕاگەیاندووە و حکومەتێکی جێگیری بۆ نزیکەی ٤٠ ساڵ هەبووە، ڕاستە ئەو حکومەتە دیموکراتی



میگا گرین بۆ گوڵان:

**دانپێنانی ڕەها بەنەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەنیا لەو جۆرە حاڵەتانەدا ڕوودەدات کاتێك هیچ کیانێکی بەهێزتر لەو نەتەوەیە بوونی نەبێت و هەوڵێك نەبێت بۆ ڕێگەگرتن لەدروستبوونی ئەو دەوڵەتە بۆ ئەو نەتەوەیە**

نەبووە، بەڵام هەموو هەوڵێك هەبووە بۆئەوەی پاکتاوی ناسنامەی تایوانییەکان بگۆڕێت بۆ چینی، وێڕای هەموو ئەمانە حکومەتی تایوان کاری زۆریکرد بۆ بەرەپێشەوەبردنی ئابووریی تایوان، بۆیە هەرچەندە بەشێکی تایوانییەکان ڕازی نەبوون لەو حکومەتە، بەڵام هاوکات ڕازی و دڵخۆشبوون بەدەسکەوتە ئابوورییەکان، لەدوای ساڵی ١٩٨٧ و لەگەڵ دەستپێکی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی تایوان، بزاوی سەربەخۆیی تایوان جموجۆڵی خێرای بەخۆیەوە بینی، بەڵام لەبەر ئەوەی بووە هۆکاری ناسەقامگیری ئابووری، پرۆسەکە سەربوونی بەخۆیەوە بینی، بۆیە پێموایە کە خواستی تایوان بۆ سەقامگیریی ئابووری، پرۆسەی سەربەخۆیی خاوکردەوە، هەربۆیە هەتا ئێستاش تایوان وەك وڵاتێکی دانپێنەنراو ماوەتەوە لەسەرتاسەری جیهاندا و پێدەچێ بۆ چەندین ساڵی داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە)).

# کوردستان و تورکیا
# ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەیەکتر نزیک دەبنەوە

محەمەد عەلی بیراند
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**ئـەم وتارە ڕوانیـن و بیرو بۆچوونی ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورک ـ محەمەد عەلی بیراند ـ ەو، وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانە، سـەبارەت بە سەردانەکەی بەڕێز مسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو کۆبوونەوەی لەگەڵ سـەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەدا، ئەمەش دەقەکەیەتی:**

سەردانەکەی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانی باکووری عیراق لە سەروو پێشبینیە چاوەڕوانکراوەکانەوە زۆر گرنگتر کەوتە بەر دید. ئەنجامە بەدەستهێنراوەکانیشی تا بڵێی گرنگ و پڕ بایەخ بوون، بە گشتی چاوپێکەوتنەکان چوار بابەتی لەخۆ گرتبوو کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

لەهەموویان گرنگتر، چۆنییەتی پاراسـتنی یەکپارچەیی خاکی عیراق و هەڵوێستی تورکیا لە ئەگەری بەش بەش بوونی ئەو خاکە. بێگومان لە هەموو حاڵەتێکدا ئەنکەرا هەرێمی کوردستان بە تەنیا جێناهێڵێت و دژی گشت زەرەرو زیانێکە کە لە ئاکامی سیاسەتی لارو چەوتی حکومەتی مالیکی لە ناوچەکەدا بکەوێتەوە.

لـە تورکیـاوە بەگشـتی بارودۆخەکـە بریتیە لە پاراسـتن و چاودێریکردنی هەرێمی کوردسـتان لە بەرامبەر هەر کردەیەکی نێگەتیڤانـە گەر بێت و لەدژی ئەنجام بدرێت، ئەمەش بووە جێی جۆرێك لە متمانەیی وەرگرتن بەلای (سەرۆك بارزانی)یەوە.

تاکە بابەت کە جێی نیگەرانـی ئەنکەرایە، بریتییە لە هەبوونی پ.ك.ك لەناوچەکەدا،لەوکاتەوەی هەوڵ دەدرێت بۆ نزیکبوونەوە لە کوردسـتان، هەمیشە پ.ك.ك وەك بەربەسـتێك دێتە بەردەم ئەو هەوڵی نزیك بوونەوەیە. هەرچەندە بارزانی لەسـەر مەسەلەی پ.ك.ك هیـچ ئومێدێکی بەتورکیا نەبەخشـی، بەڵکو ئەوەی دووپـات کردەوە کە لە دژی پ.ك.ك شـەڕ ناکەن و لە هەمان کاتیشـدا ئاماژەی بەوەش کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە پەکەکەش ڕێگەچارەی ئاشتی بگرێتەبەر.

بابەتێکی گرنگتر لەو چاوپێکەوتنانەدا کە بوونی هەبوو، مەسەلەی سوریا بوو، ئەنکەرا لەمبارەیەوە لە نیگەرانیەکانی مسعود بارزانی

**لە تورکیاوە بەگشتی بارودۆخەکە بریتیە لە پاراستن و چاودێریکردنی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر هەرکردەیەکی نێگەتیڤانە گەر بێت و لەگەڵی ئەنجام بدرێت. ئەمەش بووە جێی متمانەیی وەرگرتن بەلای (سەرۆك بارزانی)یەوە.**

**پێوەندییەکی ئۆرگانیزەکراوی خۆبەخۆیی ئەووتۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و باشووری ئەنادۆڵدا هەیە کە مەحاڵە بتوانرێت بە سانایی لێك جیابکرێتەوە. بە تایبەتیش کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی دووبارە بۆتەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئاگادارە، لە پشـــت کەوالیســـی کۆبوونەوە نهێنیەکانیشەوە وام بۆ دەرکەوت کە هەردوولا گەیشتوونەتە بڕیارێکی هاوبەش سەبارەت بە دەست لەکارکێشانەوەی بەشارئەسەد..

بێگومان لەهەموو ئەم خاڵانەشیان گرنگتر، پێوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو لایە،

پێوەندییەکی ئۆرگانیزەکراوی خۆبەخۆیی ئەووتۆ لە نێوان هەرێمی کوردســـتان و باشـــووری ئەنادۆڵدا هەیە کە مەحاڵە بتوانرێت بە سانایی لێك جیابکرێتەوە. بە تایبەتیش کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی دووبارە بۆتەوە ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، بۆ ئەمەش بڕوا وایەو لەو قەناعەتەداین کە پێوەندییە ئابوورییەکان لە داهاتووی نزیکدا زۆر زیاترو چالاکتر دەبن. ئەو متمانـــە و بڕوایەی ئەنکەراش بـــە نێچیرڤان بارزانی شـــتێکی شـــارراوە نییـــەو بەلای هەمووانەوە ئاشکرایە.

بەکورتی و پوختی، کوردستانی عیراق و تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دێت هێندە لێـــك نزیکتر دەکەونەوە تا دەگاتە رادەیەك پ.ك.ك لەم نێوانەدا بەتەنیا بمێنێتەوەو بایەخـــی ئەووتـــۆی نەمێنێـــت.



بێگومـــان لـــەم ماوەیەشدا لەسەردەوڵەتی تورکیا پێویستە ئەوانیش لەیاد نەکات و لەســـەر کرانەوەکانی بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکە بەردەوام بێ و پێویستیشـــە هەوڵی زیاتر بـــدات، بۆ ئەوەی بتوانێت ســـۆزو مەیلی هاووڵاتییـــە کوردەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

# پێوەندییەكی تایبەت لەنێوان ئەمریكاو كوردەكانی عێراقدا

**تائێستا كەس نەیبینیوە ئاڵایەكی ئەوروپی یان ئەمەریكی لە كوردستان بسووتێنرێت. هەروەها مەزندە ناكرێت ڕۆژێك لە ڕۆژان گرووپێكی ئاژاوەگێڕ هەڵبكوتنە سەر باڵیۆزخانەیەك یان كونسوڵخانەیەكی ئەوروپی یان ئەمریكی لە كوردستاندا. بەڵام ئەمە زۆرجار لە شوێنەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویداوە**



**دەیڤید ڕۆمانۆ***

مانگی جارێك
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

كاتێك سەرۆك مسعود بارزانی لەمانگی ڕابردوو سەردانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای كرد، ئەو سەردانە خۆی چەمكی پێوەندییەكی تایبەتی لەنێوان ئەمریكاو كوردەكانی عێراق بەرجەستە كرد، بێگومان ماوەیەكە لەواشنتۆن وتووێژ لەسەر ئەمە دەكرێت، بەوەی لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوەكاتێك یەكێك چاكەیەكی بەرامبەر ئەوی تر كرد، ئەوا شایستەی ئەوەیە ئەوی دی بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بكاتەوە، لەبەر ئەوەی پێش ئێستاش پێوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا هەبووە ئەوا كارێكی سروشتیە ببێتە پێوەندی تایبەتی، ئەمە لەكاتێكدا توركیا كە ماوەیەكی دوورو درێژە ئەندامی هاوپەیمانی باكوری ئەتلەسیە ڕێگەی نەدا ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٠٣ پلانەكەی خۆی جێبەجێ بكات و لەباكوورەوە بەرەیەك دژی سەدام بكاتەوە، هەرووها هاوپەیمانی عەرەبی عێراقیش لەو كاتەدا بێ دەسەڵات بوون یان لە ناو وڵات نەبوون، بەڵام كوردەكانی عێراق وەك هاوپەیمانیەكی بەهێز و چالاكی ناوخۆی عێراق بوونە هاوپەیمانی لە ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا. بەڵام لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق لە سەرەتای كۆتایی ساڵی ڕابردووەوە ئێران نفووزی خۆی زیاد كردووە لە عێراقداو نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەسەڵاتێكی زیاتر لەدەستی خۆی كۆكردۆتەوە، بەڵام كورد هەتا ئێستاش چانسێكی وایان بۆ ئەمریكا لەسەر حسابی خۆیان دروستكردووە كە بتوانیت بەرژەوەندییەكانی خۆی لەم وڵاتە بپارێزێت.

لەوانەیە خەڵك چەندین بەڵگەی دەست بكەوێت سەبارەت بەوەی بۆچی پێوەندییەكی تایبەتی لەمجۆرە نەبۆتە جێگەی بایەخی ئەمریكا، سەبارەت بەم مەسەلەیە بەم دواییە دینس ناتالی وتارێكی لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی بڵاوكردۆتەوە، لەم وتارەدا كە دەربڕی بەشێكی دیكەی ئەو بۆچوونانەیە كە لە ئەمریكا وتووێژی لەسەر دەكرێت، ئەو ئەو بیانوانەی هێناوەتەوە كە دەڵێت ئەمریكا دەسكەوتێكی كەمی دەبێت ئەگەر پێوەندیەكی بەوشێوەیە تایبەت لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست بكات، ئەمەش نەك هەر نامەیەكی خراپە بۆ عەرەبی عێراقی دەنرێت و پێوەندییەكانی نێوانیان ئاڵۆز دەكات، هەروەها دەبێتە هۆكار بۆئەوەی پاڵپشتیەكی دیكە بۆ سەركردەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی كێشە سیاسیەكان بەزۆر لەگەڵ بەغدا چارەسەر بكەن، كرۆكی ئەم بیانووە دوو لایەنی هەیە: یەكەمیان ئەوەیە پێوەندییەكی زۆر باش لەگەڵ كورد دەبێتە هۆكاری ئەوەی عەرەب و خەڵكانی دیكە لەناوچەكە هەست بە نائومێدبوون لە ئەمریكا بكەن، دووەمیان ئەوەیە كە پشتگیری لەم شێوەیەی ئەمریكا ببێتە هۆكاری ئەوەی كە كورد لەسەر داواكانی خۆی ڕووبەڕووی بەغدا بێتەوە یان دەبێتە هۆكاری ئەوەی هانی كورد بدات بۆ ئەوەی هەوڵی سەربەخۆیی بدەن.

سەبارەت بە بیانووی یەكەم، ئەمە لەواشنتۆن بۆچوونێكی درێژخایەنە ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە(( ئێمە نامانەوێت عەرەبەكان دوور بخەینەوە)) ئەوەی لەم لۆژیكەدا سەمەرەیە ئەوەیە كە زۆر دەمێكە عەرەبەكان دووركەوتوونەوە، لەبەر پێوەندی ئەمریكا لەگەڵ ئیسرائیل، دەستێوەردانی لوبنان، شەڕی كەنداو و دانانی بنكەی سەربازی لەكەنداو و شەڕی ئەفغانستان و عێراق و پێوەندییەكانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە، هەیمەنەی ئابووری ئەمریكا و دوا ڕاپۆرتی كەناڵی ئەلجەزیرە، چەندین شتی دیكەش،

بۆیە كاتێك بەرپرسانی ئەمریكا داوایەك لە سەركردەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هاوكاری دەكات یان هەندێك ڕێگەچارە، ئەوا هەست دەكەین هەموو وەڵامەكان خراپن و بەشێوەیەك لە شێوەكان وەڵامەكان بەم ئاراستەیەن( بەڵێ، ئێمە حەز دەكەین هاوكاریت بكەین بەڵام گەلەكەمان ڕقیان لەئێوەیە نامانەوێت بزانن ئێمە لە ئەمریكا نزیكین یان دۆستی ئێوەین، بۆیە ئەم ناوچەیەی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە دەبێت ئێوە ئەوە بزانن وەك دەیبینن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا دوو ناوچە هەیە ئەم حاڵەتەی تیا ڕوونەدات ئەو دوو ناوچەیەش كوردستان و ئیسرائیلە، لەم دوو ناوچەیە زۆربەی خەڵك ئەمریكایان خۆش دەوێت، لەو كاتەوەی ئەمریكا پەیوەندییەكی تایبەتی لەگەڵ ئیسرائیل دروستكردووە، ئەوا سەیری پێشتر بكەین لەو واقیعە تێدەگەین.

بەڵام لە حاڵەتی كورددا، لەگەڵ ئەوەی لەچەندین بۆنەی مێژوویدا هێزەكانی ئەوروپا و ئەمریكا خیانەتیان لەكورد كردووە، هەربۆ نموونە ڕاستەوخۆ دوای شەڕی یەكەمی جیهان كە نەیانهێشت كورد دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی دابمەزرێنێت، لە ساڵی ١٩٤٦ كە پشتگیری ڕژێمی ئێرانیان كرد بۆ ڕووخانی كۆماری كوردستان لە مهاباد، هەروەها لەبێدەنگ بوونیان بۆ ماوەی چەندین یەكە بەرامبەر توركیا لەهەمبەر چەوسانەوە و نكۆڵی كردن لەبوونی ناسنامەی كورد، هەروەها ئەو خیانەتەی لەساڵی ١٩٧٥ بەرامبەر شۆڕشی كورد لە عێراق كردیان، وێڕای هەموو ئەمانەش بەڵام تائێستا كەس نەیبینیوە ئاڵایەكی ئەوروپی یان ئەمەریكی لە كوردستان بسووتێنرێت، هەروەها مەزندە ناكرێت ڕۆژێك لە ڕۆژان گرووپێكی ئاژاوەگێڕ لە كوردستان هەڵبكوتنە سەر باڵیۆزخانەیەك یان كونسوڵخانەیەكی ئەوروپی یان ئەمریكی لە كوردستاندا، بەڵام ئەمە زۆرجار لە شوێنەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویداوە، لەباشووری عێراق، شیعەكان كە زیاتر لەكورد سوودمەندبوون لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، هەستی دژە ئەمریكایی لەوپەڕیدایە، لەبەشەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش مەزندە ناكرێت چەند هاوكاری ئەمریكا دراوە بەو ناوچانە، بەڵام هەستی خراپ بەرامبەر حكومەتی ئەمریكا، ئەگەر نەڵێین ئەمریكیەكان بەگشتی بوونی هەیە، حكومەتی ئەمریكاش لە دەسەڵاتیدا نییە لە ئایندیەكی چاوەڕوانكراودا ئەم واقیعەی پێ بگۆڕێت.

هەموو ئەمانە پێكەوە لەبەرچاو بگرن، ئایا ئەو هەستە دروست نابێت كە پەیوەندییەكی تایبەت لەگەڵ حكومەت و گەل و بزنسمان و گەشتوگوزارو، بەرپرسانی حكومی و هەتا بنكەی سەربازی دروست بێت كە خەڵكی كوردستان پێشوازییان لێدەكات نەك ڕەتیان بكاتەوە؟ بەڵام پەیوەندی بەهێز لەگەڵ كوردەكانی عێراق وەك پێویست ناتوانێت هیچ شتێك ئەنجامبدات، ئەگەر گۆڕانكاری پێویست و دیموكراتیزەكردن و شەفافیەت نەبنە دەستپێشخەری حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆیە پێویستە ئەمریكا پاڵنەرێكی باش بێت بۆ ئەم هەنگاوانە لەگەڵ ئەو دۆستانەی كە كاریگەری لەسەریان هەیە، هەروەك چۆن لەچەندین بۆنەی دیكەدا لە شوێنەكانی دیكە كردویەتی، بەتایبەتی لە ئەمریكای لاتینیدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەمریكا خۆشەویستی توند ( tough love) لەسەر كوردەكانی عێراق بەكار بهێنێت بۆ ئەوەی هانبدرێن باشتر حكومڕانی بكەن و كەمترین كەموكورتییان هەبێت، بۆ هەموو حاڵەتێك ئەمریكا پاڵنەری دۆستانە هەڵنابژێرێت بۆ دیموكرتیزەكردن، وەك عەرەبستانی سعودی، هەروەها نموونەی دیكە وەك سوریا كە فەشەلیان هێناوە بۆ دەركەوتنی سیمای دیموكراتی لە حاڵەتی نەبوونی هاوكاری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا. كاتێك دەگەڕێینەوە بۆ پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر، ئەمریكا پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كوردەكان دەستپێشخەرییەك بكەن كە لەچەند ساڵی ڕابردوو نەیان كردبێت. ئەمەش هەر لەڕازیبوونیان بە فیدرالی و چارەسەری كێشەی سنووری كوردستان(وەك لە ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراقدا بەڵێن دراوە)لەسەر هەموو ئەمانەوە كورد لەساڵانی ڕابردوودا نەرمی نواندووە بە كشانەوەی هێزی پێشمەرگەشەوە لەساڵی ٢٠٠٣ لە كەركوك و موسڵ، هەروەها كورد هەتا ئێستا گوشاری بۆ سەربەخۆیی تەواو نەكردووە، بەڵكو كارێكی سەختی كردووە بۆ ئەوەی كە عێراقێكی نوێی فرەلایەن بونیاد بنرێتەوە كوردیش بە ژمارەیەك كورسی بەشدار بێت لە پەرلەمانی عێراقدا، هەروەها ڕێككەوتن لەسەر دابەشكردنی هەموو داهاتەكانی نەوت بەشێوەیەكی یەكسان بەسەر هەموو عێراقیەكاندا، پشتگیری حكومەتی نیشتمانی بنكە فراوان دوای هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٠، هەربۆیە تا ئەو كاتەی ئەمریكا بەبەڵێنەكانیەوە پابەند بێت، ئەوا كوردەكان لەوە تێدەگەن كە واشنتۆن هانیان دەدا بۆ ئەوەی هەنگاوی گورجتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشتركردنی حكومڕانی هەڵبگرن،

**پێویستە ئەمریكا خۆشەویستی توند (tough love) لەسەر كوردەكانی عێراق بەكار بهێنێت بۆ ئەوەی هانبدرێن باشتر حكومڕانی بكەن و كەمترین كەموكورتییان هەبێت**

یان زیاتر هاوكاری بەغدا بكەن، هەربۆیە پەیوەندی نزیكی نێوان كوردەكان و واشنتۆن ئەگەر نەبێتە هۆكاری هیچ شتێك ئەوا دەبێتە ڕێگر لەوەی كە سەركردە تاكرەوەكانی بەغدا دەسەڵاتی زیاتر لەدەستی خۆیاندا كۆنترۆڵ بكەن.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوەدەكەمەوە چەسپاندنی هاوپەیمانیەكی ڕاستەقینە لەگەڵ كوردەكانی عێراق نابێتە هۆكاری تێكدانی پەیوەندییەكان لەگەڵ دۆستانی ئەمریكادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەك چۆن نزیكبوونەوەی توركیا لەو ڕژێمانەی دۆستی ئەمریكا نین و پشتگیری سعودیە بۆ سەلەفییە ڕادیكاڵەكان لەسەرانسەری ناوچەكە، یان شیعەكانی عێراق كە هەر بە نزیكی لەئێران ماونەتەوە، بەڵام چۆن ئەمریكا بە چاوپۆشین لەمانە لەدۆستەكانی خۆی دەڕوانێت، دەبێت ئەوانیش بەو شێوەیە سەیری ئەمریكا بكەن.

سەركردەكانی بەغدا بەردەوامن لە كڕینی فڕۆكەی F-16s لە واشنتۆن و هەروەها لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش پشتگیری ئەو چەكی بانكانەی ئەمریكا بۆ كڕینیان، هەروەها بە پێی جۆری ئەو مافەی لە پەیوەندییەكانی نێوان كورد و ئەمریكا هەیە، بەغدا جارێكی دیكە ناتوانێت ئەم فڕۆكانە بفڕێنێت بەرەو باكوور و بۆمباكانی لەكوردستان خاڵی بكاتەوە.

*** ئوستادی سیاسەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی میزووری**

**بە پێی جۆری ئەو مافەی لە پەیوەندییەكانی نێوان كورد و ئەمریكا هەیە. بەغدا جارێكی دیكە ناتوانێت ئەم فڕۆكانەی F-16s بەرەو باكوور بفڕێنێت و بۆمباكانی لەكوردستاندا خاڵی بكاتەوە**



# داهاتووی سیاسەتی کوردی

## (داڕشتنەوەی گەشتێک بەناو هاوڕێ پارتی و یەکێتی و گۆڕانخوازەکانمدا)

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

**گەشتێکی بەهاریانەو دیدنیی هاوڕێیان:**

گەشتی ئەمساڵ لەباتی سەیران، سەردانی چەند هاوڕێیەك بوو لەدنیای سیاسەتداو لەکایەی حزبایەتیدا. بۆیە ئەم مانگ و هەفتانەی پێشوو، هەفتەی گەرمی دیدارەکان بوو، هەفتەی شادبوونەوە بە دیداری دۆستان و هاوڕێیان، هەفتەی لەدایکبوونەوە.

تاسەی بینینی هاوڕێ، کارێکە سنوورەکانی سیاسەتی حزبایەتی دەبەزێنێ. منیش وەك (مۆنتنی)، گەورە بیرمەندیی مرۆڤدۆست، کاتێ پاش ماوەیەك ئەتیەن دولابۆتی، هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکەی، نابینێ و دواجار لە ئێوارە بۆنەیەکدا و لەبەر شەوقی چراکانی سەدەی شازدەیەمدا دەیبینێتەوە، بەجۆرێ وەسفی ئەم دیدارەی دەکات، وەك ئەوەی لەبەر ڕۆژی ڕووناکدا بوویبێت و وەك ئەوەی خۆر لەو دیدارەوە هەڵهاتبێ و وەك ئەوەی دووبارە لەدایك بووبێتەوە.

بۆ منیش وەها بوو، کاتێ دەمبینی هاوڕێکانم بەویەڕی شەوقەوە چاوەڕێمان بوون و دانیشتن و کۆبوونەوەو دەوام و پشووی چوونە ماڵەوەی خۆیان کردۆتە قوربانیی و بە تامەزرۆیی گفتوگۆو بیروڕاگۆڕینەوەو لێکحاڵیبوونەوە، لە ژوور و بەردەم دەرگای شوێنی کارکردنیانەوە، چاوەڕوانمان بوون. لە دیدارەکانیشدا جگە لەوەی هاوتەمەن و هاوپیشەکانی خۆمان دیتنەوە، چاومان بە مامۆستایانێکیش کەوت کە لە تەمەندا لە ئێمە هەڵکشاوتر بوون و سەرقاڵ و ماندوونەناس بەکارەوە، کە دەبێت لە بۆنەیەکی دیکەدا باسیان بکەم.

لەیەکەم پرسگەی دەرچوون لە هەولێرە دێرینەکەوە، ئەفسەرەکە ناسینی و لەگەڵ ئەویەڕی ویقارو ڕێزدا هیوای بەسەلامەت گەڕانەوەی بۆ خواستین و ئێمەش وردە وردە بەناو شارێ لۆرییە بارهەڵگرە توندڕەوەکاندا ملی ڕێمان بەرەو کەرکووکی نەوت و زام و مێژوو گرت و پێش ئەوەی بڵێسەی ئاگری کانە نەوتەکانمان لێدەرکەوێت، دیسانەوە ئەفسەری پرسگە خێرهاتنی گەرمی لێکردین و بە ڕووخۆشییەوە بەڕێی کردین. من بەم پێشمەرگەو ئەفسەرە کوردانەدا هەمیشە حەزمکردووە لە شوێنی ئەوان ڕاوەستم و فەرموو لە میوانان و ڕێبوارانێك بکەم کە دێنە وڵاتەکەمانەوە. جارێك ئەوەم لە بیرمەندێك بیستووە کە یەکەم ئەفسەری سەرسنووری وڵاتێك و دەروازەی شارێك، نوێنەرایەتی ئەو سیاسەت و حوکمڕانییە دەکات کە لەو وڵاتەدا هەیەو یەکەم پێشوازیی لە میوان چۆن بێت، وێنای ئەو میوانەی لەسەر ئەو وڵات و شارە لەسەر بینا دەبێت.

**میوانداریتی لەفەلسەفەدا:**

دێریدا، فەیلەسووفی فەرەنسی، سەبارەت بە داڵدەدان و جێکردنەوەی (میوان)، نووسیویەتی: میوانداریکردن بۆ خۆی کولتوورێکەو تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە (ئیتیۆس)ەوە، واتە پەیوەستە بە نیشتەجێبوون، ماڵی حەوانەوەی تایبەت، شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان، واتە پەیوەستە بە بوونی ئێمە لەگەڵ ئەوانیتردا و پێوەندیی ئێمە بە ئەوانیترو بێگانەکانەوە، وەك پێوەندیی خۆمانی لێدێت بە خۆمانەوە، ئەوە لەم حاڵەتانەدا میواندارییکردن خودی ئەخلاقە. واتە ئەخلاق هاوشانی ئەزموونی میوانداریکردنە. بەم پێیەش لەلای دریدا، ئەخلاق سەرچاوەیەکی دیکەی نییە لەو ڕەفتارە زیاتر کە ئێمە لە چوارچێوەی میوانداریکردنی ئەوانیتردا، دەینوێنین. ئەو، لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: کاتێ کەسێك لە سەر قەراخی دەرگا و ماڵەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتن لە میوان و بێگانەیەك دەکات، بەمانای ئەوەیە (لێرە کەسێ لە ماڵەوەیە. کەواتە شوێنێکی کردۆتە هی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ بەخێرهاتنی ئەویتری لێوە بکات. یاخود لەوەش زیاتر: بەخێرهاتنی ئەویتر دەکات تاکو شوێنێ بکاتە هی خۆی..). بەلای دریداوە، بیرکردنەوە لە میواندارییەك کە تیایدا خاوەنماڵ بە ڕووی خۆش و بزەی سەرلێوەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی نەکات، میوانداریی نییە. ئەو دەڵێ: (جیاکردنەوەی کولتووری میواندۆستی لە کولتووری پێکەنین و ڕووخۆشی، کارێکی ئاسان نییە). هاوڕێکانمان بەو پەڕی ڕووخۆشییەوە پێشوازییان لێکردین، بەهەمان شێوەی ئەفسەری پرسگەی نێوان شاران.

**هاوڕێیەتی و میوانداری لەسیاسەتدا**

لەودیدەنییەدا سێ بابەت هەبوون لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن باسمکردن: یەکەم، مەسەلەی قسەکردن لەسەر دەوڵەتی کوردی، دووەم: مەسەلەکانی ناوخۆ و ناکۆکیە سیاسییەکان، سێیەم: مەسەلەی ئیسلامی پۆپۆلیستی و ئیسلامی سیاسی.

سەرەتا دوای ئەوەی هەندێك لە هاوڕێ پارتییەکانم بینی و قسەوباسمان کردو بە عادەتی خۆیان داوایان لێکردم لەگەڵیان بچمە دەرەوەشت و نەمتوانی، لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، کە مامۆستای زانکۆیەو دواجار ئەم وتارەی لەگەڵ داڕشتمەوە، هەستاین چووین بۆ سلێمانی و بۆ دیداری هاوڕێ یەکێتی و گۆڕانەکانمان، ئەمە پاشئەوەی لە هەفتەکانی ڕابردوودا لەگەڵ هاوڕێ یەکگرتووەکان و کۆمەڵەکانم لە پێوەندیدا بووم..

**هاوڕێ ئیسلامییەکان:**

**ڕەواندنەوەی گومان و دروستکردنی متمانە:**

من نازانم ئیسلامییەکانی کوردستان وەك حزب و ڕێکخراوی فەرمی تا چەندە لە داوڕۆژدا دەتوانن کۆنترۆڵی بروادارانێك بکەن، کە من ناویان دەنێم ئیسلامی پۆپۆلیستی یان ئیسلامی کۆمەڵایەتی و عامیانەی خەڵك. بەڵام لە ئێستادا ئیسلامی

سیاسی خۆی لە فۆرمێکی ڕێکخراوەیی فەرمیانەی حزبسالاریدا بەرجەستە دەکات کە گەڕانەوەی بەردەوامی دەبێت بۆ یارو لایەنگرانی خۆی، لەگەڵ کەمکردنەوەی گومانەکانی لەسەر لایەنی دەسەڵات لە ئاستی ڕواڵەتیدا. لەکاتێکدا بۆی هەیە ئیسلامی پۆپۆلیستی، یان کۆمەڵایەتی، ئەجیندای میزاجیانەی خۆی هەبێت بە بێ گوتارێکی یەکگرتوو، یان مەرجەعێکی بڕیاری فەرمی، کە بۆ دەسەڵاتی هەرێم ئاسان نابێت لە داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ ئەم فۆرمەی ئیسلامی شەعبیدا بکات، لەبەر فۆرمۆڵەنەبوونی لە گوتارێکی یەکگرتووی ڕێکخراوەییدا. بەڵام دڵنیام ئیسلامی سیاسی چ لە فۆرمە یەکگرتوویی و چ لە فۆرمە کۆمەڵییەکەیدا، نەیانەوێت کێشەی سیاسی گەورە بۆ پرۆسەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، چ ئەو کاتەی لە ئۆپۆزیسیۆندا بن و چ ئەو کاتەش دەچنە سەر دەسەڵات، بەتایبەتی لە مەسەلەی پێوەندیی بە عێراق و دروستبوونی کیانێکی تایبەت بە کوردەکان لەم هەرێمەدا. مەگەر تەنیا لە ڕێگەی خۆراکبەخشین بە ئیسلامی پۆپۆلیستی و بەکارهێنانیان وەك گوشارێکی ئاپۆرەیی.

ئیسلامی سیاسی لە ئاستی میدیایی و دیپلۆماسییەتی سیاسیدا، بەرەو شوێنێك دەڕوات وەك ئەوەی بیەوێ سیمایەکی کرانەوەی مەدەنیانە، شەففافییەت و کارکردن لەسەر پرانسیپەکانیان ببێتە کاراکتەریان و پەروەردەی خۆیانی بۆ دوارۆژ لەسەر دابڕێژن. بەڵام ئەگەر ئەو شوێنانە بکەینە پێوەر کە ئیسلامییەکانی کوردستان خۆیان بە درێژکراوەیان دەزانن و دەیانەوێ لێرە ئەو ئەزموونانە دووبارە بکەنەوە، هەمیشە ئەگەری پەشیمانبوونەوەیان لەم سیما و کاراکتەرە هەیە. ئەمە لە ئێران و میسر و سوریاش بە ئاشکرا بینراوە. جگە لە ئەزموونی هاوبیرانیان لە وڵاتانی ئەوروپا و پشوو کورتییان لە ئاست کرانەوەی کۆمەڵگا دیموکراتیکەکانی ئەوروپادا و گەڕانەوەیان بۆ ڕەفتار و هزرینی توندڕەوانە. من هەرگیز نەمتوانیوە لە هاوڕێیانی ئیسلامیستم دڵنیابم سەبارەت بە ڕێزگرتنی بنەماییان بۆ ژیانی مەدەنی و جیاوازیی و بەکارنەهێنانیان بۆ چەکی ئایین لە دژی کۆمەڵگا. بەڵام نامەوێ بڵێم ئەوان بەرپرسیی هەموو توندڕەوییەکی ئایینیانەی ئەم وڵاتەشن.

هاوڕێکانم لە گۆڕان ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە نابینین و ئەوان ئازادن، بەڵام من بە ئاشکرا گوتومە ئەوان لە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا باجێك چاوەڕێیان دەکات و پێویستیش ناکات فەلسەفەمان خوێندبێت بۆ ئەوەی لەم ڕاستییە تێبگەین. لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشە لایەنەکانیتر، بەتایبەتیش پارتی و تا ئەندازەیەکیش یەکێتی، گومانەکانی خۆیان سەبارەت بە هەبوونی «نیەتی شاراوە» لەسەر ئیسلامییەکان، کەم بکەنەوەو لەبەرامبەر ئەمەشدا بکەونە گفتوگۆی ڕاشکاوو شەففاف لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئەوان پێیانوایە دەبنە خاڵی گەمەکردنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵیاندا.

ئیسلامیی سیاسی بەرگریی لە مافەکانی خۆی دەکات و لە پێناوی بەرژەوەندییە گشتی و مەدەنیەکانیشدا خۆی بەجۆرێکی بەرپرسیارانە پیشاندەدات. گوتنی ئەم قسەیە بۆ ئێستا ڕاستە، بەڵام ئەوان «ئێستا» وەك «ئامرازێ»ك بۆ ئامانجێك تەماشا دەکەن و هاوکات بەردەوامن لە کارکردنیاندا بۆ چەسپاندنی بیروڕاکانیان لەلای لایەنگرانی خۆیان و پەروەردەکردنیان بەو جۆرەی کە سیاسەتی ئەوان دەیخوازێت و ئامادەکردنیان بۆ داهاتوو، کە هیچ مەرج نییە درێژکراوەی ئێستایان بێت. ڕاستە کە «گەمەی پشت پەردە» و «نییەتی شاراوە» و «دەسیسە» و «هەلپەرستیی سیاسی»، هەموویان چەمکگەلێکی پاش ڕۆژانی شەڕە ناوخۆییەکانن، بەڵام من هەتا ئێستا نەمتوانیوە قەناعەت بەوە بکەم، کە ئێمە ئەو ڕۆژگارەمان تێپەڕاندووە. هاوکات بەوەی حەز دەکەم پارتی و یەکێتی لەبارەی ئیسلامی سیاسییەوە دووبارە تێڕوانینێکی تر بینا بکەن، بە پێویستییەکی ئەخلاقیشی دەزانم لەناو فەزای نوێی سیاسەتی هەرێمدا وەکو پێویست بواری بەشداریی کردنیان بۆ بڕەخسێت و بەبێ هیچ فیلتەرێك گوێیان بۆ

> **سەرۆکی هەرێم سیاسەتێکی کوردانەتر، ڕاشکاوانەتر و بوێرانەتری گرتۆتە پێش، کە هیوادارم خۆخۆری و خیلافاتی تایبەت لە سیاسەتی هەرێمدا، ئەم دەستپێشخەریانەی لاواز نەکەن**

بگیرێت. ئەمە جگە لەوەی ئەرکێکی ئەخلاقییە قەرەبووی ئەو زیانە مادیی و مەعنەویانەیان بۆ بکرێتەوە، کە لە بارودۆخە گرژەکاندا بەر ئەو لایەنانە کەوتوون و بەیەك چاو و وەك هاووڵاتی تەماشای لایەنگرانیان بکرێت.

داهاتووی کۆمەڵگاکەمان خاڵیی نییە لە ئایین و بەتایبەتیش لە ئیسلامی سیاسی، بۆیە هاوکات بەکرانەوەی ئەم فۆرمە لە ئیسلام لە ئاست ئایین و ئایینزاکانی تر و ڕێزگرتنیان لە مافە دەستوورییەکان، لەوانەش ئازادیی بیروڕا بۆ هەموو تاکێك لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، پێویستە مافی دەستووریی ئیسلامییەکانی کوردستانیش پارێزراو بێت. هەرچەندە ئەوان تاکو ئێستا پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان بۆ ڕابردووی خۆیان نەکردووە. من نازانم گۆڕانخوازەکان تا چەندە لەو هاوپەیمانیەتیەیاندا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا، ئەم خاڵەیان کردۆتە مەرج بۆیان، بەڵام مامەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئیسلامییەکان لەڕووی سیاسییەوە، مامەڵەیەکی تەندروست و تا ڕادەیەکی زۆر باشە بۆ داهاتووی هەرێمەکە.

پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە هاوکات بە گۆڕانێکی بەرچاو لە ئیسلامیی سیاسیدا بەرەو هێوری و بەشداریی سیاسی، گۆڕانێکی بەرچاویش لە تەشەنەسەندنی جۆرێك لە ئیسلامی پۆپۆلیستی و کۆمەڵایەتیانەدا دەبینرێت، بەبێ ئەوەی لە ڕووی سیاسیەوە هیچ گوتار و مەرجەعێکی هەبێت. ڕێی تێدەچێت وەك گوتم، ئیسلامی سیاسی لە شوێنێکدا خۆراکبەخشی ئیسلامی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام ئەوە پرسیارێکە: ئایا لە دۆخی بارگرژی و ئاڕاستەبوونی توندڕەوانەی ئەم فۆرمە لە ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەسەڵات یەخەی کێ دەگرێت؟ هەندێ ئەزموون ئەوە ئاشکرا دەکەن هەرکات شتێکی نەخوازراو ڕوو بدات، تۆ بێیت و یەخەی ئیسلامی سیاسی لە فۆرمە یەکگرتوویی و کۆمەڵییەکەیدا، بگریت، هەڵەیەکی گەورەیە.

### یەکێتی و واقیعبینی:

لە سەردانەکەدا ئەوەی هەستی پێدەکرا گوتاری یەکێتیش سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕان گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە، چونکە یەکێتی لەوە واقیعبینترە کە نەتوانێت کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر کۆمەڵگای کوردی و وەدیهێنانی خەونێکی خۆی کە هەمیشە لە کۆنەستیدا هەبووە، لەسەر دەستی گۆڕانخوازەکان نەبینێت.

بەڵام بە ئاشکرا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی، لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان نەغمەیەکی ڕێزدارانەتر و واقیعبینانەتری بەخۆیەوە گرتووە. یەکێتی گەنجایەتی و ئازایەتی خۆی لە گۆڕاندا دەبینێتەوە، بەڵام ئەو هاوڕێ یەکێتیانەی لەو گەشتەدا بینیمن، داهاتووی خۆیان وەك زنجیرەیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی هاوڕێ گۆڕانخوازەکانم نابینین و لەو باوەڕەدان بزووتنەوەی گۆڕان بەو سووربوونەیان لەسەر نەهێشتنی گەندەڵیی ئابووری و ئیداری، خزمەتێکی زۆریان بە پلانەکانی ئەوانیش کردووە بۆ پێداچوونەوە و بەخۆداچوونەوە.

هەرچەندە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ئەوان و گۆڕانخوازەکان لە ئێستادا ناسکترە لە جاران، بەڵام ئەم دوورکەوتنەوەیە لە نییەتەوە نییە و زیاتر ڕەنگدانەوەیەکی کەسێتی کۆمەڵایەتیانەی ئەوانە لەبەرامبەر یەکتردا، نەك کەسێتی و بۆچوونی سیاسییان. من لە گەشتەکەمدا لە زمان هەردوولاوە، بەدەر لە بۆچوونی سیاسی و جیاوازییان لە پاشوپێشخستنی پرانسیپەکاندا، بە تایبەتی لە بواری لێکدانەوەکانیاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، لە وشەی شیرین زیاتر هیچیترم نەبیست و گوێم لە نەغمەی هەشتاکان و نەوەدەکانی ڕەتکردنەوەی کورد بۆ یەکتری نەبوو. بەمجۆرەش، هەرچەندە کایەی سیاسیی و ململانێی سیاسی نێوان ئەم دوو حزبە لە جوگرافیایەکی بەرتەسکتردایە (شارێك) و ئەمەش ڕێگە بە گرژبوونەوەی لەپڕی ئەم دوو لایەنە لەبەرامبەر یەکتردا دەدات، بەڵام لەوە ئەچێت چیدی هیچ لایەکیان نەگەڕێنەوە بۆ

گرژانە وەك بەدیلێك بۆ سەپاندن و جێبەجێكردنی میكانیزمە سیاسییەكانیان لە ئاست یەكتردا.

لەلایەكیترەوە، یەكێتیەكان لەوباوەڕەدان سیاسەتی ئەوان لەگەڵ بەغدا ئەنجامی باشی بەدەستەوە داوە و نوێنەرەكانیان وەكو پێویست بە ئەركی خۆیان هەستاون. بێگومان ئەم بۆچوونە جێی پرسیارە و سەرچاوەی تر هەن كە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن و باس لە بەفیڕۆدانی كات و زیاد لە پێوست خۆخەریكردنی ئەندامانی لیستی كوردستانی بە كاری بازرگانی و ڕێككەوتنی بازرگانی لەگەڵ لایەنە سیاسیە عێراقییەكاندا دەكەن، لەگەڵ پیشاندانی ترسێكی زۆری كاربەدەستە كوردەكان لە هەندێك لە كەسایەتی و لایەنەكان و خۆ بچووككردنەوە لە ئاستیاندا..

سرووشتی كەسایەتی كورد لە ڕووی مێژووییەوە، لێوانلێوە لە خۆبەكەمزانی لەبەرامبەر بێگانەدا، هەروەها دووڕوویی و نەبوونی یەكدەنگیی لە نێوانیاندا زیانێكی گەورەی بە شوناسی كوردبوونیان گەیاندووە. ساڵی ٢٠٠٣، كاتێك توێژینەوەم لەسەر خۆبەعەرەبكردنی كوردەكان دەكرد، سەرم سووڕما لەو ڕاستییەی كە كورد چ ڕۆحێكی خۆبەكۆیلەكردنی تێدایە. ئەم ڕاستیی و گریمانەیە ڕێگەمان پێدەدات كە بڵێین: ئەو كوردانەی لە بەغدا نوێنەرایەتی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان دەكەن، هەموویان وەكو پێویست ئەركەكانی خۆیان جێبەجێ نەكردووە و هەمیشەش بەدوای ئەو دەرفەتانەدا نەگەڕاون كە لە ڕێگەیانەوە مەسەلەی یاسایی كوردستان و مافەكانی گەلی كورد تەئمین دەكرێن.

پارتی و یەكێتی تا ئێستا بەدەگمەن لەسەر كەمتەرخەمی كەسێكیان بانگكردبێتەوە هەرێم و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكەن. لەبەر ئەوە دەرگای ڕەخنەگرتن لەو كەمتەرخەمیانەی نوێنەرانی كورد بە كراوەیی دەمێنێتەوەو هەتا ئەوەش ڕوونەدات، مەترسیی لەسەر مەسەلەی كورد دەمێنێت. ئەوەی لە میدیاكاندا گوێمان لێدەبێت، بریتیە لە گوتارێكی بەرپەرچدەرەوانەی شەرماویی كوردەكان لە ئاست هەندێك لە سیاسەتەكانی بەغداد، نەك كاركردنی یاسایی و دەستووریی بۆ چەسپاندنی مافەكانی كورد بەپێی دەستوور و یاسا. من لەو بڕوایەدام، كوردەكان لە بەغدا شەڕی دەستوور و یاسایان كردبێتە قوربانیی ڕێكەوتنی سیاسی و بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ كوتلە و حیزبە سیاسیەكانی عێراقدا، یان لانیكەم، خۆشیرنكردنیان لەلای هەندێك دەسەڵاتداری شۆڤێنیست، ئەمەش تەنیا لە بەرامبەر بەرژەوەندیی تایبەت و مامەڵەی بازرگانی و پشكداریی ئابووریی و مانەوەیان لە پۆستەكانیاندا.

من نەمزانی بیروڕای هاوڕێ گۆڕانخوازەكانم لە گردە حەیاتەكە لەمبارەیەوە چیبوو، بەڵام پاساوهێنانەوەی هاوڕێ پارتی و یەكێتیەكانم بۆ پینەكردنی بارودۆخی كورد لە بەغدا، پێ پەسەند نییە. ئەو گورزەی ئەمڕۆ كورد دەیخوات لە دەستی بەغدا، دواكەوتنی لە هەندێك بڕیاری گرنگ، بەشكردنی سامانی نەوت، ملكەچیمان بۆ سیستەمی شەراكەتی سیاسی و ئابووری و بە پەراوێزخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، هەموویان ئەنجامی ئەو خۆبەعێراقیكردنەوەیەن كە لە دوو هەزار و سێوە گیرۆدەی بووینەوە. هەرچەندە ئێستا لایەنی لیستی كوردستانی كەمێك پەشیمانی دەردەبڕن بۆ ئەو وزە زۆرەی لە زیندووكردنەوەی «گورگەتۆپیوەكە»دا، سەرفیان كرد، بەڵام من بۆخۆم تێگەیشتنێكی ئەوتۆم بۆ هاوسۆزی بەرەی ئۆپۆزیسۆن و بەتایبەتیش گۆڕانخوازەكان نییە، لە پیشاندانی نەرمی لەگەڵ بەغدا و هەمیشە ترسی ئەوەم هەیە كە پەرچەكرداری گۆڕان لە ئاست سیاسەتی ناوخۆی یەكێتی و پارتیدا ئەوانی بەرەو سیاسەتێكی دەرەكیی هەڵە لەگەڵ بەغدا بردبێت. چونكە بێگومان ئەگەر پێوەندیی كورد و بەغدا بخرێتە دەنگدانێكی جەماوەرییەوە، بزووتنەوەی گۆڕان ڕێژەی هەرە زۆری دەنگە ناوخۆییەكانی لە ئاست سیاسەتی مامەڵەكردنیان لەگەڵ بەغدا دەدۆڕێنن.

**هاوڕێ پارتییەكانم: ڕزگاربوون لە بیرۆكەی دەسیسەو پیلانگێڕی:**

**هەلێكی تر بۆ كوردەكان هاتۆتە پێش تا میلێكی تری «زیندانی گورگە تۆپیوەكەی عێراق» بشكێنن و بدەنە شەقەی باڵ و لەدەرەوەی خۆبەعێراقیكردنەوە، چێژی ئازادیی تام بكەن**

جاران هاوڕێ پارتییەكانم زۆر بەدگومانتر بوون لە ئاست هاوڕێ یەكێتی و گۆڕانخوازەكانمدا. ئەوان وا بیریان دەكردەوە، كە زۆر لەو شتانەی ڕوو دەدەن، دەسیسە و پیلانیان لە پشتەو هەمیشە پارتی قوربانییە. پارتییەكان هەمیشە وایاندەزانی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان سیناریۆیەك بێت لە دژی ئەوان و ڕۆژگارێك یەكێتی و گۆڕانخوازەكان یەكبگرنەوە. لەم مەسەلەیەدا دیدگایەكی ئەمنی ئامادەیی هەبوو، كە دواجار دەركەوت هەڵەیەك هەیەو پێویستیی بە پیاچوونەوەو داڕشتنەوەی هەیە. هەڵبژاردنی ئەم دیدگایە هاوڕێ پارتییەكانمی بەرەو شوێنێك برد كە تیایدا كەمتر بیر بكەنەوەو زیاتر پەرچەكرداریان نواندو ئەمەش خستنیە بەردەم بڕیارگەلێكی ئەوتۆ كە توورەیی جەماوەریی بەدوادا هاتووە..

ئێستا بارودۆخەكە تەواو گۆڕاوە. پارتی سەنگی مێژوویی خۆی، نەك لە هەرێمەكەدا بەڵكو لە سەراپای كوردستاندا هەستپێدەكات. ئەكتەری نوێ لە سیاسەتی پارتیدا هاتوونەتە ئاراوە، كە مامەڵەیەكی پتر سیاسیانەو ستراتیژیانەتر لەگەڵ یەكێتی و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنیشدا دەكەن. سەرۆكی هەرێم سیاسەتێكی كوردانەتر، ڕاشكاوانەتر و بوێرانەتری گرتۆتە پێش، كە هیوادارم خۆخۆری و خیلافاتی تایبەت لە سیاسەتی هەرێمدا، ئەم دەستپێشخەریانەی لاواز نەكەن، چونكە تاكە وەرەقەیەكە بۆ ئاشتكردنەوەی كۆمەڵگای كوردی و بەرجەستەكردنی مژدەیەكی نوێ. بەڵام ئەوە هەڵەیە كە لە پێناوی ڕازیكردنی نەیارەكان و ئۆپۆزیسیۆندا، دۆست و هاوپەیمانەكانت لەخۆت تووڕە و زویر بكەیت. ڕاگرتنی هاوسەنگی هونەرێكی گەورەیە لە سیاسەتدا. پارتیەكان پێویستییان بە داڕشتنەوەی سیاسەتی خۆیان هەیە لەگەڵ هاوڕێ ئیسلامییەكانمدا. هاوڕێیانی ئیسلامیم خۆیان بە «بریندار» وەسفدەكرد. ئێمە ناتوانین لە بوونی ئەم هەستە لەلای ئەوان تێنەگەین، بەڵام ڕەتكردنەوەشی لە لایەن پارتییەوە، ئەنجامی دڵخۆشكەری نابێت. پارتی پێویستی بەوە زۆرە هەر جۆرە باڵانوڕی و باڵاخوازییەك لەلای خۆی لە ئاست ئۆپۆزیسیۆندا بكوژێت و بە شتی ڕاست بڵێ ڕاست و بە هەڵەش بڵێت هەڵە. لە هەمان كاتیشداو لە پرۆسەی سیاسیدا پێویستە هەمووان بزانن كە ئەوان ئەوە نین كە بۆخۆیان وێنای دەكەن و لە خۆیاندا دەیبینن، بەڵكو پێویستە ئەو وێنانەش ببینن كە ئەوانیتر دەیدەنە پاڵیان و بەهۆیانەوە كەسایەتی ئەوان لە كۆمەڵگادا بەرجەستە دەكرێت.

هاوڕێ گۆڕانخوازەكانم ئێستا لە جاران زیاتر ڕەهەندەكانی پارتی دەبینین. هاوڕێ پارتییەكانیشم بە وردی بەدواداچوون بۆ قسە و گوفتاری هاوڕێ گۆڕانخوازەكانم دەكەن. هاوڕێ پارتییەكانم لەو بڕوایەدان ئەوان بە تەنیا بەرپرسیار نین لە گەندەڵی و نادادوەری، بۆیە نابێت بە تەنیا ئەوان وێنای دوژمنیان پێببەخشرێت. چارەسەرەكەشی بەتەنیا لەلای ئەوان نییە. هاوڕێ گۆڕانخوازەكانیشم لەو بڕوایەدان ئەوان نە دەبنە بەشێك لە گەندەڵی و نە لە ناعەدالەتیش خۆش دەبن و نە بە ئاسانییش متمانە بە پارتی و یەكێتی دەبەخشنەوە لەو دوو مەسەلەیەدا.

لێرەوە، من وەها تێگەیشتم كە هاوپەیمانێتی هاوڕێ گۆڕانخوازەكانم لەگەڵ هاوڕێكانم لە ئیسلامی سیاسیدا، مامەڵەكردن بێت لە ئاستی بنەما و پرانسیپی سیاسی، نەك عەقیدەتی و پەرچەكرداریانە لە ئاست یەكێتی و پارتیدا. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو نیگا ئەمنیەوە بوو كە پێشتر لەلای هاوڕێ پارتی و یەكێتیەكان گوێمان لێدەبوو.

**پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی كورد**

لە مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردیدا، بیر و ڕای سەركردەكانی یەكێتی و بەرپرسەكانی خوارەوە جیاوازیی هەیە. سەركردەكان بە ئاشكرا گوتارێكی نائومێدكەرانەو بەدەر لە ویست و خواستی سەردەمە مێژووییەكە بەرجەستە دەكەن. ڕەنگە ئەمە تاكتیك بێت و حەقیەقەتی مەسەلەكە نەبێت. ئەوەی من لە هاوڕێ یەكێتییەكانی

خۆمەم بیستـــت، جیاواز بوو: ئەوان بە ڕاشکاوانە و بـــەو گومانەوە ئاخۆ کەســـانێك هەبن تەماعێکی تایبەتیـــان لەو دەوڵەتەدا هەبێت بـــۆ بەرژەوەندیی خۆیـــان، خێرهاتنیان لە بیرۆکەکـــە دەکرد. ئەگەر یەکێتی بـــە پێچەوانـــەی ئەمەوە بیـــر بکاتەوە، بـــە بڕوای مـــن دژی خەباتی چەندین ســـاڵەی خۆی و چاندنی بیرۆکـــەی ڕزگاری و ئازادیی دەوەستێتەوە، کە ڕاگەیاندنەکەی لەســـەردەمانی شۆڕشـــی ڕزگاریخوازیی و چەکداریدا پشـــکی ســـەرەکیی بڵاوکردنەوەی ئەو جـــۆرە بیروڕایانەی بەردەکەوێت.

وێڕای خێرهاتنـــی هـــاوڕێ گۆڕانخوازەکانم لەو بیرۆکەیە، بـــەڵام جیاوازیی بیروڕایان لە جۆر و فۆرمی ئەو دەوڵەتە نەدەشـــاردەوە. ئەمەشـــیان لەو گومانـــەوە بۆ هاتووە، کە ئـــەوان ئەزموونی حکومـــداری ئـــەم بیســـت ســـاڵەی دوایی بە ئەزموونێکی ســـەرکەوتوو لە هەمـــوو ڕوویەکەوە دانانێن، لەبەر ئەوە پرســـیارێکی ڕەوا دەکەن لەوەی چ حیکمەتێکی تێدایـــە دەوڵەتێك ڕابگەیەنرێ و فەرمانڕەواییەکەی بدرێتەوە دەست هەمان سیستەم کە پێشتر ســـەرکەوتنی خۆی نەسەلماندووە؟ ئەم پرســـیارەی هـــاوڕێ گۆڕانخوازەکانـــم، هەرگیز ڕێگـــر نییە لەبـــەردەم پشـــتیوانیکردنی ئەوان لە دروســـتکردنی وەها دەوڵەتێك بۆ کورد، بەڵام پێش ئـــەو کارە، لەوانەیە ئەوان بـــە حەزەرێکی زۆرەوە، ڕەنگـــە زۆر ڕۆشـــنبیرانەو تیۆریانـــەش بیر لە دەوڵەتـــی کوردی بکەنەوە، کە ئێســـتا بنەماکانی بەلای ئەوانـــەوە ئامادە نین. مێـــژوو بۆی هەیە هەلی ئازادییەکی ڕاســـتەقینەت بۆ بڕەخسێنێ لە واقیعێکی دیاریکـــراودا، بەڵام مەرج نییە ئەو ئازادییە نموونەیەکی ئایدیالی بێت. ئازادیی شتێکە پێویســـتە خەباتی بەردەوامـــی بۆ بکرێت، نەك بە خەونی ئازادیی ئایدیالییەوە، ئەوەی واقیع شیاو و مومکینی دەکات، ڕەتبکەینەوە.

هاوڕێ ئیسلامییەکانم لە ئاست دەوڵەتی کوردیدا بوون بە داوی خۆیانەوە: ئەوان سەرەتا کە دامەزران، لانیکەم لە چوارچێوە کۆمەڵیی و یەکگرتوویەکەیدا، بۆ ئەوە دامەزران تا لە چوارچێوەی بیروڕا و کراوەیی بیری ئیسلامیانەدا، خزمەت بە کێشەی نەتەوایەتی کورد بکەن. بەڵام ئێســـتا پۆپۆلیســـی ئیسلامی و ئیســـلامی کۆمەڵایەتی و لەتلەتبوونی خۆیان، وەها پیشـــاندەدات کە ئـــەوان دوورن لە بیرۆکەی نەتەوەیی و دەبێت پلانێکی شـــارەویان هەبێت. من وای بۆ دەچم، باوەڕدارانی ئیســـلامی سیاسی لە بەخۆداچوونەوەیاندا لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی و شوناســـی کوردیانەی خۆیاندا، هوشیارانە مامەڵە دەکـــەن، بەڵام هەرگیـــز ناتوان ببنـــە فیلتەری کەمکردنەوەی ئەو تاکڕەهەندیی و توندوتیژییەی لە ئیسلامی کۆمەڵایەتیدا هەیە. حکومەت پێویستە ئەمەیان لـــە ڕێگەی هوشـــیارکردنەوەی خەڵك و یاساوە چارەسەر بکات، نەك تەنیا ئیسلامیستەکان بکات بە چاودێر بەســـەر تەشەنەسەندنی ئیسلامی شەعبییەوە.

**کەشێکی ئارام و گەڕانەوەو کرانەوەی سیاسیی زیاتر:**

ئێستا کەشـــێکی ئارامتر لە ئارادایە بۆ هەموو گفتوگۆیەك و سەرلەنوێ خۆ ئۆرگانیزەکردنەوەی لایەنەکانی دەســـەڵات لە هەرێمی کوردســـتاندا. هەلێکـــی تر بۆ کوردەکان هاتۆتە پێش تا میلێکی تـــری «زیندانـــی گورگە تۆپیوەکـــەی عێراق» بشـــکێنن و بدەنـــە شـــەقەی باڵ و لـــەدەرەوەی خۆبەعێراقیکردنەوە، چێژی ئازادیی تام بکەن. لەم باروودۆخەی هەنووکـــەدا، دووبارەبوونەوەی ڕووداوە ناخۆشەکان و تۆمەت بەخشینەوەکان دەکەوێتە سەر ڕێـــژەی بەخۆدا چوونەوەی لایەنـــەکان و ڕاددەی سوودوەرگرتن لێیان.

ئەوەی کە هاوڕێ پارتی و یەکێتییەکانم حسابێکی جیدی بۆ هاوڕێکانمان لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن لە بەشـــداریکردنیان لە خەباتی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردیدا، نیشـــانەی تێگەیشـــتنێکی واقیعیانەتـــرە لـــەو سیاســـەتە ڕاگەیاندنـــەی پێشـــتر لەســـەری دەڕۆیشـــتن. هاوڕێیانیشم لە بزووتنـــەوەی گۆڕان، وێڕای هەبوونی نەغمەیەکی

> **ئەوەی لە میدیاکاندا گوێمان لێدەبێت، بریتییە لە گوتارێکی بەرپەرچدەرەوانەی شەرماویی کورد لە ئاست هەندێك لە سیاسەتەکانی بەغداد، نەك کارکردنی یاسایی و دەستووریی بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد بە پێی دەستوور و یاسا**


مۆنۆلۆگیانـــەی شۆڕشـــگێرانە، ڕەخنەگرانە و دڵســـۆزانە و ڕاشـــکاوانە قسەیان دەکرد. ئەوان لەوە تێگەیشـــتوون کە پارتـــی و یەکێتی چوڵی ناکـــەن و نیازی جێهێشـــتنی دەســـەڵاتیان نییە، بەڵام ئایا لەبەرامبەر ئەم ڕاســـتییەدا چییدەکەن؟ نازانم و تێنەگەیشـــتم. خۆزگەم دەخواست هاوڕێ گۆڕانخوازەکانـــم لە کابینەی نوێـــی حکومەتدا بەشـــداربوونایەو لە نزیکـــەوە ڕۆژانە خەونەکانی خۆیـــان لە وەدیهاتن بە هـــۆی حکومەتەوە، نزیك بخســـتایەتەوە. بەڵام ئەوەیان نەکـــرد. لە غیابی ئەوەندا هەلی پۆســـت وەرگرتن لەبەردەم کۆمەڵێك کەســـدا خۆش بۆوە کە هەموومان دەزانین ناتوانن لە ئەستۆی بێن. سەرۆکی کابینەکە هەرچەندەش لێهاتـــوو بێـــت، عاقیبەت باجـــی کەمتەرخەمی و مرومۆچـــی و نەشـــارەزایی ئەوانیتـــر دەدات. بزووتنەوەی گـــۆڕان ئەمەی دەزانـــی و بەدیلی باشتری هەبوو، بەڵام بەشداریی نەکرد..

لەگەڵ ئەوەشـــدا هەرســـێ لایەنی یەکێتی و پارتی و گۆڕانخوازەکان، پۆزەتیڤتر قسەیان دەکرد و بیریـــان دەکـــردەوە و ســـەردەمی پەرچەکرداری سایکۆلۆژییان لە ئاست یەکتردا تێپەڕاندووە. ئەوەی لەلای هەرسێکیشـــیان جەختی لەسەر دەکرایەوە، ئەوە بوو کە هەر لایەکیان ســـەرکردەکانی خۆیان بە مەرجەعی سەرەکی دادەنان و چاوەڕوانیشیان هەیە ئەوانیتر حساب بۆ خاڵی «پیرۆزی هاوبەش»یان بکەن. گۆڕانخوازەکان ســـەردانەکانی ســـەرۆکی هەرێم و کەســـایەتیە پارتیەکانیـــان بە ڕێزەوە باس دەکرد، بەڵام ئەوەشـــیان نەدەشاردەوە کە سەرۆکی هەرێـــم ئەرکی خۆیەتی کە هەموو لایەك بەســـەر بکاتەوە. لەســـەردانەکەی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕانیشدا بۆ لای سەرۆکی هەرێم، لە ڕۆژانیی ڕابردوودا دیار بوو، کە ئەوانیش ئەو ئەرکە لە ئاست یەکتردا جێبەجێ دەکەن. بەڵام پێویســـتە سەرۆکی هەرێم و ئەوانیتریـــش دیدارەکانیان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان فراوانتر بکەن، ســـەرۆکی هەرێم لەمجۆرە دیدارانە زیانی نەکردووە. میللەتی خۆی باشـــتر ناســـیوەو لە زمانی دڵی ئەوان تێدەگات و قســـان دەکات. بەرێزیان هەتا دەستپێشخەرتر بێت و کـــراوە و لە خەڵکـــەوە نزیـــك، خەڵکیش زیاتر بەرەوپیـــری دەچێت و لایەن و کەســـایەتیەکانیش ڕەفتاری هاوشێوە دووبارە دەکەنەوە.

من گەشتەکەم زۆر بێ پلان بوو، بەڵام هیچکام لەو لایەنانەی ناوم هێنان پێویستیان بە مەوعیدی پێشوەخت نەبوو، لە هیچ پرسگەیەك ڕایان نەگرتین و کەسیش نەیپشکنین. تەنیا بە تەلەفۆنێك و دیدار ئامادە و دۆستانە لەسەر خوانی گفتوگۆی کراوە. سیاســـییەکانی ئێمە دەبێت لەوە تێبگەن، کە خەڵك دەچێت بۆلایان مافی خۆیانە، پرســـیار و قسەیان هەیە. مەرج نییە بـــۆ کاری تایبەت و داواکاریی تایبەت بێت. سیاســـیەکانی ئێمە تا ئێســـتا وەك پێویســـت خەڵك ناناســـن و خەڵك نابینن، ئەمەش لە بیروبۆچوونیانـــدا ڕەنگیداوەتـــەوەو لەزۆربەی کاتدا دەزانرێ کە بیروڕای ئەوان نیشـــانەی گوێ لێنەبوونە لە فرەیی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا..

پێش ئـــەوەی لە گردە حەیاتەکەی ســـلێمانییە حەیاتەکـــەوە بگەڕێینـــەوە بۆ هەولێـــری دێرین، چووین پیاز، یـــان بنەگوڵمان کڕی. ئەو خانمەی هاوکارمـــان بوو لە گوڵ کرینەکـــەدا، هەرچەندە تەمەنی زۆریش نەبوو، بەڵام بە ڕۆحێکی دایکانەوە پێشنیاری پێکردین، ئەو پێیگوتین: پێویستە پیازی گوڵەکان بکرین تا لەم وەرزی بەهارەدا لە قوولایی خاکەوە ڕەگ دابکوتن. فێریشی کردین چۆن دەبێت خاکەکـــەی بۆ ئامادە بکەین و بنەگوڵەکان بنێژین بە مەرجێ هێندەی سەرەپەنجەیەکیان بەدەرەوە بێت. هەســـتێکی دایکانە بۆ مانـــەوەو پەروەردەکردن لە قسەکانیدا دیار بوو، کە بەدەرنەبوو لە بیرکردنەوەیەکی کوردیانەو ترسی کوردی لە لەناوچوون و وشکبوون و نەمـــان. ڕەنگـــە ئەمـــە ئاماژەیـــەك بێت بۆ ڕۆژگارێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ، کە پێویستە تیایدا ڕیشـــەییانەتر بیر لە مانەوەو گەشـــەکردنی باخچە و گوڵەکانمان بکەینەوە. کوردستان بە بۆنی گوڵەکان خۆشتر دەبێت، نەك بە ژەهر و کیمیایی و ئەنفالی ئەوانیتر.

# کوردستان.. میللەت و سروشت



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

کورد هەر وەکو میللەتانی هیندو هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا بەیەکێك لەو میللەتە دەگمەنانە دادەنرێت کە پێوەندییەکی توندو قووڵی هەیە بەسروشتەوە، تەنانەت لەپێش مێژووشدا لەگەڵ سروشت ژیاوەو بە(میللەتی گوڵی یەکەمین) ناوبراوە، ئەمەش کاتێك ئەو ناوەی لێ نراوە کە لەئەشکەوتی شانەدەر لەگەڵ ئێسك و پروسکی مردووەکان پاشماوەی گوڵ دۆزراوەتەوە، هەربۆیە لەهەندێك سەرچاوەی تردا بە(قوتابی پۆلە پێشەنگەکانی سروشت) ناوی بردراوە، ئەم مێژووە کۆنەش شارەزایی هەزارەها ساڵی پێداوە، ئەمەش شارستانیەتیەکی قووڵمان پێ دەبەخشێت کە ئەمرۆ بۆ پاراستنی ژینگە پێویستمانە. پاپیرانمان بەزانست و شێوازێکی تری مەعریفیەوە لەقۆناغێکی مێژوویدا مامەڵەیەکی راست و دروستیان لەگەڵ سروشت و پاراستنی ژینگەدا کردووە، بەپێی ئەو بەها مێژوویییەی کە ئاینی زەردەشت و مەزهەبی سۆ فیگەری بۆی بەجێهێشتووین((رێزگرتن لە سروشت و ژینگە، مەسەلەیەکی گەوهەرییە))..

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: میللەتێك خاوەنی ئەو مێژووە پڕ شارەزاییە بێت، ئەی بۆچی فەلسەفەی ژینگەییمان لەدەست دەرچووە؟

کاتێك لەلایەن هەردوو زانکۆی ئەمەریکی (یال و کۆلۆمبیا) بەهاوکاری لەگەڵ مونتەدای ئابووری جیهانی(WEF ) نیشانەی ئەدای ژینگە بۆ ٢٠١٢ راگەیەنرا و تێیدا ١٣٢ وڵاتی جیهانی پۆلێنکرابوون لەسەر ٢٢ نیشانە دەربارەی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی پیسبوونی ژینگەو مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەرامەتە سروشتیەکان و بونیاتنانی سروشت و ئەو سیاسەتە پەیرەوکراوانەی بۆ ئەم مەبەستە لە١٠ ساڵی رابردوو گرتوویانەتە بەر، تێیدا هەریەك لەسویسراو لاتیڤیاو نەرویج و لۆکسمبۆرگ لەپێشەنگی هەرە باشی ئەو وڵاتانەوە هاتن کە ئاستی سیاسەت و ئەدای پاراستنی ژینگەییان بەرزە، لاتیڤیا کە پێش ١٠ ساڵ لەمەوبەر لەخراپی پاراستنی ژینگە دەوڵەتێکی هاوشێوەی عێراق بوو بەڵام بەهاوکاری یەکێتی ئەوروپا بووە بەدووەمین وڵاتی باش لەجوانکردنی ژینگەدا، لەکاتێکدا هەریەك لە عێراق و کازاغستان و تورکمانستان لە هەرە وڵاتە خراپەکان ناویان هاتن، کوردستانیش بەو پێیەی بەهەرێمێك دادەنرێت کە کەوتۆتە ناو سنووری عێراقەوە، هەربۆیە پلەی ١٣٢یەمین کەدرابوو بەعێراق و هەرێمی کوردستانیشی دەگرتەوە..

تەندروستی لەش و سروشت و ژینگە پێوەندییەکی تا ئەم نزیکانەش سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا بوونی نەبوو بۆ پێشخستنی گوندو چاککردنی ژینگە کە ڕێگە لەبەردەم کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ ناو شارەکان، بوونی ناهاوسەنگی لەنێوان داهاتی شارو گونددا کە هاوکاتە لەگەڵ تێکچوونی ژینگەی گوندەکان هاندەر بوون بۆ خێراترکردن و زیادکردنی ئەم کۆچکردنە.

بەپێی ئەو ماستەرپلانەی پەرەپێدانی گوند کە لەساڵی ٢٠٠٥ نووسیمەوەو تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە»بوونی ناهەوسەنگی لەنێوان پێشخستنی شارنشین و گوندنشین بەگەورەترین گرفتەکان دادەنرێت کە وایکردووە گەنجەکان کۆچ بکەن و پیرەکان بمێننەوە، هەربۆیە پێویستە لە رێگای هەردوو پرۆگرامی (ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بووژانەوەی دارستانەکان) بەخێرایی سیستەمەکە چاك بکرێتەوە، بەبەرنامەیەکی بەردەوام تا ئابووری کشتوکاڵیی کە هەمان بووە سەرلەنوێ بگەڕێتەوەو لەکشتوکاڵێکی تەقلیدی بۆ کشتوکاڵی بازرگانی و پیشەسازی هەنگاوبنرێت و داهاتی لە١٧٪ و نەوتی خاو لەخزمەتی گەشەکردنی کشتوکاڵ و پاراستنی ژینگەدا بێت نەك بەپێچەوانەوە.

گرفتێکی تریش ئەوەیە زۆربەی بوارەکانی کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە لەژێر کۆنترۆڵی جۆریدا نییە، کۆنترۆڵی جۆریی لەکوردستان تاقیگەی هەیە، سیستمی هەیە، بەڵام بێ دەسەڵاتە، ئەمە جگە لەخراپی ژینگەی کارکردن و جگەرەکێشان و چەندین بواری تر .

**کۆنترۆڵی جۆریی لەکوردستان تاقیگەی هەیە، سیستمی هەیە، بەڵام بێ دەسەڵاتە**

کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم بۆ کارکردن لەبواری ژینگەدا لەم ماوە کورتەدا تەنیا دەتوانێت پلان و بناغە دابنێت بۆ هەنگاونان بەرەو پاراستنی ژینگە، ئەم پلان و بەرنامەیە پێویستە هاوکات بێت لەگەڵ هەڵمەتی هۆشیاری و مەعریفەیی.

پێویستیمان بەسیاسەتێکی گشتی و بەردەوام هەیە تاوەکو لەلیژنەیەکی باڵا ئیدارەی بەردەوامی هەموو دەرامەتە سروشتیەکان بکەین، کە ڕووبەڕووی وێرانکاری بۆتەوە بۆ نموونە لەبواری دارستانەکاندا زیاتر لە ملیۆنێك و دووسەد هەزار هێکتار وێرانبووە و تەنیا ٨٠٠ هەزار هێکتار ماوە، هەربۆیە پێویستە خۆمان لەوێرانکردنی ژینگە بپارێزین کە توانامان نییە چارەسەری بکەین .

لیژنەی باڵا بەهاوکاری کۆنترۆڵی جۆریی هاوکار بن بۆ خۆئامادەکردن بۆ پلانی فریاکەوتنی خێرا.

تەمویلی توێژینەوەو هەڵمەتی هۆشیاری میللی زۆر پێویستە، پەرەپێدانی بەردەوام داواکارە دەرامەتە سروشتیەکان بەکار بهێنرێت بەپاراستنی بۆ نەوەی داهاتوو، هاوکات چۆن و لەکوێ و بەچ شێوازێك خزمەت بگەیەنێت ئەمەش ئیلتزامی سیاسی پێویستە.

# وەبەرهێنان بەشدار نەبووە لە پرۆسەی پەرەپێدان

وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی بیانی بەتایبەتی لەڕووی یاسایی و ئابووری و سیاسی و بوارەکانی ترەوە هەلومەرجێکی تایبەتیی هەیە، دەتوانین لە (ژینگەی وەبەرهێنان) کورتی بکەینەوە، بۆ ئەم ژینگەیەش شتێکی سروشتیە کاتێك نارێکی تێبکەوێت یا وەبەرهێنان کەم بێتەوە، چونکە سەقامگیری سیاسی و تەشریعی و ئاسایشیی لەو فاکتەرە گرنگانەن کە وەبەرهێنان سەردەخەن، تا ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراق، وەك دەزانن بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا نا سەقامگیرە، ئەوەش راستەوخۆ کار لە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی هەرێم دەکات.

وەبەرهێنان پرۆسەیەکی گرێبەندە بەسیستەمی ئابووری بازاڕەوە، راستە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا یاسای تایبەت بە وەبەرهێنان هەن، کە کۆمەڵێك هاندان و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێن تێدایە، بەڵام بارودۆخی سیاسی بەگشتی لە عێراقدا سەربەخۆ نییە بەهۆی ئەو ململانێ و کێبرکێیانەی لەنێوان لیستە سیاسیەکاندایە کە هەریەك بۆ خۆی هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات کە بەهۆیەوە ئابووری وڵات دەکەوێتە بەر هەڕەشەو هەروەها ناوبەناو باس لە هەموارکردنی دەستوور دەکەنەوە بۆ دەرچواندنی چەند یاسایەکی تایبەت بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت. هەموو ئەمانە دەبنە نیگەرانی لەلای وەبەرهێنی بیانی و بەسلبی کار لە هەرێمی کوردستانیش دەکەن، چونکە مەسەلەکە پێوەندی نییە بەهەبوونی یاسایەکی باشەوە بۆ وەبەرهێن، چونکە یاسا گۆچانێکی ئەفسووناویی بەدەستەوە نییە تا وەبەرهێنان بەرەو هەرێم رابکێشێت، بەڵکو پێویستە پێداویستیەکانی تر مسۆگەر بکرێت . تاکو ئێستاش هەرێمی کوردستان لە فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی ژێرخاندا کەموکوڕی هەیە، بەنموونە کارەباو ئاوو ئاوەڕۆ، هەروەها خزمەتگوزاریەکانی بواری بانکی و دارایی و هەروەها خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنی و پاراستنی موڵکیەتی فیکری و دڵنیایی. بازاڕەکانی کوردستان دەناڵێنێت بەدەست کەمی پسپۆرو شارەزای مەشق پێکراوی هونەری، بۆیە دەبینین تەنانەت وەبەرهێنانی سادە لەبواری نیشتەجێبوون و جێشتخانەو هۆتێلەکاندا لەلایەن وەبەرهێنی بیانییەوە کرێکارو کارمەندی دەرەوەی کوردستانیان لا باشترە وەك لەدەستی کاری کوردستانی.

ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی لەژێر سایەی ململانێی حزبەکان چ ئەوانەی لە دەسەڵاتن یا لە ئۆپۆزسیۆنن رۆڵێکی زۆریان هەیە لە دارشتنەوەی بڕیارەکانی وەبەرهێنی بیانی، بۆیە ئەرك دەکەوێتە سەر حکومەتی نوێ، بۆ ئەوەی پێش هەرشتێك بگەڕێن بەشوێن میکانیزمەکانی سەقامگیری سیاسی لە هەرێمدا، هەروەها کەمکردنەوەی ململانێی حزبی، چونکە ئەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردستانیدا دەگوزەرێت، وێنەیەکی تەواو سلبی لەسەر بارودۆخی هەرێم نیشان دەدات، ئەمەش پێویستی بەچارەسەرە لە لایەن حکومەتی نوێوە، هەروەها ئەرکێکی تریشی لەسەر شانە، ئەویش هەوڵدان لەوەی هەندێك یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە کە بەهۆیەوە زەمانەت و ئاسانکاری زیاتر بۆ وەبەرهێن بکات و کار ئاسانی بۆ پرۆژەکانیان بکات. سەرەڕای ئەمانەش پێویستە رۆڵی وەزارەتەکانی تر لە پرۆسەی وەبەرهێناندا کارا بکەنەوە تا پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کە پێوەندی بەوانەوە هەیە سەرکەوتوو بن. کاری تری حکومەتی تازە ڕێگرییە لە قۆرخکردنی یاسای وەبەرهێنان یا خراپ بەکارهێنانی ئیمتیازات لەیاساکەدا، بەهۆی وابەستەیی نفووزی سیاسی و حزبیەوە، پرۆژەکانی وەبەرهێنان خزێنراونەتە بازنەی چەند توێژێکی دیاریکراو ئەمەش بووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونێکی زۆر بۆ چەند کەسێك لەسەر حسابی داهاتی گشتی خەڵك. هەروەها لەسەر حسابی خراپ بەکارهێنانی یاساکان، پێویستە هاوکات رۆڵی دەزگاکانی وەبەرهێنان ئەوانەی کە توێژینەوە ئەنجام دەدەن بۆ پرۆژە ئابوورییەکان ئەکتیڤ بکرێنەوە هەروەها رۆڵی چاودێری و بەدواداچوونی پرۆژەکان ئەنجامدانیان لەکاتی خۆیدا بخرێتە ئەستۆی چەند لیژنەیەکی پسپۆرەوەو سەرپێچیکارانیش بدرێنە دادگا، ئەم هۆکارانەو زۆری تریش وا دەکەن وەبەرهێنان ئاراستەیەکی واقیعی و ڕاستەقینە وەربگرێت و لەپرۆسەی پەرەپێداندا بەشدار بێت بەپێچەوانەی ئەمەشەوە وەبەرهێنان وەك ئێستا لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوەو هیچ پارەیەك بەرەو هەرێم ناهێنێت، تەنانەت تەکنەلۆژیای تازەش بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی کاری تازە ناگوازێتەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان.

*** شارەزا لەبواری یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی**



دکتۆرحوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا*

**یاسا گۆچانێکی ئەفسووناویی بەدەستەوە نییە بۆ راکێشانی وەبەرهێنان، پێویستە پێداویستیەکانی تر لە پاڵیدا مسۆگەر بکرێت**



# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕژێمی ئەسەد بێزار بووە

## چاوەڕێی ڕاپۆرتی چاودێرەکانی دەکات

هیچ کەس هێندەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەسفی بەشار ئەسەد و ڕژێمی سوریای نەکردووە، ئەو یەکدوو مانگ پێش ئێستا لەمیانەی سیمینارێکدا کە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی نێودەوڵەتی (CISS) بۆ ڕێکخرابوو، ئاماژەی بەوەکرد، ئێمە بەوجۆرە لەئەسەد چاوەڕوان بووین کە لاسایی گۆرباچۆف بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لاسایی میلۆسۆڤیچ دەکاتەوە، ئەم قسەیەی ئۆغلۆ کە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بەوەی ئەسەد بەهاوشێوەی میلۆسۆڤیچ گەلەکەی خۆی کۆمەڵکوژ دەکات، لەهەمانکاتدا تانەیەکیشە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی دەستوەستانە لەوەرگرتنی بڕیارێك بۆ کۆتایی هێنان بەو کۆمەڵکوژییە، ئێستاش پاش دوومانگ تێپەڕبوون بەسەر ئەو قسەیەی ئۆغلۆ ڕاستە ئەسەد بەپێشنیارەکەی ئەنان ڕازی بووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك چاودێری ڕەوانەی سوریا کردووە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و لەگەڵ ئەوەی جۆن ئەرنست وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاندووە هەست بەنائومێدی دەکەن لەهەمبەر ڕەفتارەکانی ئەسەد بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی لەهەمانکاتدا ئاماژەی بەوە کردووە خەریکە سەبریان نامێنی، بەڵام ئەم دەستەواژە دیپلۆماتیانەی لەماوەی ساڵی ڕابردوو بۆ تەنگژە و توندوتیژییەکانی سوریا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ ڕژێمی ئەسەد بەکار هات و هەڕەشەی پێدەکرد، لەبەر ئەوەی هیچ ئاکامێکی بەرچاوی لێنەکەوتۆتەوە، بۆیە هیچ چاودێرێك ناتوانێت بەو ئاستە سەیری بکات کە ئەم گوتە دیپلۆماتیانە دەبنە هۆکارێك بۆئەوەی هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی یەککگرتوو بەرامبەر بەئەسەد دروست بێت و گەلی سوریا لەو نەهامەتی و خوێن ڕشتنە ڕزگار بکرێت.

### نەتەوە یەکگرتووەکان

### ئەسەد بەپێشێلکاریی تۆمەتبار دەکەن

هەفتەی ڕابردوو باڵیۆز ئیدوارد گونیم کە تا ساڵی ٢٠٠٥ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەئەردەن، لەدیمانەیەکی تایبەتدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندین کە سەرەنجام ئەسەد پێشنیارەکەی ئەنان پێشێل دەکات و چاودێرە نێودەوڵەتیەکان بەناچاری سوریا بەجێ دێڵن، ئەم حاڵەتە بۆ ئێمە کە لەعێراقدا دەژین و ئەزموونی نزیکەی ١١ ساڵمان لەگەڵ هات و چوونی چاودێرە نێودەوڵەتیەکان بۆ پشکنینی چەکە کۆکوژەکانی عێراق هەیە، هەست دەکەین ڕاپۆرتی چاودێران لەوانەیە هێرشێکی سەربازی چەند ڕۆژی لێبکەوێتەوە، هەروەك چۆن لەسەردەمی کلینتۆن و بلێردا بۆ چەند ڕۆژێك هێرشی سەربازی کرایە سەر عێراق و پاشان ڕاگیرا، بۆیە کە باسی چاودێری نێودەوڵەتی دەکرێت بەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەنیازە ٣٠٠ چاودێر بنرێتە سوریا و پێشتریش کۆمکاری عەرەبی چاودێری ناردبوو هیچ سوودێکی نەبووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ئەلیکسەندەر تۆمپسن ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی ئۆهایۆ و تایبەتمەند لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد بەوەی ئایا تاچەند ئەم چاودێرانە کاریگەریان هەیەو تاچەند لێدوانەکەی بان کی مۆنی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان سەبارەت بەپابەندنەبوونی ئەسەد بەپێشنیارەکەی ئەنانەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی گەورەتر هەڵبگرێت، لەوەڵامدا پرۆ فیسۆر تۆمپسن بەمجۆرە بۆ گوڵان ڕای خۆی خستەڕوو: (پێموایە ناردنی چاودێرەکان بەو ئومێدە بووە کە بەشار ئەسەد لەترسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و چاودێرەکان سەرکوتکارییەکانی کەمبکاتەوە، هەروەها پێموایە کە ئەمە



که بریتییه لەناردنی چاودێر بۆ سوریا بۆئەوەی کە ئەگەر هات و هێزەکانی ئەسەد هێرشیان کردە سەر چاودێرەکان ئەوکات ئەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش دەبێت بەپاساوێك بۆئەوەی ئیجرائاتەکانی بەرەوپێشەوەبەرێت و هاوکات یاریدەدەر دەبێت بۆ وڵاتانی ئەندام لەئەنجوومەنی ئاسایش کە لەگەڵ دەستێوەردانن لەسوریا بۆئەوەی بەرهەڵستکارییەکانی ڕوسیا و چین ببەزێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێشبینیی زۆر شت لەچاودێران ناکرێت، هاوکات ئەوەشتان لەیاد نەچێت کە هێشتا هەموو چاودێرەکان نەگەیشتوونەتە سوریا لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاریدا بۆ ناردنی ٣٠٠ چاودێر بۆ سوریا و هێشتا چاودێرەکان هەر لەگەیشتندان، هەڵبەتە ٣٠٠ چاودێر بەس نییە بۆ ڕووماڵکردنی وڵاتێکی خاوەن ٢٠ ملیۆن نیشتەجێی وەکو سوریا، بۆیە بەڕای من ئەگەر هەیە گۆڕانکارییەکی تەدریجی

**ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لەگەڵ وەستانی توندوتیژین لەسوریا و پێدەچێت هیچ مەبەستێکیان نەبێت بۆ گۆڕینی ڕژێمەکە**

بێنێتەدی، بەڵام مەرج نییە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لێبکەوێتەوە. سەبارەت بەهەڵوێستەکەی بان کی مۆنیش من ئەم بەیانییە لەهەواڵەکاندا خوێندمەوە کە سوریا سەرپێچیی لەپلانی ئاشتی کردووە، بۆیە پێموایە کە چاودێرەکانیش هەر هەمان شت لەڕاپۆرتەکانیاندا دەنووسن لەوبارەیەی کە ئەسەد تەنیا چەند خاڵێکی لەپلانی ئاشتی جێبەجێکردووە و سەرپێچیی لەزۆربەی خاڵەکان کردووە، بەڕای من شتێکی گرنگە کە نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرانی سەربەخۆی ناردووە بۆ خستنەڕووی ئەو لایەنانە بەتایبەتی گواستنەوەی ڕاستییەکانی سەر ئەرزی واقیع و بوونیان وەکو شایەتحاڵێك بۆ ڕووداوەکان، هەربۆیە بەڕای من بوونی چاودێرەکان کاریگەریی هەیە و پێگەی ئەو وڵاتانە بەهێزتر دەکات کە لەگەڵ دەستێوەرداندان

**نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی ترس نییە لەئیسلامیستەکان، بەڵکو نیگەرانییەکانیان پەیوەستە بە بەرژەوەندیی سیاسیی هەندێك لەوڵاتان کە بۆ ئێستا بارەکەیان ئاڵۆزکردووە**

و هاوکات پێگەی ئەو وڵاتانە لاوازتر دەکات کە لەدژی دەستێوەردانن.. هۆکارێك لەهۆکارەکانی دەستێوەردانیش بریتییە لەوەی ئەمڕۆ کارەساتی مرۆیی ڕوودەدات، هەربۆیە بەڕای من لەڕووی پشتگیری لەدەستێوەردان لەسوریا و لەمەودای کورتدا پێویستە لەو ڕوانگەیەوە سەیری کەیسەکە بکەین تاکو ئەمڕۆ هەزارەها هاووڵاتی کوژراون، پێویستە جەخت لەم لایەنەی کەیسەکە بکەین، لەلایەنێکی دیکەوە ئەوەتان لەیادنەچێت کە پلانەکەی کۆفی ئەنان هیچ خاڵێکی تێدا نییە لەبارەی دەستکێشانەوەی ئەسەد لەدەسەڵات، بۆیە دەتوانم ئەو ڕاستییە بڵێم کە ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر لەگەڵ وەستانی توندوتیژین لەسوریا و پێدەچێت هیچ مەبەستێکیان نەبێت بۆ گۆڕینی ڕژێمەکە.. هەروەها کە دەشڵێن پلانەکەی ئەنان شکستی هێناوە، دەزانم مەبەستتان چیە لەو شکستهێنانە، بەڵام من پێموایە کە پلانەکە تائاستێك سوودی هەبووە لەبەرئەوەی کۆفی ئەنان توانیی لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی بۆ سوریا بڕوات و پلانی ئاشتییەکە بەئەسەد واژۆبکات و ئێستا مەسەلەکە لەو قۆناغەدایە کە چاوەڕوان دەبین بۆئەوەی بزانین ئەسەد پابەند دەبێت بەخاڵەکانی پلانەکە یان نا، ئێستاش ڕوون و ئاشکرایە کە پابەند نەبووە، بۆیە دەتوانین لەلایەنێکەوە بڵێین پلانەکە شکستی بەدەستهێناوە، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە پلانەکە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی کۆفی ئەنان کردی تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ئەسەد بەوشێوەیەی کە ژمارەیەك هەڵبژاردنی خستە بەردەم ئەسەد، بەڵام ئەسەد سەرپێچیی لێیکردووە، بۆیە ئەمە پێگەی هەندێك لەو وڵاتانە

لاواز دەکات وەکو ڕوسیا و چین کە بەرهەڵستکاری لەدەستێوەردان دەکەن و هاوکات زانیاری زیاتر بەئێمە دەبەخشێت بۆ زانینی زیاتر لەبارەی مەبەستەکانی ئەسەد، بۆیە ئەمڕۆ شتەکەمان بۆ ڕوون و ئاشکرا بووە کە ئەسەد بەنیازە لەوە زیاتر بڕوات لەپێناوەی مانەوەی لەدەسەڵات و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە)).

ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆر تۆمپسن ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت دەستێوەردان لەسوریا بکات، بەڵام چاودێرانی دیکەی بارودۆخەکە پێیانوایە ئەم مانۆرانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر سوریا دەیکات بۆ ئەوەیە دەستێوەردان نەکات و کات بەفیڕۆدانە هەتا دەگاتە ئەوەی ڕژێمی ئەسەد لەناوەوە بڕووخێت، پرۆفیسۆر ئوموت ئۆزکیریملی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەستەنبوڵ و تایبەتمەند لەسیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان، ناردنی چاودێر بۆ سوریا بۆ ئەو مەبەستە نابینێت کە ئاستی توندوتیژی لەسوریا کەمبێتەوە، بەڵکو دەیانەوێت بەشار ئەسەد بترسێت و خۆی ئەو کارە بکات بەبێ ئەوەی دەستێوەردان بکەن، لەم مبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان، بەمجۆرە بۆچوونی خۆی خستەڕوو و وتی: (بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێرانی بۆ سوریا ناردووە لەپێناو ڕاگرتنی توندوتیژی، دەیانەوێ خودی بەشار ئەسەد بەخۆی ئەو کارە بکات بەبێ ئەوەی دەستێوەردان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە جاری دووەمە چاودێران دەچنە سوریا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە، بۆیە دەکرێت چاودێر لەتورکیاشەوە بنێرن بۆ سوریا و لەوانەیە ناردنی چاودێرانی تورکیا بۆ سوریا ببێتە هۆکاری ئەوەی نەوایەکی ئارام لەناو سوریا بۆ پەناهەندەکان دروست بکرێت، من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا لەرێگەی لێدوان و گوتارەوە لەگەڵ ئەوەن توندوتیژی و خوێن ڕشتن لەسوریا

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا لەرێگەی لێدوان و گوتارەوە لەگەڵ ئەوەن توندوتیژی و خوێن ڕشتن لەسوریا ڕابوەستێت**

**ئەگەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیەوێت دەستێوەردان بكات، ئەوە لەماوەی ٣ مانگدا دەستێوەردان دەكات تەنانەت بەبێ چاوەڕوانی بۆ بڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكان هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی كە ڕوویدا لەلیبیا و عێراق و ئەفغانستان**

ڕابوەستێت، ئەمەشیان بەوجۆرە دەوێت كە دەستێوەردان نەكەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ئاسان نییە، بۆیە من وای دەبینم ئەمە بەفیڕۆدانی كاتە لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، بۆیە ڕاشكاوانە دەڵێم من بڕوام بەچاودێرە نێودەوڵەتییەكان نییە و هیچیان پێ ناكرێت، ئەوا ساڵێكە ئەم بارودۆخە لەسوریا هەیە، بەڵام ڕوون و ئاشكرایە كە بەشار ئەسەد بەو ئاسانییە و بەڕەزامەندیی خۆی ناڕوات و تەنانەت ئامادە نییە هەماهەنگ بێت، هاوكات گومانم لەوە هەیە كە تەنیا وڵاتێك یەك لایەنە دەستێوەردان لەسوریا بكات بەتایبەتی توركیا كە تاكە وڵات بوو ئامادەباشیی خۆی دەربڕیبوو بۆ دەستێوەردان و پێموایە ئەنجامی نادات لەبەرئەوەی سەركەوتوو نابێت، چونكە دەستێوەردان خوێنڕشتنی زیاتر لێ دەكەوێتەوە، بۆیە لەبری ناردنی چاودێر و سەپاندنی سزای ئابووری كە ئەویش دەركەوت بێسوودە لەبەرئەوەی سزای ئابووری تەنیا زیان بەهاووڵاتیانی سوریا دەگەیەنێت و تەنیا ئەوان بەدەستیەوە دەناڵێنن نەك بەشار ئەسەد، بۆیە بەڕای من پێویستە كۆدەنگی هەبێت لەنێو ناتۆ یانیش هێزی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بەئەمریكا-شەوە لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا و توركیا بۆ دەستێوەردان لەسوریا.))

### دەستێوەردانی نێودەوڵەتی وەك ئەگەرێكی دوور

توركیا ئەو دەوڵەتە بوو كە پێشتر مەزندەی ئەوە لێدەكرا ببێتە ڕێڕەوێكی ئەقلیمی بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و كۆتایی هێنان بەو تەنگژە خوێناوییەی ماوەی ساڵێكە لەسوریا درێژەی هەیە، بەڵام هێشتا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە، سەبارەت بەم بێدەنگییەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسیارمان لەپرۆفیسۆر عیماددین ئەحمەد سەرۆكی سەنتەری منارە بۆ ئازاد (Minaret of freedom institute) لەئەمریكا و خاوەنی خەڵاتی دیموكراتی لەساڵی ١٩٩٨، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا و هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێكرد و لەمبارەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (هەموو لایەنەكان، بەچاوپۆشین لەوەی چ نیازێكیان هەیە لەمەودای دووردا لەسەر ئەوە هاوڕان كە ڕەوانەكردنی چاودێران یەكەم هەنگاوی پێویستە بۆ دەرخستنی ڕاستیەكان و دیاریكردنی ئەوەی ڕوودەدات. هەندێ لایەن ئومێدی ئەوە دەكەن لەڕێی گفتوگۆوە چارەسەرێك بۆ كێشەكە بدۆزرێتەوە، هەندێ لایەنی دیكەش پشت بەجۆرێك لەدەستێوەردانی سەربازی دەبەستن، لەنێوان ئەو دوو هەڵوێستەشدا بیروبۆچوونی دیكە هەیە، بەڵام ئەوەش مایەی تێگەیشتنە كە پێویستە چاودێران ڕەوانە بكرێن بۆئەوەی ڕاستیەكان بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگوازنەوە، لەبەر ئەوەی ناكۆكی هەیە لەبارەی ڕاستیەكانەوە. لەبەر ئەوەی سەبارەت بە بەرزبوونەوەی توندوتیژی ڕژێمی سوریا باس لەوە دەكات كە لەنێو خۆپیشاندەراندا خەڵكانی چەكدار و سەربازی هەن، تەنانەت چەكداری ئەلقاعیدەش هەن كە پەرە بەتوندوتیژی دەدەن و ئەو میلیشیانەشی كە لەسوپای سوریا جیابوونەتەوە بانگەشەی ئەوە دەكەن خۆپیشاندانەكە تا ڕادەیەكی زۆر ئاشتیانەیە و توندوتیژیەكە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە ئەنجام دەدرێت. ئەمە یەكەم شتە كە دەبێت چاودێران ڕاپۆرتی لەبارەوە بنووسن بۆ ئەوەی پشتیوانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كۆبكرێتەوە بۆ هەر هەنگاوێك كە لە داهاتوو دەنرێت. بۆیە من پێموانییە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو بێت،

**دۆخی سوریا دۆخێكی لەرزۆك و مەترسیدارە و ئەو دەرئەنجامە ئیجابییەی ڕەنگە بێتەئاراوە ئەوەیە جیابوونەوە لەسوپای سوریادا ڕوویدات**


بەڵكو دابەش بووە، بەڵام ئەگەر ڕژێمی سوریا بەردەوام بێت لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگایەی ئێستای، ئەوا ئەو دابەشبوونە بەرەو كەمبوونەوە دەچێت. پێموایە لەمەودای دووردا هەڵوێستە جیاوازەكان تا ڕادەیەك وەك خۆیان دەمێننەوە لەبارەی سەركوتكاری توندوتیژانەی ڕژێمەكانی دیكەوە بۆ هەر ڕاپەڕینێكی ئاشتیانە. واتە كەسانێك دەبن داوای دەستێوەردانی سەربازی دەكەن و كەسانێكیش دەبن پشتیوانی ئەوە دەكەن مەسەلەكە بۆ خەڵكەكە جێبهێڵرێت، هەروەها كەسانێكیش دەبن كە پاڵپشتی سەپاندنی سزای جۆراوجۆر دەكەن بەسەر ڕژێمەكەدا.. هەندێ كەسی دیكە داوای دروستكردنی ناوچەی دژەفڕین دەكەن كە من نازانم ئایا هیچ سوودێكی دەبێت لەدۆخی سوریادا. پێموایە بەحوكمدان لەحاڵەتەكانی دیكەی دەستێوەردانەوە، ئەوا ئەنجامە گشتیەكە ئەوەیە كە كاریگەری سلبی هەبووە، بۆ نموونە، ئەگەر لەلیبیا بڕوانیت، ئەوا

**سزاكان زیان بەهاووڵاتیان دەگەیەنێت و لەمبارەیەوە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمەودایەكی دووردا و لەڕووی سیاسییەوە سەركەوتوو نابێت**

خراپترین دەرئەنجامە كە لەدۆخەكە كەوتۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەستێوەردانەكە دەستێوەردانێكی پێوانەكراو بوو، هەروەها ئەگەر لەڕووخانی ڕژێمەكەی سەددام حوسێن بڕوانین، ئەوا ئەو بارودۆخەی دوای ئەو دروست بوو دووربوو لەبارودۆخێكی میسالیەوە........ئەگەر لەسزادانی سەر ئێران بڕوانیت، ئەوا هێشتا ئەنجامی ئیجابیان لێنەكەوتۆتەوە، بەچەشنێك نە ئەوانەی خوازیاری ڕووخانی ڕژێمەكەن و نە ئەوانەی خوازیاری ئەنجامدانی هەندێ چاكسازی ناوخۆیین ئەوەیان بەدەست نەهێناوە كە ویستویانە، هەروەها ئەگەر لەسزاكانی سەر عێراقیش بڕوانین، ئەوا ئەوەندەی ئەم سزایانە كاریگەریان لەسەر خەڵكی عێراق هەبوو، ئەوەندە كاریگەریان لەسەر سەددام و كەسانی نزیكی نەبوو. ئەگەر لەتونس و ئەزموونی میسر بڕوانین، كە ئەزموونێكی تایبەتە، ئەوا دەبینین هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی هاوكاربوون

لەوەی سوپا پشت لەڕژێمەکەی موبارەك بکات، ئەگەرچی تا ئێستا سوپا ئامادەنییە دەست لەو پێگە تایبەتە هەڵگرێت کە لەدیکتاتۆریەتی سەربازیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی میسر بەئاراستەیەکی ئیجابیدا دەڕوات کە توندوتیژیەکی کەمتر روویدا بەبەراورد بەوڵاتانی دیکە)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و وەك مەزندەیەك بۆ رووخانی رژێمی ئەسەد و ئەلتەرناتیڤی رژێمەکەی ئەسەد و دۆخی پێکهاتە جیاوازەکانی سوریا کە کورد یەکێکە لەپێکهاتەکان و تا ئێستا مافی هاوڵاتیبوونیشی نییە، پرۆفیسۆر عیماددین لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان گووتی: (پرسی بەدیلی بەشار ئەسەد پرسێکە لایەنگەلێکی جۆراوجۆری



ئوموت ئۆزکیریملی بۆ گوڵان:

## تاکە شت کە تاکو ئێستا تورکیا نەیکردووە دەستێوەردانی سەربازییە

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەحساباتی خۆیاندا تاتویێ دەکەن، بەڵام ئیعتیباراتی دیکەش هەیە لەمەسەلەکەدا، بۆ نموونە دەبێت لەوە بڕوانین کە لەبەشەکانی دیکەی جیهان چ روویدا، کاتێك رژێمەکان رووخێنران، بۆئەوەی ئیعتیباراتی دیکە لەبەرچاو بگیرێت، یەکێك لەو مەسەلانە پرسی کەمینەکانە. نەك تەنیا لەسەر ئاستی تائیفی و دابەشبوونی شیعە و سوننە، چونکە ئێمە دەزانین عەلەویەکان لەسوریا حکومڕانن ئەوانیش کەمینەن و دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین ئایا چارەنووسی ئەوان چی دەبێت دوای شۆڕشەکە، هەروەها کەمینەی مەسیحیەکانیش هەن کە پێوەندی باشیان هەبووە لەگەڵ عەلەویەکاندا، کە دیار نییە لەچ دۆخێکدا دەبن ئەگەر شۆڕشەکە روویبدات. کەواتە ئەوە روونە کە وەك دوژمن لەسوریا دەڕوانرێت، بەڵام هەڵوێستەکەیان ئەوەیە دژومنێکی ناسراو باشترە لەدوژمنێکی نەناسراو. ئەمە لەکاتێکدا نفوزی ئەمریکا لەپاشەکشەدایە کە راپەڕینەکان و پرۆسەی بەدیموکراتیکردن لەجیهانی عەرەبیدا روودەدەن، کە راستە سوریا بەدوژمن دادەنێت، بەڵام دوژمنێك توانراوە ئیدارەی بدرێت و ئێستاش نازانێت ئایا چ دوژمنێك جێی دەگرێتەوە کە دەتوانرێت ئیدارەی بدرێت. من دەڵێم دۆخی سوریا دۆخێکی لەرزۆك و مەترسیدارە و ئەو دەرئەنجامە ئیجابیەی رەنگە بێتەئاراوە ئەوەیە جیابوونەوە لەسوپای سوریادا روویدات بەچەشنێك بێتەهۆی هەرەسهێنانی رژێمەکەی ئەسەد، وەك ئەوەی لەلیبیا روویدا، کاتێك سەربازەکانی شا رازی نەبوون تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن، پێم وایە تا رادەیەك ئەوە لەسوریا روودەدات. لەڕاستیدا بەرەوپێشچوونی دیکە هەیە کە ئەگەری روودانیان لێدەکرێت، بەڵام پێمواییە مەترسیان هەیە بۆ خەڵکی سوریا، هەروەها بۆ سەقامگیری ناوچەکە. هەربۆیە لەبارودۆخێکی لەمجۆرەدا بیرکردنەوە لەچارەسەری کێشەکانی دوای رووخانی ئەسەد پێویستی بەبیرکردنەوەی دوورمەودا هەیە، بەڵام لەهەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا هانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە نادرێت. لەڕاستیدا دۆخی کوردەکان لەسوریا هاوشێوەی دۆخی کوردەکانی عێراق و کوردەکانی دیکەی وڵاتانی ناوچەکەیە، کە دەبێت ئیعتیراف بەمافی خۆبەڕێوەبردنیان بۆ بکرێت، بەڵام تاوەکو ئەو ئیعتیرافە دەکرێت، ئەوا کوردەکان لەدۆخێکی لەرزۆکدا دەبن بەچاوپۆشین لەوەی کێ حکومڕانی دەکات، ئایا بەشار ئەسەدە، یان لایەنگەلێکی دیکە، یاخود هاوپەیمانێتییەك کە لایەنی دیموکراتی تێدا بێت. ئەم کێشەیە لەعێراقیشدا هەیە، بۆ نموونە ئاستی ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەدوای رووخانی رژێمەکەی سەددام حوسێنەوە روویداوە، بەهەمان شێوە ئاستی بەرەوپێشچوونی بارودۆخی کوردەکان پیشان دەدات بۆ گەیشتن بەمافی خۆبەڕێوەبردن، پێموایە هەمان ئەو ئەگەرەی لەعێراقدا هەیە لەسوریاشدا هەیە)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەدەستێوەردان، پرۆفیسۆر ئەلیکسەندەر تۆمپسنیش بەهاوشێوەی پرۆفیسۆر عیماددین ئەم پرسە بەدوور دەزانێت، لەمبارەوە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، پرۆفیسۆر تۆمپسن وتی: (تا ئەم ساتە باوەڕناکەم هیچ وڵاتێك بەبێ رەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایش دەستێوەردانی سەربازی ئەنجامبدات، لەو بڕوایەدانیم وڵاتێك وەکو بەریتانیا یان فەرەنسا بەتەنیا بتوانن دەستێوەردان بکەن، لەبەرئەوەی پێویستیان بەهاوکاریی ئەمریکا دەبێت، هاوکات هەست بەهیچ ئیرادەیەکی سیاسی لەلایەن ئەمریکا-وە ناکەم لەڕووی دەستێوەردانی سەربازی بەبێ رەزامەندی و هاوپەیمانێتیی ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە ئەگەر هات و بارودۆخەکە رووی لەخراپترکرد و ئەگەریش



ئەلیکسەندەر تۆمپسن بۆ گوڵان:

## بوونی چاودێرەکان پێگەی ئەو وڵاتانە بەهێزتر دەکات کە لەگەڵ دەستێوەرداندان

روسیا و چین ئامادەباشیی خۆیان دەربڕی بۆ رەزامەندبوونیان لەسەر دەستێوەردان، ئەوکات پێموایە ئەمریکا هەوڵدەدات لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دەرکردنی بڕیارێك بۆ فشارخستنی زیاتر لەسەر ئەسەد، هەڵبەتە بۆ حاڵی حازر سزا لەسەر سوریا سەپێندراوە و کاتەکە لەبەرژەوەندیی ئەسەد-دا لەو روووەوەی کە سزاکان رۆژ بەدوای رۆژ زیاتر زیان بەهاووڵاتیانی سوریا دەگەیەنێت، بۆیە بارەکە دەگاتە ئەو ئاستەی کە تیایدا یان ئەوەیە وڵاتان ناچاربن دەستێوەردان بکەن و کۆتایی بەمەسەلەکە بێنن، یاخود ئەوەیە کاربکەن بۆ ئاساییکردنەوە و بەردەوامبوونی پێوەندییەکانیان لەگەڵ سوریا، هەربۆیە بەڕای من سزاکان زیان بەهاووڵاتیان دەگەیەنێت و لەمبارەیەوە کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی لەمەودایەکی دووردا و لەڕووی سیاسییەوە سەرکەوتوو نابێت)).

بەڵام پرۆفیسۆر ئوموت ئۆزکیریملی تەنانەت بەگومانە لەوەی چاودێران بتوانن ڕاستیەکان بگەیننە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەهەمانکاتدا پێیوایە تورکیا بێدەنگ نەبوەو هەڵوێستی ئاشکرای هەبووە، سەبارەت بەم لایەنە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، پرۆفیسۆر ئوموت وتی: (لەگەڵ ئەوەی من لەو بڕوایەدانیم چاودێران لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە ئەو بوارەیان پێ بدرێت تا ڕاستیەکان هەمووی ببینن، بەڵام گریمان چاودێرەکان توانییان ئەو ڕاستییە بسەلمێنن و ئاماژەی پێ بکەن، هەڵبەتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی دەبێت کە پاڵپشتی لەسوریا دەکەن؟ بەڕای من ئەمە کێشە گەورەکەیە، لەبەرئەوەی ئێران و ڕوسیا کێشەی سەرەکین لەمڕووەوە، هاوکات چین بەدوور ناخەینەوە، بەڵام ڕوسیا و ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی پاڵپشتیان لەسوریا کردووە، لەبەرئەوەی پارساڵ هەموو وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی لەوە دڵنیابوون کە بەشار ئەسەد ناتوانێت زیاتر لە٣ – تاکو ٦ مانگ بەردەوام بێت لەبەرئەوەی خاوەن سەرچاوەی دارایی بەس نییە بۆ بەردەوامبوون، بەڵام ئەوە نزیکەی یەك ساڵ تێپەڕیی پێدەچێت هێشتا بەهێزە و هەر توانای ماوە بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە، هۆکارەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: یەکەم، وڵاتانی دەرەکی هێشتا هەر پشتگیریی دەکەن لەڕووی پارە...و تاد.
دووەم: هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستیی بەبیرکردنەوەی قووڵترە لەمبارەیەوە لەبەرئەوەی هەموو هاووڵاتیانی سوریا بەرهەڵستکاریی بەشار ئەسەد ناکەن و هێشتا لایەنگری زۆرە و زۆرینە بەشدارییان نەکردووە لەشەڕەکەی دژ بە ئەسەد، هەڵبەتە ئەمەیش چەندین هۆکاری هەیە کە لەوانەیە هەندێك کەس لەترسان نەوێرن بەرهەڵستکاری بکەن یاخود ئەوەیە سووپا هێشتا لەپشت ئەسەدە وێڕای چەندین هۆکاری دیکە، بەڵام بەڕای من هۆکاری سەرەکی لەمبارەیەوە بریتییە لەهەڵوێستەکانی ڕوسیا و ئێران، بەڵام ئەگەر هات و ڕاپۆرتی چاودێرەکان گەڕاوە و تیایدا نووسرابوو کە بەشار ئەسەد پابەندنییە بەخاڵەکانی ڕێککەوتنەکە، ئەوکات لەوانەیە ڕاپۆرتەکان فشار بخەنە سەر ڕوسیا بۆئەوەی پاشەکشە لەهەڵوێستەکانی بکات و ڕێگە بدات بەدەستێوەردان لەسوریا هاوشێوە لەگەڵ کەیسەکەی لیبیا کاتێك ڕەزامەندبوو لەسەر دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلیبیا، بۆیە لەوانەیە ئەوکات دەستێوەردان ئەنجامبدرێت. سەبارەت بەبێدەنگی تورکیا، من پێموایە ئێوە لەم مەسەلەیەدا باش ئاگادارنین و تورکیا بێدەنگ نەبووە، چونکە ڕۆژانە بەدواداچوونی هەڵوێستەکانی تورکیا دەکەم، تورکیا بێدەنگ نییە، بەڵکو تاڕاددەیەکی زۆریش باسی سوریا دەکات، تاکە شت کە تاکو ئێستا تورکیا نەیکردووە دەستێوەردانی سەربازییە، زۆربەی هاووڵاتیان لەزمنیشیان کەسانێك لەپارتی دەسەڵاتدار کۆکن لەسەر دەستێوەردانی خێرا،


عیماددەین ئەحمەد بۆ گوڵان:

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ نەبووە، بەڵکو دابەش بووە

بەڵام سیاسەتوان و ڕووناکبیرەکان و ڕای گشتی تورکیا ڕازی نین تورکیا بەتەنیا دەستێوەردان بکات، منیش لەمبارەیەوە هاوڕام، بۆیە من دەڵێم کە تورکیا بێدەنگ نەبووە بەرامبەر کەیسەکەی سوریا، بەڵکو هەڵوێستی توندی هەبووە تەنانەت تاکو ئەم ساتەیشدا، داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە وتارێکی زۆر بەهێزی لەپێش پەرلەمان پێشکەشکرد و نەك تەنیا بەشار ئەسەد، بەڵکو تەواوی ڕژێمەکەشی مەحکومکرد و وتی تورکیا ڕابەڕایەتیی شەپۆلێکی گۆڕانکاری دەکات، بەڵام کێشەکە بریتییە لەچۆنییەتی وەدیهێنانی ئەمە لەبەرئەوەی ئەگەر هات و دەستێوەردان ئەنجامدرا، ئەوە بێگومان تورکیا ڕۆڵێکی ڕابەڕایەتیی لەوبارەیەوە دەبێت و ڕێڕەوێك دابین دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تاکو ئێستا هیچ لایەنێك ڕازی نییە بڕواتە پاڵی بۆ مەبەستی دەستێوەردان لەسوریا، هەروەها ئەوەیش دەڵێم کە سوپای تورکی ناتوانێت بەتەنیا بڕوات و بۆ ماوەیەکی درێژ لەسوریا بمێنێتەوە، دوایین جار تورکیا دەستێوەردانی کرد لەقوبڕس بوو لەساڵی ١٩٧٤ و تاکو ئەمڕۆیش مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ئەو دەستێوەردانە دەکەین، هەروەها ناکرێ پرسی کورد-یش لەبیر بکەین – ئێوە لەهەولێرەوە تەلەفون دەکەن و ئێوە لەمن باشتر لەم بارەیەوە بەئاگان – پرسی کورد زۆر ئاڵۆزە، بۆیە پێویستە حکومەتی تورکی وریا بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە تورکیا بێدەنگ بێت، لەبەرئەوەی تورکیا بێدەنگ نییە ئەگەر بەدواداچوونی ڕۆژنامەکانی تورکیا بکەن دەبینن کە تورکیا بێدەنگ نییە، ٢ هەفتە بەر لەئەمڕۆ سوپاکەی بەشار ئەسەد هەڵستا بەتۆپبارانکردنی ئەودیوی سنوورەکانی سوریا بۆ ئەو شوێنەی کە کەمپی پەنابەرەکانی تێدا هەیە، هەربۆیە تورکیا ئەو کردەوەیەی وەکو دەستێوەردان ژمارد و هەربۆیەیش «تەیب ئەردۆغان» بانگێشتی ناتۆ-ی کرد بۆئەوەی کاردانەوەیەکی هەبێت، لەبەرئەوەی بەپێی ماددەکانی ناتۆ پێویستە ناتۆ دەستێوەردان لەدژی بەشار ئەسەد ئەنجامبدات، چونکە بەشار ئەسەد هێرشی کردووەتە سەر وڵاتێکی ئەندام لەناتۆ، بەڵام وێڕای ئەوەیش دەستێوەردان نەکرا و هیچ هەڵوێستێك لەوبارەیەوە ئەنجام نەدرا، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیەوێت دەستێوەردان بکات، ئەوە لەماوەی ٢ مانگدا دەستێوەردان دەکات تەنانەت بەبێ چاوەڕوانی بۆ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی کە ڕوویدا لەلیبیا و عێراق و ئەفغانستان، ئەمریکییەکان لەبارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزدان و هێزەکانیان لەعێراق ڕاکێشاوە و هێشتا لەئەفغانستان ماون و هەروەها پرۆسەکانی هەڵبژاردنیان هەیە، هەربۆیە ئۆباما نایەوێ هەمووشتێك بخاتە ژێر هەڕەشەوە، بۆیە پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە – کە بەڕای من پێویستە لەگۆڤارەکەتان بیخەنەڕوو – نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی ترس نییە لەئیسلامیستەکان یان هەر شتێکی دیکە، بەڵکو نیگەرانییەکانیان پەیوەستە بە بەرژەوەندیی سیاسیی هەندێك لەوڵاتان کە بۆ ئێستا بارەکەیان ئاڵۆزکردووە)).

# ئاماژەكانی پشت دیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا

كتوپڕ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا كەف و كوڵی دامركایەوەو وەرچەرخایە سەر سیاسەتێك كەبڕێكی زۆرتر ریالیزم و میانڕەویی تێدا بەدی دەكرێ. ئەمەش، بەدڵنیاییەوە، دەرفەتێكی گەورەتری بۆ نواندنی رۆڵێكی گونجاو بۆ دەرەخسێنێ و رایەڵەكانی پێوەندیش لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا دروست دەكاتەوە.

لە ٢١ی نیساندا ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا میانڕەوترین دیكۆمێنتی بۆ چۆنێتیی چارەسەركردنی مەسەلەی كورد لەسوریا پێشكەش كرد كە لە١٣ خاڵ پێكدێ و هاوئاهەنگە لەگەڵ راگەیەنراوە ٩ خاڵییەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا. بەكردەوە، جیاوازییەكی ئەوتۆ لەنێوان ناوەڕۆكی هەردوو دیكۆمێنتدا نییە و ئەو جیاوازییانەش كەهەن قورساییەكی ئەوتۆیان نییە. لەكاتێكدا دیكۆمێنتەكەی كورد جەخت دەكاتە سەر سیستمێكی پەرلەمانی بۆ سوریا لەئاییندەدا، دیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا بەوردەكارییەوە ناچێتە ناو باسی رژێمی حوكمڕانیی داهاتوو. هەروەها لەكاتێكدا دیكۆمێنتەكەی كورد دەیەوێ زمانی كوردی وەك زمانێكی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی بناسرێ، دیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا بەشێوەیەكی گشتی دان بەمافە نەتەوەییەكانی كورددا دەنێت كەدیارە ئەمەش، وەك شتێكی بەڵگەنەویست، ناساندنی زمانی كوردی وەك زمانێكی فەرمی دەگرێتەوە.


خاڵی جێی تێڕامان لەدیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا ئەوەیە كەئەم دیكۆمێنتە بەهیچ شێوەیەك نە باسی مافی چارەی خۆنووسین دەكاو نە داوای فیدرالیزم یان ئۆتۆنۆمی دەكا. ئەگەرچی ئەمە پاشگەزبوونەوەیە لەناوەڕۆكی گوتاری سیاسیی راگەیەنراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا، بەڵام ئەم پاشگەزبوونەوەیە دەرفەتێكی وا بۆ ئەنجومەن پێكدێنێ كەشوێنێك بۆ خۆی لەململانێی نێوان رژێمی ئەسەدو ئۆپۆزیسیونی سوریا بدۆزێتەوەو بەهەڵپەسێردراوی لەنێوان هەردووكیاندا نەمێنێتەوە.

پاشگەزبوونەوەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا واوەتر دەڕواو لەو دیكۆمێنتەی كەنزیكەی ٥٠٠ وشە دەبێ، لەهیچ شوێنێكدا ناوی كوردستان ناهێنێ و زۆرتر گەلی كورد وەك بەشێكی گەلی سوریا، بەبێ فەرامۆش كردنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەكانی، دەناسێنێ. ئەم هەڵوێستە لەگەڵ وتەكانی بورهان غەلیونی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا لەرۆژنامەی «روداو» كەتێیدا وتبووی شتێك نییە لەسوریا ناوی كوردستان بێ، یەكدەگرێتەوە.

ئەو گۆڕانە كتوپڕ و گەورەیەی كە لەگوتاری سیاسیی راگەیەنراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریا دەبینرێ، تەنیا یەك مانای هەیە ئەویش كەم ئەزموونیی سەركردەكانی كوردی سوریایە كە بەبێ رەچاوكردنی هەلومەرجی بابەتی و تایبەتمەندییەكانی سوریا ویستویانە رۆڵێكی گەورەتر لەتوانای خۆیان بگێڕن. نیشتنەوەی كەف و كوڵی خۆبەزلزانی، هەلێكە بۆ بینینی شتەكان وەك ئەوەی كەهەن، نەك وەك ئەوەی كەدەویسترێ ببینرێن.


ئەگەر بزووتنەوەی كوردی عیراق بەبزووتنەوەی كوردی توركیا و سوریا بەراورد بكەین، دەبینین كێرڤی بزووتنەوەكان جیاوازە. لەكاتێكدا بزووتنەوەی كوردی عیراق بەداواكردنی ئۆتۆنۆمی و تەنانەت كەمتر لەئۆتۆنۆمیش دەستی پێكردو لەكۆتاییدا گەیشت بەداواكردنی فیدرالیزم، بزووتنەوەی كوردی توركیا لەساڵی ١٩٨٢ بەداواكردنی جیابوونەوە دەستی پێكردو پاش نزیكەی ٢٠ ساڵ دابەزییە ئاستی داواكردنی ئۆتۆنۆمی و كەمتر لەئۆتۆنۆمی. بەهەمان پێودانگ، بزووتنەوەی كوردی سوریا لەماوەی كەمتر لەشەش مانگ هەڵبەزو دابەزێكی خێرای بەخۆوە بینی، بەداواكردنی بێ ئەملاو ئەولای مافی چارەی خۆنوسین دەستی پێكردو پاشان شۆڕ بۆوە ئاستی داواكردنی ناساندنی بوونی گەلی كوردو ناسنامەو زمانەكەی لەدەستووری داهاتوودا، تەنانەت لەدیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سوریادا ئەو چواچێوەیەی كەمافە نەتەوەییەكانی كوردی تێدا بەرجەستە دەكرێ، زۆر رۆشن نایەتە بەرچاو. دیكۆمێنتەكە لەخاڵی ١١دا داوا دەكا دەوڵەت واز لەسیاسەتی سەنترالیزەكردن بێنێ و هەندێ یەكەی ئیداریی تازە پێك بێنێ. هەروەها دیكۆمێنتەكەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا لەخاڵی ٣دا پێشنیاری فراوانكردنی دەسەڵاتەكانی دەزگا لۆكالەكان دەكاو لەم چوارچێوەیەدا هەردو دیكۆمێنت لەناوەڕۆكدا یەك نۆڕینیان بۆ مەسەلەكە هەیەو هەردووكیشیان بەئەنقەست نۆڕینەكانیان بەتەمومژی هێشتۆتەوە.

ئەمە بەم مانایە دێ كەبزووتنەوەی كورد لەسوریا لەمەولا پێ دەنێتە قۆناغێكەوە كەتێیدا لەپێوەندییەكانیدا دەست كراوەتر دەبێ و لە تاكتیكەكانیدا بەئەزموونترو دینامیكیتر.




فەرید ئەسەسەرد

ئەگەر بزووتنەوەی كوردی عیراق بەبزووتنەوەی كوردی توركیاو سوریا بەراورد بكەین، دەبینین كێرڤی بزووتنەوەكان جیاوازە. لەكاتێكدا بزووتنەوەی كوردی عیراق بەداواكردنی ئۆتۆنۆمی و تەنانەت كەمتر لەئۆتۆنۆمیش دەستی پێكردو لەكۆتاییدا گەیشت بەداواكردنی فیدرالیزم

















سالم یەفوت یەکێکە لە ڕۆشنبیرە و بیرمەندە دیارەکانی عەرەب و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر فیکری هاوچەرخ، بە تایبەتی قوتابخانەی فیکری فەرەنسی، لەم بوارەشدا بێجگە لەوەی چەندین بەرهەمی ناوازەی قوتابخانەی فیکری فەرەنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەهەمانکاتدا چەند بەرهەمی فیکری و فەلسەفی نووسیووە، یەفوت لە ٣٠ یۆنیۆی ساڵی ١٩٤٧ لە دارولبیضاء چاوی بە دنیا هەڵهێناوەو خوێندنی باڵای لە بواری فەلسەفەدا لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتیەکانی شاری ربا‌ط خوێندووەو لە ساڵی ١٩٦٨بڕوانامەی لەسەر وەرگرتووەو دواتریش تێزی دکتۆرای دەوڵەتیی لە ساڵی ١٩٨٥ وەدەستهێناوەو تا ئێستاش ئوستادە لە هەمان کۆلێژدا، لە ساڵی ١٩٧٧وە بە جێگری سەرۆکی کۆڕبەندی عارەبی هەڵبژێردراوە. ئەم دیمانەیەش هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی ئەم بیرمەندە ناودارە کە فکرو نووسینەکانی لەوڵاتانی عەرەبیدا بە کۆڵەکەیەکی پتەوی بواری مەعریفەو دەسەڵات دەژمێردرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بابەت و دیمانەو دیالۆگەکانی کە پێشتر لەگەڵی سازێنراون، تەرخان کراون بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەریتی ئایدیۆلۆژیا بەسەر تاکەوە، بە تایبەتیش لە وڵاتانی خۆرهەڵاتیدا، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو گفتوگۆیەیە کە گۆڤاری گوڵان لەگەڵ بەڕێزیاندا سازاندویەتی:



سالم یەفوت بیرمەندو ڕۆشنبیری گەورەی عەرەب بۆ گوڵان:

# لە لیبیادا ئەگەر کەسێک بە زمانی ئەمازیغی قسە بکات وەک ئەوەیە گوناهێکی کردبێت کە قابیلی لێ خۆش بوون نەبێت



*** بەڕێزتان یەکێکن لەو بیرمەندانەی کە بایەخ بە هزری هاوچەرخ دەدەن، بە تایبەتی هەردوو قوتابخانەی هزریی فەرەنسی و ئەڵمانیایی، ئەم دوو قوتابخانەیەش لە بارەی (نوێخوازی)یەوە دوو ڕای جیاوازیان هەیە، پێمان خۆشە لێرەوە لە بەڕێزتان بپرسین، بە گوێرەی ڕاڤەی ئەم دوو قوتابخانەیە، ئاخۆ (نوێخوازی) چییە؟**

- بۆ ئەوەی وردتر بین، من بۆ خۆم بایەخ بە (نوێخوازی) نادەم، من پسپۆری ئیپستمۆلۆژیا: Epistemologia)م، هەروەها پسپۆری فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی هاوچەرخ و بە تایبەتی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنساییم.

*** باشە، ئەگەر بمانەوێت باسی (نوێخوازی: مۆدێرنێتە) و (پاشە نوێخوازی: پۆست مۆدێرنێتە) بکەین، ئەوا خۆ هەر دەبێ قسە لەبارەی (پێکەوەڕۆیی - تواصلی)ش بکەین، بە ڕای تۆ تا چ ڕادەیەك دەتوانین بڵێین (نوێخوازی) کۆتایی هاتووە، وەك ئەوەی کە قوتابخانەی فەرەنسی دەیڵێت؟**

- دەکرێ ئەم ڕایە بە ڕەهایی وەرنەگرین. ئایا نوێخوازی کۆتایی هاتووە؟ سەبارەت بە کێ (کۆتایی هاتووە)؟ ڕەنگە سەبارەت بە ئەورووپا وا بێت، ڕەنگە سەبارەت بە ڕۆژئاوا کۆتایی هاتبێت، بەڵام سەبارەت بە ئێمەی عەرەب، کە تا ئێستا لەبەردەم دەروازەی نوێخوازیدا دوودڵ و ڕاڕاین، ئیدی پێم وا نییە ڕاست بێت کە بڵێین نوێخوازی کۆتایی هاتووە. دەبا جارێ ئێمە نوێخوازی تاقی بکەینەوە، ئەوجا بڵێین کۆتایی هاتووە، یان ئەوسا پرسیار بکەین داخوا ئێمە گەیشتووینەتە بەردەروازەی پاشە نوێخوازی.؟!

*** ئێوە یەکێکن لەو بیرمەندانەی بایەخ بە نووسینەکانی (میشێل فۆکۆ) دەدەن، وەك ئاشکراشە بە فۆکۆ دەوترێت(فەیلەسوفی دەسەڵات). ئاخۆ لە جیهانی عەرەب و ئیسلامیداو لەبەر ڕۆشنایی هزری (میشێل فۆکۆ) لەبارەی (دەسەڵات)ەوە، (دەسەڵات) چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- میشێل فۆکۆ بایەخی بە دەسەڵات دا، نەك بە چەمکە سیاسییەکەی، بەڵکوو وەك دەڵێم بایەخی بە دەسەڵات دا، بە چەمکەکەی، وەك شتێك کە بەر و پشتی مەعریفەیە(بە تەنیشت و لە ناواخنی مەعریفەدایە). ڕەنگە واتاکەشی (دەسەڵاتی سیاسی) بێت، بەڵام ئەو باسی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ناکات کە

**ئەرکی فەیلەسووف ئەوەیە. رواڵەتەکانی هاوشان بوونی دەسەڵات. بە مەعریفە و ناواخن بوونی دەسەڵات بە مەعریفەوە. بخاتە ڕوو**

سیاسەتمەداران و یاساناسان باسی لێوە دەکەن، بەڵکو وا باسی دەسەڵات دەکات کە هاوشانی مەعریفەیە(بە تەنیشتی ئەوەوەیە). لێرەوە دەبینین ئەو بە زۆربەی چەمکە باوەکانی لەم بارەیەدا دەچێتەوە(پێداچوونەوەیان بۆ دەکات). بۆ نموونە پرسی سەنتراڵەتی (ناوەندایەتی)ی دەسەڵات، ئەوەی دەسەڵات لە دەستی تۆدا بێت، خاوەنی ئەو دەسەڵاتەش سیاسەتمەدارانن. ئەو واتە فۆکۆ دەڵێ: دەسەڵات بڵاو دەبێتەوە، یان شتێکی بڵاوی نێو کۆمەڵە، نەك تەنیا لە لای سیاسەتمەداران دەیبینین، بەڵکو لە هزریشدا خۆی دەنوێنێت و بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە کرداری مەعریفیدا، لە کرداری کەلتووریدا، هەروەها لە کاری کەلتووریشدا بەرجەستە دەبێت. دوا جار ئەرکی فەیلەسووف ئەوەیە، رواڵەتەکانی

**بەرهەم و شاکارە بەناوبانگەکانی سالم یەفوت لە نێوان وارگەکانی فەلسەفەو وەرگێڕاندا بریتین لەم کتێبانە:**

* مظاهر النزعة الإخبارية في بنيوية ليفي ستروس
* مفهوم الواقع في التفكير العلمي المعاصر
* الفلسفة، العلم والعقلانية المعاصرة
* العقلانية المعاصرة بين النقد والحقيقة
* فلسفة العلم المعاصر ومفهومها للواقع
* ابن حزم والفكر الفلسفي بالمغرب والأندلس
* درس الإبستمولوجيا
* حفريات المعرفة العربية الاسلامية
* حفريات الاستشراق: في نقد العقل الاستشراقي
* الفلسفة والعلم في العصر الكلاسيكي، الزمان التاريخي

هاوشان بوونی دەسەڵات، بە مەعریفە و ناواخن بوونی دەسەڵات بە مەعریفەوە، بخاتە ڕوو.

*** جیهانی عەرەب لە ساڵی رابردوداو لە کاتی بەهاری عەرەبیدا، چەندین شۆڕش و رووخانی چەندین رژێمی بەخۆوە بینی، شۆڕشەکانی عەرەب لە رووخاندنی رژێمەکان و بەرپا کردنی گۆڕاندا سەرکەوتوو بوون، بەڵام نەیانتوانی رژێمی دیموکراتی لە بری ئەو رژێمانە بنیات بنێن کە رووخێندران. خوێندنەوەت بۆ ئەو (گۆڕانە) چییە لە پاش تێپەڕ بوونی یەك ساڵ بەسەر شۆڕشەکاندا؟**

- بە ڕەهایی ناکرێ بگوترێت کە ئەو رژێمانەی ڕووخێندران بواریان بە بنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی نەدەدا، چونکە کارەکە بەو سووك و سانایییە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبوو

**ڕۆشنبیری عارەب دەبێت هاوشانی مێژوو بڕوات بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕێگە ڕۆشنگەر بن**

ئەو رژێمانە بڕوخێندرێن لە پێناو گەڵاڵەکردنی ڕێڕەوێك بۆ بنیاتنانی رژێمی نوێ لە جێی ئەواندا. پێشم وایە ئەوەی ئێستا لە میسر و توونس و لیبیادا ڕوو دەدات، مژدەی خێر و چاکەی پێوەیەو نەریتی نوێی دیموکراسی دادەڕێژرێت. ئەوەی لە عیراقیش ڕوو دەدات، نابێ لە ئاستیدا رەشبین بین، واتە بناغەی تازەی دیموکراسی دادەڕێژرێت. من لە سەردەمی دیکتاتۆردا سێ جاران سەردانی عیراقم کردووە. بەڵام وا دێتە پێش چاوم کە عیراقی ئێستا ئەو عیراقەی سەردەمی (بەدناو) نییە، بەوەی کە، بۆ نموونە کورد ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەیە، واتە قەوارەیەکی خۆیان هەیە. هەموو ئەمە لە رابردودا بوارێك نەبوو قسەی لەبارەوە بکرێت. بۆ نموونە لە لیبیادا، ئەمازیغەکان تەنانەت بۆیان نەبوو بە زمانی خۆیان قسانیش بکەن، واتە: زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دانرابوو، ئەگەر کەسێك بگیرابایە کە بە زمانی ئەمازیغی قسە کردووە، وەك ئەوە بوو کە گوناهێکی کردووە کە قابیلی لێ خۆش بوون نییە.

*** چاودێران هەست دەکەن کە شەپۆلێکی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبیدا هەیە. بە گوێرەی چەمکی ئەم شەپۆلی ئیسلامییە، ئەوا دیموکراسی بەرهەمی ڕۆژئاوایە، یان وەك ناویان ناوە: کاڵای ڕۆژئاوایە. تا چ ڕادەیەك پێشبینی دەکەیت کە ئەو شەپۆلە ئیسلامییە نەرێنیانە کار دەکاتە؛ یان تەگەرە دەخاتە بەردەم کاروانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا، هەروەها تا کەی ئێمە تەنیا بە(سندووقی دەنگدان) وەك دیموکراسی بەسی لێ دەکەین؟**

- پێم وا نییە شەپۆلی ئیسلامی مایەی مەترسی بێت بۆ سەر دیموکراسی، چونکە چەپاندن کە بە سەر سینگی وڵاتانی عەرەبەوە بوو، چەپاندنێکی سەراپاگیر بوو: ئیسلامی و نائیسلامیشی دەگرتەوە. سەرباری ئەوە، ئەو توندڕەوییە ئیسلامییەی جیهان پێی ئاشنا بوو، وای لە هەموو ڕژێمەکان بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە دەکرد، کە لە ئیسلام بترسن ئەویش بە فەرمانێکی تایبەت لە ڕۆژئاواوە. بەڵام دوای ئەو گۆڕانانەی کە هاتنە دی دەرگا لە بەردەمی ئیسلامدا کرایەوە کە گوزارشت لە خۆی بکات. دیموکراسیش ناکرێ عەبایەك بێ لە عەبای فێڵ بپۆشرێت. بۆ نموونە لە ئەورووپادا پارتی دیموکراتی کریستیانمان هەیە. لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا هەموو ئەورووپا

پارتی دیموكراتی كریستیان حوكمی دەكرد. كەواتە بۆچی ئەم ئاشتەواییە لە نێوانی ئیسلام و دیموكراسیش ڕوو نادات؟ بە مەرجێك تۆ ڕێز لە گەمە دیموكراسییەكە بگریت. واتە: سندووقی دەنگدان، ئەگەر بە دروستی بەڕێوە بچێت، ئەوا دێوێك یان شتێكی مەترسیداری لێ ناكەوێتەوە. نا بەپێچەوانەوە، بە بڕوای من وەك چۆن ئێستا ڕۆژئاوا ئێمە دەترسێنێت لە دیموكراسیی ئیسلامی، لە كاتێكدا ئەوان بۆ خۆیان لە لایەن دیموكراسیی كریستیانەوە حوكم دەكران.

*** بە رای بەڕێزتان، (ڕۆشنبیری عەرەب) لە كوێی گەرمەی ئەو ڕووداوانەوەیە؟ بە بۆچوونی ئێوە ڕۆشنبیری عەرەب كامەیە، ئەدی چۆن دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا ببینێت؟**

- ڕۆشنبیری عەرەب، لە سەریەتی، یان ناچارە هاوشانی مێژوو بڕوات: مێژووی وڵاتانی عەرەب. ئەو ناچارە هاوشانی مێژووی وڵاتانی عەرەبمان بڕوات. كار بكات بۆ ئەوەی ڕۆشنایی و ڕووناكیی بەر پێ دەرخەر، بخاتە سەر ئەوەی لە چاوەڕوانیی ئەو كۆمەڵگایانەدایە. باشترە ئەو وابەستەی خواستەكانی گەلان بێت نەك خواستی دیكتاتۆرەكان، چونكە دیكتاتۆرەكان دەڕۆن و گەلان دەمێنن.

*** هەندێك دەڵێن ڕۆشنبیرانی عەرەب بە سەر هزری جۆراوجۆری سیاسیی نێو كۆمەڵ دابەش بوون، بۆ نموونە: هەندێكیان خۆیان بە ئیسلامی دەزانن، هەندێكی دیكەشیان خۆیان بە دژی ڕەوتگەلی ئیسلامی دەزانن. بەم جۆرە دەبینین هزری سیاسی لە جیهانی عەرەبدا بووەتە (ئایدیۆلۆژیا). بە ڕای تۆ چۆن دەكرێ، یان دروستتر ئاخۆ كامانەن دەرفەتەكانی (داهێنان) لەم بوارەدا بۆ رزگار كردنی كۆمەڵ؟**

- بەم قسەیە وەڵامت دەدەمەوە، باشە كەنگێن هزر نائایدیۆلۆژی بووە؟ لە هەموو كاتێكدا هزر هەر ئایدیۆلۆژی بووە، جا خاوەنی ئەو هزرە چ سەر بە ڕەوتی ئیسلامی بوو بێت، یان غەیری ڕەوتی ئیسلامی، گرنگ ئامانجەكانە.

چیمان بۆ وڵاتەكانمان دەوێ؟ واتە كاتێك ئیسلامی دەسەڵات دەگرێتە دەستەوە، ئەوا لە سەریەتی ئامانجەكانی جەماوەر بەدی بێنێت، بە دەم ئامانجەكانی گەلان، ئامانجەكانی گەلەوە بچێت، وەك ئەوەی ئێستا لە توونسدا دەیبینین. واتە ئامانجەكانی گەل، ئەو عەبا و جوببەیەی خاوەن دەسەڵات لە توونس بەسەر شانی خۆیدا دەدات گرنگ نییە، چونكە ئەو درك بەوە دەكات ئەوەی گرنگە جوببە یان عەبا نییە، بەڵكو ئەوەیە كە كۆمەڵ هەوڵی وەدی هێنانی دەدات.

*** كاتێك هەندێك كەس باسی ڕۆژهەڵاتناسی دەكەن، بەو شێوازەی ڕۆژاوایی پەسنی دەكەن یان ڕۆژاوا بە گونجاوی دەزانێت، ئاماژە بە ڕۆژهەڵاتییەكان دەكرێت. بە واتای لە درك كردنی خودەوە بۆ درك كردنی ئەوی دی، ئەگەر ئێمە بە دوای دارشتنەوەی پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە بین، ئاخۆ سالم یەفووتی بیرمەند چۆن پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسی دەكات؟**

- ڕۆژهەڵاتناسی بینینی ڕۆژهەڵاتییە لە روانگەیەكی ڕۆژاواییەوە، هەروەها بە دەسپێك لە دەسەڵاتێكەوە كە بەهاكانی ڕۆژاوا حوكمی دەكەن.

*** لە كاتێكدا تەكنەلۆژیا لە ئەورووپادا بووەتە ئایدیۆلۆژیا، چۆنە ئەگەر ئەمڕۆ هەوڵەكان بخرێنە گەڕ بۆ سەر لەنوێ بەكار هێنانی تەكنەلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤ؟ بە تایبەتی كە هەموو شتێك لە هەردوو جیهانی عەرەب و ئیسلامیدا بووەتە ئایدیۆلۆژیا، كەواتە چۆن دەكرێ ئەم دەوڵەتانە لە ئایدیۆلۆژیا رزگار بكرێن؟**

- نەخێر، ئایدیۆلۆژیا بۆی ناكرێ لە مرۆڤ جیا ببێتەوە. ئەمەیە ئەو چەمكە تازەیەی (ئەڵتۆسێر) لە دووبارە خوێندنەوەی بۆ (ماركس) هێنایە گۆڕێ. ماركس باوەڕی وا بوو كە بە نەمانی دەوڵەتی، چینایەتی ئایدیۆلۆژیاش نامێنێت، ئەو (واتە ئایدیۆلۆژیا) بە نەمانی دەوڵەتی چینەكان ئەویش نامێنێت. ئەڵتۆسێر وتی: نەخێر، ئەمە ڕاست نییە، هەر كاتێك مرۆڤ هەبێت ئایدیۆلۆژیاش هەر هەیە. كەواتە، ئایدیۆلۆژیا بە مرۆڤەوە بەندەو ها بە تەكییەوە، بۆ تا هەتایە هەر لەگەڵیدا دەبێت. شێوەی دەگۆڕێت، ڕەنگی دەگۆڕێت، بەڵام ماوەو دەمێنێت.

*** ئێوە (هەڵكۆڵینەكانی مەعریفە)تان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. بۆیە دەمانەوێ پرسیارت لێ بكەین: بە رای ئێوە پێوەندیی نێوان (مەعریفە و دەسەڵات) چییە و چۆن دەڕواننە (سیستەمی گوتار) لە هەردوو جیهانی عەرەب و ئیسلامدا؟**

- پێوەندی نێوان مەعریفە و دەسەڵات (جیل دۆلۆز) لە كتێبێكی بەناوبانگی خۆیدا كە (ئەویشم وەرگێڕاوە) پوختی كردووەتەوە، ئەویش كتێبی (مەعریفە و دەسەڵات)ە، ئەوە كتێبێكە لەبارەی (میشێل فۆكۆ)وە دایناوە. واتە، پێوەندیی نێوان مەعریفە و دەسەڵات وەك پێشتر باسم كرد، پێوەندییەكی نزیكایەتی (بە تەك یەكەوەبوون)ە، هەر مەعریفەیەك دەسەڵات ها بە تەكییەوە، دەسەڵاتێكیش لە ناخیدایە. دوا جار، دەبێ بیرمەند یان شرۆڤەكار شوێنانی (بە تەك یەكەوەبوون)ی دەسەڵات و مەعریفە دەربخات. بە هەر حاڵ، ڕەنگە ئەمە بابەتێك بێت لەم وتارەدا جێی نەبێتەوە، لێرەدا جێی باس كردنی نییە چونكە وردەكاری و پێچ و پەنای زۆری هەیە.

*** دوایین پرسیارمان، هزری (هایدگەر) هەردوو چەمكی (لەگەڵ) و (دژ) پێكەوە گرێ دەدات، كەچی (لەگەڵ و دژ) لە وڵاتانی عەرەب دابەش دەكرێن و لە یەك جیا دەكرێنەوە. خوێندنەوەتان بۆ (لەگەڵ و دژ) لە جیهانی عەرەبدا چییە؟**

- بە ڕای من، زەحمەتە هەموو ئەوەی لە ڕۆژاوادا ڕوو دەدات بە ڕۆشنبیری عەرەبییەوە بلكێنین، پێشم وایە ڕۆشنبیرانی عەرەبی دەبێت هاوشانی مێژوو بڕۆن و بۆ نەوەكانی داهاتوو ڕێگە ڕۆشنگەر بن..

**لە سەردەمێك لە سەردەمەكاندا هەموو ئەورووپا پارتی دیموكراتی كریستیان حوكمی دەكرد. كەواتە بۆچی ئەم ئاشتەواییە لە نێوانی ئیسلام و دیموكراسیش ڕوو نادات؟**

**ئەگەر سندووقی دەنگدان، بە دروستی بەڕێوە بچێت، ئەوا دێوێك یان شتێكی مەترسیداری لێ ناكەوێتەوە**

**ڕۆشنبیرانی عەرەب، ناچارن هاوشانی مێژوو بڕۆن، باشترە وابەستەی خواستەكانی گەلانیان بن، نەك خواستی دیكتاتۆرەكان**

**لە لیبیادا، ئەمازیغ تەنانەت بۆیان نییە بە زمانی خۆیان قسانیش بكەن، واتە: زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بووە، ئەگەر كەسێك بگیرابایە كە بە زمانی ئەمازیغی قسە كردووە، وەك ئەوە بوو كە گوناهێكی كردووە كە قابیلی لێ خۆش بوون نییە**



# کوردستان وەک دەوڵەت، پرۆژەیەکە بەڕێوەیە

**(ویدرۆ ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) وە وتبووی :(ئەم ڕێککەوتننامەیە لەدامەزراندنی کۆمپانیایەك دەچێت بۆ فرۆشتنی چا، کەزۆر بەئاسانیی و ئاسایی خاکی خەڵکێك بە خەڵکی دی دەفرۆشێت)**

بەروار لەیادەوەریی ئەوروپییەکاندا زۆر جێگەی بایەخپێدانە، بەتایبەتیی تێپەڕبوونی نیو سەدە یان سەدەیەك بەسەر هەر ڕووداوێکدا.

لەساڵی (٢٠١٦)دا سەد ساڵی تەواو بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا تێپەڕدەبێت، ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە تەواوی جوگرافیای ئەم ناوچەیەی دابەشکردو گەلی کوردستانیشی لەدەوڵەتی خۆی بێبەش کرد.

بۆ زۆر لەوانەی نەوەی نوێن و ئاگایان لەم ڕێککەوتننامەیە نییە، واباشە ئەوە بڵێین کە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییە بوو لەنێوان هەریەك لە(مارك سایکس)وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرا و (فرانسۆ جۆرج پیکۆ)ی وەزیری دەرەوەی فەرەنساو بەئاگاداری رووسیای قەیسەریی لەماوەی نێوان تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٥) و ئایاری ساڵی (١٩١٦)دا، کەدواتر بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی (١٩١٧)دا بڕگەو بەندەکانی ئاشکرا کراو، ئەوساش زۆر دەوڵەتی دیکەی وەك یۆنان و روسیاو تورکیاو ئیتاڵیاش داوای خاك و ناوچەیان بۆ خۆیان دەکرد، بەجۆرێك کە (ویدرۆ ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)وە گوتبووی :(ئەم ڕێککەوتننامەیە لەدامەزراندنی کۆمپانیایەك دەچێت بۆ فرۆشتنی چا، کەزۆر بەئاسانیی و ئاسایی خاکی خەڵکێك بە خەڵکی دی دەفرۆشێت).

سەبارەت بە کوردستانیش دیارە بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا دابەشکراو، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیداو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، باشووری کوردستانیش کەوتە سەر ئەم عێراقەی ئێستاو، لەوساشەوە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەچاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان ڕوانیوە، بۆیە لە پێناوی لاوازکردن و کۆنترۆڵکردن و، دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە، نەپاراستووە .

سەردەمێك بە نکوڵی کردن لە مافە رۆشنبیرییەکانی،

سەردەمێکیش بە گۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی و، سەردەمێکی دیکەش بە بەعەرەبکردن و، جارێکیش بە راگوێزان و، جارێکی دیش بە سوتماك کردنی خاکەکەی و، دواجاریش ناپاڵم و کیمیا پیاکردنی، کەپرۆسەی سەربازیی بە ئەنفال ناسراو، ترسناکترین جینۆسایدی سەدەی بیستەم و کوردقڕانێکی کەم وێنە بوو.

لێرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەبێت بزانێت کە (سایکس پیکۆ) و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەسەر ئەم کوردەدا هێناوە ؟ ئەوان دەبێت بزانن کە پێکەوە لکاندنی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەسات هێنەو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمەو، سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، هەر ئەوەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەش بەڕەوا بزانن.

بۆیە پێویستە کە ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی پەیوەست بە مەسەلە سیاسیی و نەتەوایەتییەکانەوە لەئێستاوە کەمپینێکی سیاسیی سەرتاسەریی ڕێك بخەن بەناوی (کەمپینی ٢٠١٦)وە، کە چالاکیی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت لەئێستاوە هەتا ساڵی (٢٠١٦)و، بەمەبەستی بیرخستنەوەی بەریتانیاو فەرەنسا بەو هەڵەو تاوانەی کەپێش سەدەیەك کوردیان لە دەوڵەتی سەربەخۆی بێبەشکردوو، بەم هۆیەشەوە تووشی ئەم هەموو کارەسات و بوو لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا.

ئەم کەمپینە دەتوانێت زۆر کار ئەنجام بدات لەوانە بۆ نموونە :

یەکەم : خستنەڕووی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی تووشی کورد بوون لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا وەك دەرئەنجامێکی ئەم ئەم ڕێککەوتننامە شوومە.

دووەم : خستنەڕووی زۆر لەو کتێب و بڵاوکراوە نێودەوڵەتیی ونێوخۆییانەی کەلەبارەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆوە نووسراون تائێستا. ( بۆ نموونە سیاسەتوانی بەریتانی (تۆبی دۆچ) کەلەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، ماوەیەکی باش لەباڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا کاری کردووە، لەساڵی (٢٠٠٧)دا کتێبێکی نووسیوە بەنێوی (داهێنانی عێراق) یان (اختراع العراق) و، تیایدا دەڵێت: ( ئێمەی بەریتانیی عێراقمان داتاشیی، ئەگەر نا لەمێژوودا شتێك بەناوی عێراقەوە نەبوو).

سێیەم: شیکردنەوەی وردی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەلایەن یاساناسانەوە، لەگۆشە نیگای یاساییەوە.

چوارەم: وروژاندنی ڕای گشتی بەریتانیی و فەرەنسیی لەبارەی زیانەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە لەسەر کوردو کوردستان.

پێنجەم: پەیوەندییکردن بە باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەی وڵاتانی بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمریکاو ڕووسیا، لەعێراق و هەرێمی کوردستان.

شەشەم : خستنەڕووی ئەو دیکیۆمێنت و نووسین و شیعرو گوتارە کوردییانەی کەلەسەردەمی واژۆکردن و ئاشکرابوونی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆدا نووسراون،وەك هەڵوێست و ڕای دەستەبژێری کوردیی لەو سەردەمەدا.

حەوتەم : زۆر بابەتی دی کەدەکرێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارە ئاماژەی بۆ بکەن .

هەموو ئەم کارانەو هاوشێوەکانیشی دەکرێت لەوەڵامی ئەو پرسیارە هەمیشەیی و بەردەوامە نزیکمان بخەنەوە کەبۆچی تائێستا دەوڵەتی کوردستان دروست نەبووە؟

زۆربەمان زۆرجار گوێ بیستی ئەم پرسیارەی سەرەوە بووینە، کە لە ڕاستیدا زەحمەتە وەڵامێکی کۆنکریتیء تەواوی بۆ بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هۆکارەکان زۆرن کە هەندێکیان ناوخۆییء هەندێکیشیان دەرەکین .

هۆکارە نێوخۆیی و خودییەکان هەرچەندە زۆر بن، دواجار دەتوانرێت لەم چەند خاڵی خوارەوەدا ئاماژە بۆ دیارترینیان بکەین :

یەکەم : ناتەبایی و خودپەرستیی و ململانێ و پەرتەوازەبوونی بەرژەوەندییەکان.

دووەم: ناکاملیی هەست و ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیی .

سێیەم: نەبوونی فەرهەنگی دەوڵەتداریی .

چوارەم: ئامادەنەکردنی زەمینەی سیاسیی وئابووری کۆمەڵایەتی وئاینیی لەبار بۆ پرسی دەوڵەت.

سەبارەت بە هۆکارە نێودەوڵەتییەکانیش، دەتوانین بەلای کەمەوە ئاماژە بەم خاڵانە بکەین :

یەکەم:- دەوڵەتانی جیهان بە بەرژەوەندیی کاردەکەن نەك بەویژدان، بۆیە ئەوسا مەسەلەی ئەرمەنء جولەکە زیاتر لە بەرژەوەندییان بووە هەتا مەسەلەی کورد .

دووەم:- ئەم مەسەلە مرۆییانە لای ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە تەماشا دەکرێت، بۆ نموونە، دارفۆر گرنگە چونکە ئەوان دژی ڕژێمی سودان، ئەمریکا لە دژی (سربیا) دان بە (کۆسۆڤا)دا دەنێت، بەڵام لەبەر دۆستایەتی لەگەڵ (جۆرجیا) دان بە سەربەخۆیی (ئۆسیتیا)دا نانێت.

بەڵام پرسیارە گەورەکە هێشتا ماوە، ئەویش ئەمەیە چۆن لەم سەردەمی کرانەوەو بەیەکگەیشتنەی کوردو جیهاندا، ببینە بەشێك لەبەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم بەئاراستەی یارمەتیدان و پشتگیریی لێکردنمان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان؟

بێگومان فاکتەری دەرەکیی هۆکارێکی سەرەکییە لەم ڕێگەیەدا، بەو مەرجەی هەموومان یەك دەنگ و یەك دەست و یەك دڵ، بەسەرکردایەتیی و هاووڵاتییانەوە، لەدەوری بەرنامەیەکی کۆڕا لەسەر کۆك بین.

بۆ ئەم مەبەستەش لام وایە هەڵمەت و کەمپینی (٢٠١٦) پێویستییەکی هەنووکەییە بەرەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەبێت بزانێت کە (سایکس پیکۆ) و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەسەر ئەم کوردەدا هێناوە؟ ئەوان دەبێت بزانن کە پێکەوە لکاندنی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەسات هێنە**



عەبدولڕەحمان سدیق

# لەبارەی ئایدیۆلۆژیاوە

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



وای لێ هاتووە هەر یەك لە ئێمە هەست بە، نالێم شەرمەزاری، بەڵکو بە لای کەمەوە بە جۆرێك لە ڕاڕایی بکەین لە بەکارهێنانی چەمکی ئایدیۆلۆژیا. خۆ ڕەنگە ئەم شتە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەگەڕێتەوە، کە لێرەو لەوێ، گوێمان لێ دەبێت و دەڵێن سەردەمی ئێمە سەردەمی «مەرگی ئایدیۆلۆژیایە»، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ناوردییەك لە بەکار هێنانی ئێستای چەمکەکەدا هەیە. هەڵبەت ئەم چەمکە لەوەتای پەیدا بووە تەمومژی بە سەرەوەیە، وا دیارە لە ئاکامی ئەو ڕەخنانەی لە لایەن بیرمەندانێکەوە لێی گیرا، کە خاوەن پێگەی شایستەی خۆیان بوون لە هزری هاوچەرخدا، (ئایدیۆلۆژیا) هەموو بەهای خۆی لەدەست دا.

بە هەر حاڵ، زۆربەی ئەو بیرمەندانە خۆیان لە بەکار هێنانی ئەم زاراوەیە بەدوور دەگرن، تەنانەت ئەگەر چەمکی دیکەش لە بری ئەو بەکار بهێنن، کە هێندەش لەوەوە دوور نەبن. ئەم شتە دەکرێ لەبارەی چەمکی «ئەوەی بیری لێ نەکراوەتەوە» لە لای هایدگەر، یان چەمکی «نەست» لە لای فرۆید، یان چەمکی «بت» لە لای نیچە، بگوترێت.

ڕەنگە بشگوترێت، ئەم ڕەخنە یەك لە دوای یەکانە نیشانەی دینامیکی و زیندوویی و توانای بەردەوامە لە بەرگری کردن، خۆ کاتێك چەمکەکە کەم بەکار هێندرا، ئەوا هەمیشە واتاکانی لە هزری هاوچەرخدا ئامادەیە، هەروەها هەمیشە بەسەر هەڵوێست و شرۆڤەی سیاسیدا باڵادەستە. بۆیە ڕەنگە پێویست بکات، بەر لەوەی بڕیار لەبارەی ڕەوایی بەکار هێنانی بدەین، واتاکانی دەست نیشان بکەین و بەدواداچوون بۆ پێکهاتنی بکەین، وەك دیارە، هیچ ڕێگایەکیش بۆ ئەمە نییە، تەنیا بە گەڕانەوە بۆ پەیدا بوون و پەیدۆز کردنی گەشەسەندنی نەبێت.

تا ماوەیەکی باش چەمکەکە هەر بە بارمتەی لێکدانەوەیەکی دیاریکراو مایەوە، لە بنەڕەتیشدا ئەوەی لە دەستنووسی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا هات بوو، کرد بوویە چاوگ. زۆر کەم ئەو لێکدانەوەیە بایەخی بەو نووسینانەی دواتری ئەو دەستنووسە دەدا، کە وەك دەزانین لە ساڵی ١٨٤٥دا نووسراوەتەوە. هەروەها، بە گوزارشتی ئەنگلس، (ئەو دەستنووسە) هەردەم «کەوتبووە بەر ددانی مشك»ەوە، ئەو نووسینانە لە خودی ئەدەبیاتی مارکسیزمدا، یان لە هی دیکەدا، پەیدا بوو، ئیدی ددانی بە ڕۆڵی بیرۆکە لە مێژوودا نا و بایەخ و کارابیشی بۆ سەرخان گێڕایەوە، تەنانەت چاوی بە دیاری کردنی خودی چەمکی ئایدیۆلۆژیاشدا خشاندەوە.

بەڵام ئەوانەی بایەخیان بەم نووسینانە دا، داواشیان کرد ئەو دیاری کردنەی لە دەستنووسی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا هات بوو، تێپەڕێندرێت و بە ڕووی ئەوەی دوای ئەودا کرانەوە هەبێت، تەنیا بەوەی لە نامەکانی (مارکس و ئەنگلس)دا هات بوو بەسی لێ نەکەن، بەڵکو پێگەی فاکتەرەکانی ئایدیۆلۆژیا زیندوو بکەنەوە و ڕۆڵی ئەوان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدی بکەن. هەردوو دامەزرێنەری ماتریالیزمی مێژوویی ڕۆڵێکی دیاریکراویان بە فۆرمەکانی ماف و تیۆرییەکانی سیاسەت و فەلسەفە و باوەڕی ئایینی دا، هەرچەندە ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەش نەبوون. ئەوەی پێی دەگوترێت باوەڕی ئایدیۆلۆژی، وەك ئەنگلس دەڵێ، کار لە ژێرخان دەکات و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراویشدا دەتوانێت کاری لێ بکات و بیگۆڕێت.

شاراوە نییە، ئەم هەڵوەستە کردنە لە ئاست تێبینیی جۆربەجۆری ئەنگلس، لە کۆتاییدا نەبووە مایەی چاو خشاندنەوەیەکی ریشەیی بە چەمکەکەدا، ڕاستە ئەو هەندێك بژاری کرد، بەڵام ئەوەی هەرە گرنگە، ئەو کاری بە ئاڕاستەی چاو خشاندنەوە بەو بنەما فەلسەفیانەدا نەکرد کە ئەویان لە سەر ڕۆنراوە، لە بنەڕەتدا (ئەویش) بە دەوری ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی فەلسەفەی نەریتی بە خودی هزرکەری دەدات، چڕ دەبێتەوە.

> **پێمان وا نییە مرۆڤ بتوانێت ئەمڕۆ قسە لە سەر ئایدیۆلۆژیا بکات بە بێ ئەوەی ئەو بەشدارییە بنەڕەتییەی قەڵاچۆکردنی هایدگەری بۆ چەمکەکانی (براکسیس و لۆگۆس و تەکنیک) ڕەچاو نەکات**

پێویست بوو، بەم ڕەوشەوە، نەك تەنیا بە بژار کردنی چەمکەکە یان کار کردن بۆ فراوان کردنی بەسی لێ بکەین، بەڵکو تێپەڕاندنی سەراپای هەڵوێستی نەریتیانەی مارکسیزم، یان بە لای کەمەوە دووبارە لێکدانەوەی، هەروەها کرانەوە بەرەو دۆخی چەمکەکە لە لای هەندێك لە مارکسیستانی هەنگاری، بە تایبەتیش لۆکاچ، پاشان لە لای گرامشی و بە تایبەتیش لە لای ئەلتۆسیر.

لە پێناوی ئەوەدا، هەر دەبوو فەیلەسووفی مارکسیزم پەیدا ببن، کە کراوە بن بەرەو ڕووی نوێکاریی هزری هاوچەرخدا، بە تایبەتیش ئەوانەی پێیان گوترا «فەلسەفەی سڵەمینەوە»، نەك بۆ بژار کردن و ڕزگار کردنی چەمکەکە، بەڵکو بۆ دەرهێنانی لە کێشەی مارکسیزمی نەریتی، کە نەیتوانی لە فەلسەفەی کۆجیتۆ ڕزگاری ببێت، هەروەها نەیتوانی جووتەکانی میتافیزیکیش هەڵوەشێنێتەوە، بە تایبەتی دووانەی سەرخان/ ژێرخان، هەروەها دووانەی

تیـــۆری/ پراکتیـــك. هەروەهـــا بـــە تایبەتیش نەیتوانی چەمکەکە لە «تیۆریی بەرژەوەندی» جیا بکاتەوە.

پێمـــان وا نییە مرۆڤ بتوانێت ئەمرۆ قســـە لە ســـەر ئایدیۆلۆژیـــا بکات بە بـــێ ئەوەی ئەو بەشـــدارییە بنەڕەتییـــەی قەڵاچۆ کردنی هایدگـــەری بـــۆ چەمکەکانی (براکســـیس و لۆگـــۆس و تەکنیك) رەچاو نـــەکات، هەروەها ئەوەی بە ســـەر فەلســـەفەکانی هەستدا هات لە سەر دەستی خاوەنانی شـــیکاری دەروونیدا، هەروەها ئەو دەردەی بە ســـەر چەمکی راستی (هەقیقەت)دا هات لە سەر دەستی نیچەدا.

ئـــا لێرەدا بەهـــای مەزنی بەشـــدارییەکەی ئەلتۆسیر لەم بوارەدا دەردەکەوێت. لوی ئەلتۆسیر روونـــی کردەوە کە ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت لە لای خودی مارکسیش، هەر وابەستەی تیۆرییەك بوو لەبارەی هۆشیارییەوە، لە بنەڕەتیشدا گرێدراوی تیۆریی بەرژەوەندی بـــوو، هەروەها چەمکێکی دیاری کراو لەبارەی هەقیقەتەوە. ئەوەش دەکرێ وا پوختـــی بکەینەوە کە ئەو هەر وابەســـتەی خودە میتافیزیك و ئەپیســـتمۆلۆژیایەك بوو، کە هێندە لە عەقڵانیزمی ئاسایی لا نادات، بەڵکوو بنەماکانی لـــەوەوە هەڵدەهێنجێت (وەردەگرێت). کەواتە ئەو ئەپیستمۆلۆژیایە پشتی بە کۆجیتۆ بەســـتووە، بـــۆ درك کردن بە واتاکان پشـــت بە راســـتەوخۆیی دەبەســـتێت، خودی هزرکەریش دەکاتە پشتیوانی بوون (هەبوون).

لەم بارەیەوە هێندە بەســـە بگەڕێینەوە ســـەر کتێبێکـــی گرنـــگ کـــە ئەلتۆســـیر کۆمەڵە وتارێکی تێدا بە ناونیشانی «داکۆکی کردن لە مارکس» کۆ کردەوە، بیرمەندی فەرەنســـی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە روونی کردووەتەوە، بەرجەستە بوونەکان (خۆ نواندنەکان)ی ئایدیۆلۆژیـــا پێوەندییـــان بە هۆشـــیارییەوە نییە، ئـــەوان «بابەتگەلێکی کولتوورین درکیان پـــێ دەکرێت و قبووڵ دەکرێن و ئەشـــکیان پێوە دەکێشرێت و تێیاندا دەژین، لە رێی زنجیرەیەکەوە کە لـــە دەســـتیان دەردەپەڕێـــت، کاری خۆی لـــە مـــرۆڤ دەکات». بـــەکار هێنانی پەیڤی «بابەت» لێرەدا، هەوڵێکە لە لایەن فەیلەسووفی فەرەنســـییەوە بۆ ئـــەوەی روونـــی بکاتەوە کە ئایدیۆلۆژیا لە نێو مێشکدا جێگیر نییە، بەڵکوو ئەو، بە گوێرەی دەستەواژەکەی خۆی، ئاستێکە

**ئەلتۆسیر روونی کردەوە کە ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت لە لای خودی مارکسیش، هەر وابەستەی تیۆرییەک بوو لەبارەی هۆشیارییەوە، لە بنەڕەتیشدا گرێدراوی تیۆریی بەرژەوەندی بوو**

لە ئاستەکانی پێکهاتەی جڤاکی، ئەو حاڵەتێکە لە «دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت». وەهمی ئایدیۆلۆژی خۆی لە خۆ نواندن و بەرجەســـتە بوونەکانـــدا مەڵاس نەداوە، بەڵکـــوو لە نێو ئەو پێوەندییەدایە کە ئەو خۆ نواندنانە بەو پەیوەندییانە دەبەستێتەوە، کە خەڵك لە نێو خۆیاندا بە یەکدییەوە گـــرێ دەدات. ئایدیۆلۆژیـــا پەیوەندییەکـــە بە پەیوەندییەکانەوە، ئەو پەیوەندییەکی ســـادە نییە، بەڵکوو پێوەندییەکی تێك هەڵکێشە، پێوەندی بە پێوەندییـــەوە، پێوەندییەك لـــە پلەی دووەمدا، بە گوێرەی گوزارەی خودی ئەلتۆسیر.

تەنانـــەت ئەگەر ئایدیۆلۆژیامان لە چەمکی نەستیش نزیك کردەوە، ئەوا ئەو نەستێکی خاوەن سایکۆلۆژیا نابێت. نەست شوێنێکی تاریکی نێو مێشکمان نییە. نەســـت لێرەدا ئەو بۆشاییە یان ئەو بەرەڵڵاییەیە کە پێکهاتەی جڤاکی سەبارەت بە خۆی (خـــودی) تێدایە. نەســـت هەڵاتنی پێکهاتەی جڤاکییە لە خـــودی خۆی. چونکە پێوەندیگەلی جڤاکی لە راستەوخۆیی خۆیدا لە ژیان نایەت، بەڵکـــوو دوور لە خودی خۆی لە

**ئەلتۆسێر دەڵێ ئەم میکانیزمەی ئایدیۆلۆژیا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە رووی ئەوەی ئەو «چیمەنتۆیەکە رایەڵەکانی کۆمەڵ پێکەوە گرێ دەدات» ناتەبایی (دژبەری) دەکاتە گونجان، جیاوازی دەکاتە جووت بوون، فرەیی دەکاتە یەکبوون**

ژیان دێت. بـــە زمانی نیچە، ئەو رەنگاوڕەنگ و لێکـــدراوە و پێچراوە لە ژیان دێت، واتە ئەو بە راســـتەوخۆیی خۆی نادرێت. ئەم دوورکەوتنەوە یـــان بەرەڵڵاییە، کـــە هێندە هەڵوەســـتە ناکات لە ئاســـت ئەو هەســـت کردنە بەو، کە لە لای ئەندامانـــی کارای کۆمەڵ هەیـــە، ئەوەیە کە دەکـــرێ پێی بڵێین وەهمی ئایدیۆلۆژی. ئەویش وەهمێکە بـــە زەروورەت، وەك فۆکۆ بۆی چوو، گریمانـــەی راســـتییەکی بەرامبـــەر بە خۆی ناکات، نە خودێکیـــش کە ئەوی هەڵگرت بێت، نە ماددەیەکیش کە لە «ژێری»دا بێت، چونکە ئەو لەوە زیاتر نییە کـــە پێکهاتەی جڤاکییە لە جیا بوونـــەوەی لە خۆی، وەك ئـــەوەی بوونی بابەتیانەی هەبێت، ئەو «بابەتگەلە».

پاشـــان میکانیزمی ئایدیۆلۆژی لە ئاســـت داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی ناوەســـتێت، هەر بە وەرگێڕان (هەڵگێڕانـــەوە) و پێوانەوەش قەتیس نامێنێت، بەڵکوو یەکبوون دروست دەکات و جیاوازییش راو دەکات تا بیبەزێنێت. بۆشـــمان

**ئایدیۆلۆژیا توانایەکی لە رادەبەدەرە بۆ رەنگسازی و دەمامکداری و دروست کردنی وەهم، ئەو تەنیا بە شێواندنی بیرۆکەکان و هەڵگێرانەوەی راستییەکان بەسی لێ ناکات. ئەرکەکەشی ئەرکی ئەپیستمۆلۆژی نییە، مادام ئەو میکانیزمێکە بۆ هێنانە ئارای جووت بوون و تێکشکاندنی جیاوازییەکان**

ناکرێ درك بـــە میکانیزمـــی ئایدیۆلۆژی بکەین ئەگـــەر ئێمە لە ژێر بەزینی «تیۆریی بەرژەوەندی»دا ماینەوە. بۆیە ئەلتۆسیر دەڵێ ئـــەم میکانیزمە رۆڵێکی گرنگـــی هەیە لە رووی ئەوەی ئەو «چیمەنتۆیە کە رایەڵەکانی کۆمـــەڵ پێکـــەوە گـــرێ دەدات» ناتەبایی (دژبەری) دەکاتـــە گونجان، جیاوازی دەکاتە جووت بوون، فرەیی دەکاتە یەکبوون.

بـــەم چەشـــنە میکانیزمـــی ئایدیۆلۆژی میکانیزمێکـــی کارایـــە. ئـــەو ئاوێنەیەکی شـــەوقدەری وورووژاو نییـــە، کـــە واقیعـــی کۆمەڵایەتی و ئەوەی تێیدا کار لە یەك دەکات بخاتـــە روو، بەڵکوو ئـــەو فاکتەرێکی دیاری کراوە، چالاکییەکی خورتـــەو، بەرگرییەکی گیان لەسەر دەســـتە. ئایدیۆلۆژیا توانایەکی زەبەلاحە بۆ خۆڕەنگانـــدن و خۆ دەمامکدان، هەروەها توانایەکی لە رادەبەدەرە بۆ رەنگسازی و دەمامکداری و دروســـت کردنی وەهم، ئەو تەنیا بە شێواندنی بیرۆکەکان و هەڵگێڕانەوەی راستییەکان بەســـی لێ ناکات. ئەرکەکەشی ئەرکـــی ئەپیســـتمۆلۆژی نییە، مـــادام ئەو میکانیزمێکـــە بۆ هێنانە ئارای جووت بوون و تێکشکاندنی جیاوازییەکان.

ئەگەر ئێمە بەم واتایە ئایدیۆلۆژیامان بەکار هێنا، ئیدی ئەســـتەمە قسە لەبارەی مەرگی ئەوەوە بکرێت، مادام میکانیزمێکی بنەڕەتییە بۆ داهێنانی «ئەوەی وەك واقیع کار دەکات»، ئـــەوە بە گوێرەی گوزارشـــتی فۆکۆ (elle crée du réel)، یان بۆ ئەفراندنی ئەوەی کار دەکات، وەك کۆمەڵێکی «بنیاد تۆکمە» بە گوێرەی گوزارشتی ئەلتۆسیر. رەنگە ئەوسا ناڕەحەت نەبین لەوەی وەك چەمکێك بەکاری بهێنین، بەڵکـــوو رەنگە تەنانەت بەشـــداری کردنیش(مان) لە گۆڕینی.

*** بیرمەنـــدی مەغریبـــی و ئوســـتادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**